# راپۆرتی چوارەمی
# پرۆژەی پاڵپشتی دادگا
# بۆ ساڵی ٢٠١٠

*ئامادەکردنی راپۆرت : ستافی پرۆژەی پاڵپشتی دادگا*

سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ DHRD

بەهاوکاری رێکخراوی سندوقی پاڵپشتی دیموکراسی NED

٢٠١١

[redacted]

## پێرست


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ٣ |
| بەشی یەکەم : دەستخستنە سەر حاڵەتی پێشێلکاریەکان لەدادگاکانی لێکۆڵینەوە | ٥ |
| بەشی دووەم : دەستخستنە سەر حاڵەتی پێشێلکاریەکان لەدادگا سزاییەکاندا | ٤٣ |
| بەشی سێهەم: دەستخستنە سەر پێشێلکارییەکانی دادگا مەدەنیەکان (بەرایی و باری کەسێیەتی و باری شارستانی | ٥٧ |
| بەشی چوارەم : دەستخستنە سەر پێشێلکارییەکانی دادگای تەمیزی هەرێمی کوردستان) | ٧٥ |
| بەشی پێنجەم:  دەستخستنە سەر حاڵەتەکانی پێشێلکاریی لەفەرمانگەکانی جێبەجێکردن سلێمانی و هەولێر و دهوک | ٧٨ |
| پێشنیارەکان | ٨٢ |

# پێشەکی

لەچوارچێوەی پرۆژەی پاڵپشتی دادگا، سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ DHRD بەهاوکاری ڕێکخراوی سندوقی پاڵپشتی دیموکراسی NED ساڵی چوارەمی پرۆژەکەی لەهەرێمی کوردستاندا بەئەنجام گەیاند، و بەمەش پرۆژەکە پێدەنێتە ساڵی پێنجەمەوە، لەڕوانگەی بڕوابوونی تەواومان بەسەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و سەربەخۆبوونی دادگاکان و دەستنەخستنە ناو کاروباری دادگاکان و سەروەریبوونی یاسا و هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی متمانەی تەواوی هاوڵاتیان بەدەسەڵاتی دادگاکان و سەروەری یاسا، سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ DHRD چوارەم راپۆرتی خۆی بۆ ساڵی ٢٠١٠ لەچوارچێوەی پرۆژەکەدا دەخاتە ڕوو، بەدەستخستنە سەر ئەو پێشێلکاریانەی کەلەساڵی ٢٠١٠دا ئەنجامدراون لەدژی سەروەری یاسا و مافەکانی مرۆڤ و تۆمەتباران، سەرەڕای بوونی کۆمەڵێک کێشە و لەمپەر لەبەردەم بەدەستهێنانی زانیارییەکان و کۆکردنەوەی داتاکان کەنەتوانرا بەتەواوەتی هەموو پێشێلکارییەکان تۆمار بکرێت، بەڵام بەهۆی هاوکاری و پاڵپشتی ژمارەیەک لەدادوەران و جێگرانی داواکاری گشتی و پارێزەران و مافناسان، کەبوونە هۆی ئاسانکردنی کارەکانمان و توانرا ئەو پێشێلکاریانە تۆمار بکرێت کەدەبێتە هۆی لەمپەر و ئاستەنگ درووستکردن لەبەردەم سەروەری یاسا و سەربەخۆیی تەواوی دەسەڵاتی دادوەری و گەڕاندنەوەی متمانەی تەواوی هاوڵاتیان بەدەسەڵاتی دادگاکان بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکانیان.

ئامانج لەم راپۆرتە بریتییە لەکۆکردنەوە و دەستنیشانکردن و خستنەڕووی ئەو پێشێلکاری و دەستدرێژیانەی کەدەکرێنە سەر مافەکانی مرۆڤ و تۆمەتباران لەقۆناغی لێکۆڵینەوە و دادگایکردندا و لابردنی لەمپەرەکانی بەردەم دەسەڵاتی دادوەری، کە وادەکات هەندێک کەس و دامەزراوە لەسەرو دەسەڵاتی یاساوە خۆیان ببیننەوە، هەروەها سەربەخۆیی تەواوی دەسەڵاتی دادوەری و چەسپاندنی حکومی یاسا و پەرەپێدان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و تۆمەتباران و گەڕاندنەوەی متمانەی تەواوی  هاوڵاتیان بەدەسەڵاتی دادگاکان لەئامانجەکانی ئەم

راپۆرتەیە هەروەها ئەیەوێت هەڵوێستە لەسەر ئـەو پێشـێلکاریانە بکـات و هـەوڵی ئەوەبدات لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان چارەسەری ئەو گرفتانە بکرێت کەبوونەتە هۆی سەروەرنەبوونی تـەواوی یاسـا و دەسـەڵاتی دادوەری نـەتوانێت بەتـەواوی بەئەرکی خۆی هەڵبسێت.

بەشـێکی تـر لەچـالاکییەکان بریتیبـوو لـە کردنـەوەی سـایتێکی ئەلـەکترۆنی بەناونیشانی پاڵپشتی دادگا، بەم ناونیشـانە www.dhrd.info وە بڵاوکردنـەوەی کار و چالاکییەکانی رێکخراوەکە و هەموو راپۆرتەکانی پرۆژەی پاڵپشـتی دادگـا و چالاکییەکانی تێدا بلاو کراوەتە، ئەمە جگە لەبڵاوکردنەوەی چەندەها کتێـب و وتـار و توێژینەوەی یاسایی لەبوارە جیاجیاکان و بڵاو کردنەوەی بەشێک لـەبڕیارەکانی دادگای تەمیزی هەرێمی کوردستان و ئەو بڕیارانەی کەلەدادگاکانی تێهەڵچونەوەی سلێمانی و دهۆک بەسیفەتی تەمیزی دەرکراوە.

لەماوەی ساڵی ٢٠١٠ توانرا ٨٧٢ حاڵـەتی پێشـێلکاری دژی سـەروەری یاسـا و مافەکانی تۆمەتباران تۆمار بکرێت، کەلەم راپۆرتـەدا بـۆ پێـنج بـەش دابەشـکراوە، کەلـەقۆناغی لێکۆڵینـەوە و دادگـایکردن و دادگـا مەدەنییـەکان و دادگـای تـەمیزی هـەرێمی کوردســتان و فەرمانگـەکانی جێبـەجێکردن دەسـتی خراوەتـە سـەر، لەبەرئـەوەی سـەرۆکایەتی دادگـای تێهەڵچـونەوەی ناوچـەی هـەولێر رەزامەنـد نەبوون لەسەر پێدانی ئاماری دوا تۆمارکراوەکان و داوا یەکلانەکراوەکان بۆ ساڵی ٢٠١٠ بەبیانوی ئەوەی ئێمە بەکاریدەهێنین بۆ مەبەسـتێکی رێکخراوەکـەمان، بۆیـە نەمانتوانی بەراورد بکـەین لـەنێوان رێـژەی پێشـێلکارییە تۆمارکراوەکـان و کـۆی داواکانی نـاو دادگاکـان، چـەند داوا لـەو دادگایانە کۆتاییـان هـاتووە و چـەندیش ماونەتەوە کەکۆتاییان نەهاتووە.

جێگـەی ئامـاژە پێدانـە سوپاسـی خۆمـان ئاراسـتەی سـەرۆکایەتی دادگـای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی و دهۆک بکەین، کەهاوکاری تەواویان کردین بۆ سەرخستنی ئەم پرۆژەیە.

**سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ**

## (بەشی یەکەم)
## دەستخستنە سەر حاڵەتەکانی پێشێلکاری لەدادگاکانی لێکۆڵینەوە :-

لەماوەی ساڵی ٢٠١٠دا توانیمان ٤١٦ (چوارسەدوو شانزە)حاڵەتی پێشێلکاری تۆمار بکەین لەدژی سەروەری یاسا و مافەکانی تۆمەتباران لەدادگاکانی لێکۆڵینەوەی شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهوک، وە حاڵەتەکەنیش بەم شێوەیەی لای خوارەوە پۆلێن دەکەین:-

١- مانەوەی تۆمەتبارانی ڕاگیراو بۆ ماوەی دوور ودرێژ لەقۆناغی لێکۆڵینەوەدا لەچاوەڕوانی دیاریکردنی چارەنوسیان بەهەواڵەکردنیان بۆ دادگا تایبەتمەندەکان.

٢- کەمتەرخەمی و گوێپێنەدان لەجێبەجێکردنی ڕێوشوێنە یاسایی و بڕیارەکانی دادوەرانی لێکۆڵینەوە لەلایەن بەرپرسانی لیکۆڵینەوەی پۆلیس و ئاسایش.

٣-جێبەجێنەکردنی بڕیاری دادگاکانی لێکۆڵینەوە لەلایەن دامودەزگا حکومی و پارتە سیاسی و کۆمپانیا ئەهلی و کەمتەرخەمی لەجێبەجێکردنیاندا.

٤- پێشێلکردنی سەروەری یاسا وکەمی شارەزایی یاسایی لەلایەن هەندێک لەدادوەرانی لێکۆڵینەوە.

٥- دەستخستنە ناو کاروبار و ڕێوشوێنەکانی لێکۆڵینەوە لەلایەن هەندێک لەئەفسەرانی لێکۆڵینەوەی پۆلیس و ئاسایش.

٦- پێشێلکردنی مافی تۆمەتباران بۆ بەرگریکردن لەخۆیان پێچەوانەی بنەمای (مافی بەرگریکردنی ڕەوا).

٧- بەکارهێنانی توندوتیژی وئەشکەنجەدان لەدژی تۆمەتباران و دەستگیرکردنی ناشەرعی هاوڵاتیان لەلایەن کارمەندانی پۆلیس و ئاسایشەوە.

٨-چەند حاڵەتێکی پێشێلکاری جۆراوجۆر.

### یەکەم:-

## مانـــەوەی تۆمـــەتبارانی ڕاگیـــراو لەگرتووخانـــەکانی پـــۆلیس و ئاسایشدا بۆماوەی دوور ودرێژ لەقۆناغی لێکۆڵینەوەدا

ئەو حاڵەتانەی کەدەستنیشانکراون لەفۆرمـەکانی چـاودێریکردندا ئامـاژە بـەوە دەدەن کەتۆمەتبارانی ڕاگیراو بۆ ماوەی دوور ودرێژ لەنێوان (سێ سـاڵ وحـەوت مانگ بۆ چوارمانگ) تاکو بەرواری رەصدکردنیان لەقۆناغی لیکۆڵینەوەدا دەمێننەوە لەگرتووخانـــەکانی پـــۆلیس و ئاسایشـــی هـــەرێمی کوردســـتان لەچـــاوەڕوانی دیـــاریکردنی چارەنووســـیان بەهەواڵـــەکردنیان بـــۆ دادگـــا تایبەتمەنـــدەکان یـــان ئازادکردنیان بەکەفالەت،

حاڵەتە تۆمارکراوەکان بەم شێوەیەی لای خوارەوە بوون:

| ژ | نـــــاوی بەندکراو | مادەی یاسایی | بـــــەرواری ڕاگرتن | لایەنی لێکۆڵینەوە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ا. ن . ع | ٤٠٦ ی.س.ع | ٢٠٠٦/١٠/١ | پۆلیسی خەبات – هەولێر |
| ٢ | غ . س . ع | ٤٠٦ ی.س.ع | ٢٠٠٧/٨/٣ | ن . کوشتن – هەولێر |
| ٣ | ع . ع . م | ٣٣٣ ی.س.ع | ٢٠٠٨/٨/٣ | پۆلیسی ئازادی – هەولێر |
| ٤ | م . ک . م | ٤٤١ ی.س.ع | ٢٠٠٨/١/٢١ | ن . ئوتومبیل – هەولێر |
| ٥ | ف . ع . ص | ٤٠٦ ی.س.ع | ٢٠٠٨/٢/١١ | پۆلیسی کەسنەزان |
| ٦ | ل . ح . م | ١یاســــــــای ژمارە(٨)ساڵی١٩٩٢ | ٢٠٠٧/١٢/١٣ | ئاسایشی گشتی – هەولێر |
| ٧ | ش . ا . م | ٤٠٦ ی.س.ع | ٢٠٠٧/١٠/٢٣ | ئاسایشی گشتی – هەولێر |
| ٨ | ا . ا . ا | ٤٠٦ ی.س.ع | ٢٠٠٧/٨/٢٨ | ئاسایشی گشتی – هەولێر |
| ٩ | ی . م . ع | ٤٠٦ ی.س.ع | ٢٠٠٧/٨/٢٨ | ئاسایشی گشتی – هەولێر |
| ١٠ | ع .م . س | ٣ یاسای دژە تیرۆر | ٢٠٠٩/١١/١٦ | ئاسایشی گشتی –هەولێر |
| ١١ | م .ع . ع | ١٠یاسای دژە تیرۆر | ٢٠٠٩/١٠/٥ | ئاسایشی گشتی –هەولێر |
| ١٢ | خ . ر. س | ١٠ یاســــای دژە | ٢٠٠٩/٩/١٦ | ئاسایشی گشتی –هەولێر |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | تیرۆر | | |
| ١٣ | ح . م . ک | ٣ یاسای دژە تیرۆر | ٢٠٠٩/١٢/٨ | ئاسایشی گشتی –هەولێر |
| ١٤ | ن . ع . ص | ٤٠٦ ی.س.ع | ٢٠٠٨/٥/٢١ | پۆلیسی قوشتەپە |
| ١٥ | ک . م . ا | ٤٠٦ ی.س.ع | ٢٠٠٨/٦/١٩ | ن . کوشتن – هەولێر |
| ١٦ | س . م . ق | ٤٠٦ ی.س.ع | ٢٠٠٨/٧/٧ | ن . کوشتن – هەولێر |
| ١٧ | ا . ح . ح | ٤٠٦ ی.س.ع | ٢٠٠٨/٨/٧ | ن . کوشتن – هەولێر |
| ١٨ | ش . ص . م | ٣٧٧ ی . س . ع | ٢٠٠٨/٨/١٠ | پۆلیسی هەولێر |
| ١٩ | ع . ش . ع | ٤٠٦ ی.س.ع | ٢٠٠٨/٩/٢٢ | پۆلیسی کەسنەزان |
| ٢٠ | س . خ . خ | ٤٠٦ ی.س.ع | ٢٠٠٨/٩/٢٣ | پۆلیسی ڕزگاری هەولێر |
| ٢١ | ز . د .ش | ٤٤٤ ی . س . ع | ٢٠٠٨/١١/٢٦ | ن . ڕۆژئاوا هەولێر |
| ٢٢ | ز . ق .ش | ٤٠٦ ی.س.ع | ٢٠٠٨/١٢/٢ | ن . کوشتن – هەولێر |
| ٢٣ | | ٤٠٦ ی.س.ع | ٢٠٠٨/١٢/٢ | ن . کوشتن – هەولێر |
| ٢٤ | ف . ا . خ | ٣ یاسای دژە تیرۆر | ٢٠٠٩/١١/١٦ | ئاسایشی گشتی - هەولێر |
| ٢٥ | م . ح . خ | ٣ یاسای دژە تیرۆر | ٢٠٠٩/٨/١ | ئاسایشی گشتی - هەولێر |
| ٢٦ | ص . خ . د | ٣ یاسای دژە تیرۆر | ٢٠٠٩/١٠/١٢ | ئاسایشی گشتی - هەولێر |
| ٢٧ | ز . خ . ع | ٣ یاسای دژە تیرۆر | ٢٠٠٩/١١/١٢ | ئاسایشی گشتی - هەولێر |
| ٢٨ | ح . م . خ | ٣ یاسای دژە تیرۆر | ٢٠٠٩/١٢/١٧ | ئاسایشی گشتی - هەولێر |
| ٢٩ | ع . م | ٣٠٢ ی . س . ع | ٢٠٠٩/١٢/٢٠ | ئاسایشی گشتی - هەولێر |
| ٣٠ | م . ک | ٣٠٢ ی . س . ع | ٢٠٠٩/١٢/٢٠ | ئاسایشی گشتی - هەولێر |
| ٣١ | ف . م . ع | ٢٨١ ی.س.ع | ٢٠٠٩/١١/١٥ | ئاسایشی گشتی - هەولێر |
| ٣٢ | م . ف . م | ٢٨١ ی.س.ع | ٢٠٠٩/١١/١٥ | ئاسایشی گشتی - هەولێر |
| ٣٣ | ا . م . ا | ٢٨١ ی.س.ع | ٢٠٠٩/١١/١٥ | ئاسایشی گشتی –هەولێر |
| ٣٤ | ک . م | ٢٨١ ی.س.ع | ٢٠٠٩/١١/١٥ | ئاسایشی گشتی –هەولێر |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٥ | ر . ا . ج | ٢٩٨ ی.س.ع | ٢٠٠٩/٧/٢٤ | ئاسایشی گشتی –هەولێر |
| ٣٦ | ح . ف . ک | ٢٨١ ی.س.ع | ٢٠٠٩/١٠/١٥ | ئاسایشی گشتی –هەولێر |
| ٣٧ | ص . ا | ٣ یاسای دژە تیرۆر | ٢٠٠٩/١٢/٢٨ | ئاسایشی گشتی –هەولێر |
| ٣٨ | ح . ف . ع | ٢٨١ ی.س.ع | ٢٠٠٩/١٢/٧ | ئاسایشی گشتی –هەولێر |
| ٣٩ | ع . م . م | ٤٠٦ ی.س.ع | ٢٠٠٩/١/٧ | ن . کوشتن – هەولێر |
| ٤٠ | ی . ر . م | ٤٠٦ ی.س.ع | ٢٠٠٩/١/٢٤ | ن . کوشتن – هەولێر |
| ٤١ | م . ت . م | ٤٠٦ ی.س.ع | ٢٠٠٩/٤/٢ | ن . کوشتن – هەولێر |
| ٤٢ | ع . خ . خ | ٣/٤٤٣ ی.س.ع | ٢٠٠٩/٤/٥ | ن .خەبات |
| ٤٣ | ه . ق . م | ٤٢٢ ی.س.ع | ٢٠٠٩/٤/٢٠ | ن . باکور . هەولێر |
| ٤٤ | ر . ف . م | ٤٠٥ ی . س . ع | ٢٠٠٨/١١/٢٢ | ن . ڕۆژئاوا هەولێر |
| ٤٥ | ک . ص . ا | ٤٢٢ ی.س.ع | ٢٠٠٩/٤/٢٩ | ن . باکور . هەولێر |
| ٤٦ | ع . ع . ع | ٤٠٦ ی.س.ع | ٢٠٠٩/٥/٢ | ن . کوشتن – هەولێر |
| ٤٧ | م . س . ق | ٤٤٤ ی . س . ع | ٢٠٠٩/٥/١٢ | ن . ڕۆژهەڵات – هەولێر |
| ٤٨ | ع . ع . م | ٤٠٦ ی.س.ع | ٢٠٠٩/٥/٢١ | پۆلیسی بەحرکە |
| ٤٩ | ل . ح . خ | ٤٠٦ ی.س.ع | ٢٠٠٩/٥/٢٦ | ن . کوشتن – هەولێر |
| ٥٠ | س . ن . خ | ٤٠٦ ی.س.ع | ٢٠٠٩/٥/٢٦ | ن . کوشتن – هەولێر |
| ٥١ | ح . ع . ح | ٤٠٦ ی.س.ع | ٢٠٠٩/٥/٣٠ | پۆلیسی شاویس |
| ٥٢ | ص . ر . م | ٤٠٥ ی.س.ع | ٢٠٠٩/٦/٩ | پۆلیسی دارە توو |
| ٥٣ | د . ع . ا | ٤٤٣ ی . س . ع | ٢٠٠٩/٦/٢٥ | ن . ناوەڕاست– هەولێر |
| ٥٤ | ف . ف. س | ٤٤٣ ی . س . ع | ٢٠٠٩/٦/٢٥ | ن . ناوەڕاست– هەولێر |
| ٥٥ | د . ا . س | ٤٠٦ ی.س.ع | ٢٠٠٩/٧/١٢ | ن . کوشتن – هەولێر |
| ٥٦ | ک . ک . ج | ٤٠٦ ی.س.ع | ٢٠٠٩/٧/٢١ | ن . کوشتن – هەولێر |
| ٥٧ | م . ع . ب | ٤٠٦ ی.س.ع | ٢٠٠٩/٧/٣٠ | پۆلیسی قوشتەپە |
| ٥٨ | د . ح . ص | ٤٠٦ ی.س.ع | ٢٠٠٩/٨/٩ | ن . هەریر |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٥٩ | ش . ح . ر | ٤٠٦ ى.س.ع | ٢٠٠٩/٨/١٩ | پۆلیسی باسرمە |
| ٦٠ | ح . م . م | ٤٥٩ ى.س.ع | ٢٠٠٩/٨/٢٥ | پۆلیسی عەنکاوە |
| ٦١ | ع . ح . ص | ٤٠٦ ى.س.ع | ٢٠٠٩/٨/٣٠ | پۆلیسی دارە توو |
| ٦٢ | خ . ا . ع | ٤٤٣ ى.س.ع | ٢٠٠٩/٩/٢ | پۆلیسی خەبات |
| ٦٣ | خ.ع . ا | ٤٠٦ ى.س.ع | ٢٠٠٩/٩/٢ | ن . كوشتن – هەولێر |
| ٦٤ | چ . ح . ژ | ٤٠٦ ى.س.ع | ٢٠٠٩/٩/٣ | پۆلیسی خەبات |
| ٦٥ | س . ح . م | ٤٢١ ى.س.ع | ٢٠٠٩/٩/٨ | پۆلیسی خەبات |
| ٦٦ | ش . س . ع | ٤٠٦ ى.س.ع | ٢٠٠٩/٩/٩ | پۆلیسی سۆران |
| ٦٧ | ا . ش . ا | ٢٨٩ ى . س . ع | ٢٠٠٩/٩/١٧ | پۆلیسی شاویس |
| ٦٨ | ش .ص. ص | ٤٤٣ ى.س.ع | ٢٠٠٩/٩/١٧ | پۆلیسی دارە توو |
| ٦٩ | ک . ا . ح | ٤٠٦ ى.س.ع | ٢٠٠٩/٩/١٧ | ن . كوشتن – هەولێر |
| ٧٠ | د . د . م | ٤٤٢ ى . س . ع | ٢٠٠٩/٩/٢٨ | پۆلیسی قوشتەپە |
| ٧١ | ش . ش . ق | ٤٤٢ ى.س.ع | ٢٠٠٩/٩/٢٨ | پۆلیسی قوشتەپە |
| ٧٢ | خ . ر . س | ٤٠٦ ى.س.ع | ٢٠٠٩/١٠/٥ | پۆلیسی بەستۆرە |
| ٧٣ | ا . خ . ع | ٤٠٦ ى.س.ع | ٢٠٠٩/١٠/٦ | پۆلیسی دارە توو |
| ٧٤ | ک . م . ش | ٢٨٩ ى.س.ع | ٢٠٠٩/١١/٣ | پۆلیسی خەبات |
| ٧٥ | د . ت . ع | ٤٠٦ ى.س.ع | ٢٠٠٩/١١/٥ | پۆلیسی شەمامک |
| ٧٦ | ع . ت . ع | ٤٠٦ ى . س . ع | ٢٠٠٩/١١/٥ | پۆلیسی شەمامک |
| ٧٧ | ف . ص . م | ٣٧٦ ى . س . ع | ٢٠٠٩/١١/٩ | پۆلیسی سۆران |
| ٧٨ | ز . م . ع | ١٤ مخدرات | ٢٠١٠/١/١٤ | ئاسایشی هەولێر |
| ٧٩ | ر . ع . ع | ١٤ مخدرات | ٢٠١٠/١/١٤ | ئاسایشی هەولێر |
| ٨٠ | م . ص . ک | ١٤ مخدرات | ٢٠١٠/١/١٤ | ئاسایشی هەولێر |
| ٨١ | ە . ک . ا | ١٤ مخدرات | ٢٠١٠/١/١٤ | ئاسایشی هەولێر |
| ٨٢ | ز . ح . پ | ١٤ مخدرات | ٢٠١٠/١/١٤ | ئاسایشی هەولێر |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٨٣ | ب . ف . ح | ١٤ مخدرات | ٢٠١٠/١/١٤ | ئاسایشی هەولێر |
| ٨٤ | ڕ . خ . ع | ١٤ مخدرات | ٢٠١٠/٢/١٢ | ئاسایشی هەولێر |
| ٨٥ | ن . ا . ع | ١٤ مخدرات | ٢٠١٠/٢/١٢ | ئاسایشی هەولێر |
| ٨٦ | ه . م . ح | ١٤ مخدرات | ٢٠١٠/٢/١٢ | ئاسایشی هەولێر |
| ٨٧ | ع . م . م | ١٤ مخدرات | ٢٠١٠/١/١٤ | ئاسایشی هەولێر |
| ٨٨ | ف . ف . ل | ٢ یاسای ژمارە ٦ ساڵی ٢٠٠٦ | ٢٠٠٩/٢/٢٢ | ئاسایشی هەولێر |
| ٨٩ | ح . ف . ع | ٢٨١ ی.س.ع | ٢٠٠٩/١٢/٧ | ئاسایشی هەولێر |
| ٩٠ | ص . ا | ٣ یاسای دژە تیرۆر | ٢٠٠٩/١٢/٢٨ | پۆلیسی شاویس |

**دووەم:**

## کەمتەرخەمی و گوێپێنەدان لە جێبەجێکردنی بڕیاری دادوەرانی لێکۆڵینەوە لەلایەن بەرپرسانی لێکۆڵینەوەی پۆلیس و ئاسایش.

١٠١ سەد و یەک فۆرمی دەستنیشانکردنی پێشێلکاریەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە کەمتەرخەمی و گوێپێنەدانێکی زۆر هەیە لە جێبەجێنەکردنی بڕیاری دادوەرانی لێکۆڵینەوە لەلایەن بەرپرسانی لێکۆڵینەوەی پۆلیش و ئاسایشەوە، کە ئەمەش بۆتە هۆکارێک بۆ درەنگ یەکلاییکردنەوەی دۆسیەکان و پارێزگاری نەکردن لەسەروەری یاساو پێشێلکردنی یاسا بەرکارەکان تاکو بەرواری ڕەصدکردنەکانیان لە ساڵی ٢٠١٠ ، هەندێک لەو حاڵەتانە بەم شێوەیەی خوارەوە بوون:-

| ژ | ژمارەی دۆسیە | ماددەی یاسایی | بڕیاری جێبەجێنەکراو-پشتگوێخراو بەروارەکەی | لایەنی لێکۆڵینەوە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠٠٢/٤٢١ | ٤٥٧ ی.س.ع | لە٣٠-٦-٢٠٠٢ بڕیاری دەستگیرکردنی تۆمەتبار دەرچوە بەڵام تاکو ٢٣-٨-٢٠١٠ واتە پاش هەشت ساڵ و پەنجاو سێ رۆژ دەستگیرنەکراوە | پۆلیسی ئەزمەر- سلێمانی |
| ٢ | ٢٠٠٧/١١ | ٤٠٦ی.س.ع | لە ٢١-١٢-٢٠٠٦بڕیاری دەستگیرکردنی تۆمەتبار دەرچووە | نوسینگەی کوشتن - هەولێر |
| ٣ | ٢٠٠٨/١٩ | ٤٠٦ی.س.ع | لە ١٨-٤-٢٠٠٨بڕیاری دەستگیرکردنی تۆمەتباردا دەرچووە | نووسینگەی کوشتن - هەولێر |
| ٤ | ٢٠٠٤/٨٦٢ | ٤١٣ی.س.ع | لە ١٥-١١-٢٠٠٤بڕیاری ئامادەکردنی تۆمەتبار دراوە و پاش زیاتر لە (٥) پێنج ساڵ جێبەجێ نەکراوە. | پۆلیسی سەیوان - سلێمانی |
| ٥ | ٢٠٠٧/١٤٨ | ٢٨٩و ٢٩٨ ی.س.ع | لە مانگی ٧-٢٠٠٩ پەراوەکەی فەرامۆش کراوەو هیچ هەنگاوێکی لێکۆڵینەوەی تیادا ئەنجام نەدراوە | نووسینگەی رۆژهەلات - هەولێر |
| ٦ | | ٢٨٩و | لە ٢٦-٩-٢٠١٠ | نووسینگەی |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | ٢٩٨ی.س.ع | بڕیاری دەستگیرکردنی تۆمەتبار دەرچووە | ڕۆژهەلأت – هەولێر |
| ٧ | ٢٠١٠/٤٠٦ | ٤ی یاسای (البغاو) | لە ١٩-١٠-٢٠١٠ دادوەر بڕیاری داوەبەجیاکردنەوە و هەوالەکردنی دۆسیەکە بۆدادگای تایبەتمەند بەلأم تاکو ٢٠١٠/١٢/٥ش جێبەجێنەکراوە. | پۆلیسی ئازادی سلێمانی |
| ٨ | ١٠٧٦/ ٢٠٠٩ | ٤٣٠ی.س.ع | لە ١٥-١١-٢٠٠٩دەمانچەیەک نێردراوە بۆ نووسینگەی تاقیگەی تاوان لە هەولێر لە ٧-٢-٢٠١٠ وەلأمی گەیشتۆتەوە بە دادگا | بەختیاری سلێمانی |
| ٩ | ٢٠٠٨/٢٥٤ | ٤٥٦ی.س.ع | ئەم دۆسیەیە بۆ ماوەی دوو ساڵ زیاترە لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدایە هێشتا یەکلایینەکراوەتەوە بەهۆی کەمتەرخەمیەوە | پۆلیسی تەیراوە – هەولێر |
| ١٠ | ١٢٧٤/ ٢٠٠٩ | ٢٣ یاسای هاتووچۆ | لە ١٦-١٢-٢٠٠٩ بڕیاردراوە بە ئاوّاستەکردنی نووسراو بۆ شارەوانی سلێمانی بەلأم دۆسیەکە هیچی تیادانەکراوە | بەختیاری – سلێمانی |
| ١١ | ٢٠٠٧-٣٥ | ٢٨٩ی.س.ع | لە ١١-٨-٢٠٠٧ لێکۆڵینەوەی تیادا ئەنجام دراوە تاکو ٣١-١٢-٢٠٠٩ | پۆلیسی نەهێشتنی تاوانی ڕۆژئاوا |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | ئینجا کێشەکە یەکلاییکراوەتەوە بەهۆی کەمتەرخەمییەوە | – هەولێر |
| ١٢ | ٢٠٠٨/٣٧٩ | ٢٣ی یاسای هاتووچۆ | لە ٢١-١٠-٢٠٠٨ بریاری وەرگرتنی راپۆرتی پزیشکی کۆتایی دراوە بەڵام لە ١٧-١-٢٠١٠ وەڵامەکەی خراوەتە بەردەمی دادگا | پۆلیسی بەختیاری – سلێمانی |
| ١٣ | ٢٠١٠/٤٢ | ٢٦٠ ی.س.ع | لە ١٤-١-٢٠١٠ سەرجەم هەنگاوەکانی لێکۆڵینەوە تەواو بووە بەڵام دوای هەشت مانگ دەخرێتە بەردەمی دادوەر | ئاسایشی سلێمانی |
| ١٤ | ١٢٣٩/ ٢٠٠٨ | نیەتی | ئەم پەراوە لە ٥-١١-٢٠٠٨ تاکو ٢٤-٣-٢٠١٠ هیچ رێوشوێنێکی تیادا ئەنجام نەدراوە لە ٢٥-٣-٢٠١٠ دادوەر بریاری داوە ئە ئاگادارکردنی داواکاری گشتی بۆ جولاندنی داوای یاسایی لە دژی لێکۆلەری پۆلیس بەڵام تاکو ١٥-٤-٢٠١٠ جێبەجێنەکراوە | پۆلیسی بەختیاری – سلێمانی |
| ١٥ | ٢٠٠٩/٨٤٤ | ٢٣ی هاتووچۆ | لە ١٦-٨-٢٠٠٩ ئاگاداری هاتووچۆی سلێمانی کراوە بۆ کردنی هێلکاری شوێنی رووداو – پەراوەکە لە ١٣-٨- | پۆلیسی بەختیاری – سلێمانی |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | ٢٠٠٩ تاكو ١٨-١٠-٢٠٠٩ هيچی تيادا نەكراوە | |
| ١٦ | ٢٠٠٥/٧١٨ | ٤٣٣ی.س.ع | لە ١٩-١١-٢٠٠٦ بڕياری دەستگيركردنی تۆمەتبار دراوە كە بريكاری وەزارەتی پەروەردەی پێشووە لە سلێمانی | بەختياری – سلێمانی |
| ١٧ | ٢٠٠٨/٢٦٥ | ٤١٥ی.س.ع | لە ٨-٧-٢٠٠٨ پەراوەكە هيچ ڕێوشوێنێكی تيادا ئەنجام نەدراوە تاكو ٧-١٠-٢٠٠٩ | پۆليسی بەختياری – سلێمانی |
| ١٨ | ٢٠٠٩/٩٤٥ | ٤٣٥ی.س.ع | لە ٦-١٠-٢٠٠٩ بڕياری دەستگيركردنی تۆمەتبار دەرچووە | پۆليس سەيوان – سلێمانی |
| ١٩ | /١٠٠٠ ٢٠٠٩ | ٢٣ی ياسای هاتووچۆ | لە ١-٢-٢٠١٠ دادوەر بە بڕياری داواكە نووسراوی بەڕێوەبەرايەتی هاتووچۆی گشتی بغداد بە ژمارە (٥٥٣٤٠) لە ٣١-١٢-٢٠٠٩ پەيوەستی پەراوەكە بكرێت كە بە مانگێك وەڵامی هاتۆتەوە لەبەغداوە بەڵام لە ٢٦-٥-٢٠١٠ بڕيارەكەی دادوەر جێبەجێ دەكرێت واتە دوای نزيكەی ٤مانگ | پۆليسی بەختياری سلێمانی |
| ٢٠ | ٢٠٠٩/٣٢٣ | ٤٣٤ی.س.ع | لە ١١-٦-٢٠٠٩ داوا لە | پۆليسی |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | پۆلیسی سەرچنار کراوە کە ئایا هەمان کێشە لەلایەن تۆمارکراوە یان نا بەڵام تاکو(١٠-١٢-٢٠٠٩)یش وەڵامیان نەداوەتەوە | بەختیاری – سلێمانی |
| ٢١ | نیەتی | ٤٣٥ی.س.ع | لە ١٤-١٢-٢٠٠٧فەرمانی دەستگیرکردنی تۆمەتبار دەرچوە بەڵام تاکو (٢٤-١-٢٠١٠)ش جێبەجێنەکراوە | پۆلیسی بەختیاری – سلێمانی |
| ٢٢ | ٢٠٠٩/٥٧٣ | ٢٣ هاتووچۆ | لە ٢١-٧-٢٠٠٩ دادوەر بڕیاری داوە بە کەشف و هێڵکاری شوێنی ڕووداو بەڵام (تاکو ٥-١-٢٠١٠)ش ئەنجام نەدراوە | پۆلیسی بەختیاری – سلێمانی |
| ٢٣ | ٢٠٠٩/٤٠٩ | ٤٣٢ ی.س.ع | لە ٩-٤-٢٠٠٩تاکو ٢٠-١٢-٢٠١٠ هیچ ڕێوشوێنێک جێبەجێنەکراوە لە دژی تۆمەتبار | پۆلیسی بەختیاری سلێمانی |
| ٢٤ | ٢٠٠٨/٥٧٢ | ٤٣ی.س.ع | پۆلیسی هەڵەبجە ئامادەنینن کە تۆمەتبار دەستگیربکەن تاکو ١٣-١٢-٢٠٠٩ | پۆلیسی بەختیاری سلێمانی |
| ٢٥ | نیەتی | ٢٤٠ ی.س.ع | لە ٢-٩-٢٠٠٩ بڕیاری دەست بەسەرداگرتنی ئۆتۆمبێلێک دراوە بەڵام | پۆلیسی بەختیاری سلێمانی |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | تاکو(٣-١-٢٠١٠)دا جێبەجێنەکراوە | |
| ٢٦ | ١٠٤٩/ ٢٠١٠ | ٢١ی هاتووچۆ | لە ١٨-١٠-٢٠١٠بڕیاردراوە بە ناردنی تۆمەتبار بۆ پشکنینی سەبارەت بە زانینی ڕێژەی ماددەی کهول لە خوێندا بەڵام تاکو (٧-١١-٢٠١٠)ش جێبەجێنەکراوە | پۆلیس بەختیاری سلێمانی |
| ٢٧ | | ٣٣٣ی.س.ع | لە(٢٥-٩-٢٠١٠)ەوە ڕەزامەندی مەجەعی تۆمەتبار هاتۆتەوە بەڵام تاکو ٧-٢-٢٠١٠ خراوەتە بەردەمی داوەر | پۆلیسی بەختیاری – سلێمانی |
| ٢٨ | ١٣٠٦/ ٢٠٠٨ | ٤٥٦ی.س.ع | لە ٣-١-٢٠٠٩ تاکو ٢٨-٣-٢٠١٠ هیچ ڕێوشوێنێکی لێکۆڵینەوە نەگیراوەتەبەر. | پۆلیسی بەختیاری – سلێمانی |
| ٢٩ | ٢٠١٠/٣٤٢ | ٤٠٥،٣١ ی.س.ع | لە ٣-٥-٢٠١٠ دادوەر بریاری داوە پەراوەکە لە داهاتوودا بخرێتە بەردەمیان بۆ ووردبینی بەڵام لە ٢٦-١٢-٢٠١٠ جێبەجێ کراوە . | پۆلیسی بەختیاری – سلێمانی |
| ٣٠ | ٢٠٠٩/٩٨٢ | ٢٣ ی هاتووچۆ | لە٢٠٠٩/٤/٢٩دادوەر بڕیاری داوە بەئەنجام دانی هێلکاری شوێنی ڕووداو بەڵام تاکو٣١-١٢-٢٠١٠ ش | پۆلیسی بەختیاری – سلێمانی |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | جێبەجێنەکراوە. | |
| ٣١ | ٢٠١٠/٣١٤ | ٢/٢١ ی هاتووچۆ | لــــەـ٢٠١٠/٢/٨دادوەر بریـــــــــاری داوەبەجیاکردنەوەوهـــەوا لْـــەکردنی دۆســـیەکە بۆدادگای تایبەتمەند بەڵام تـــــاکو٢٠١٠/١٢/٣١ش جێبەجێنەکراوە. | پۆلیســــی بـــەختیاری – سلێمانی |
| ٣٢ | ٢٠١٠/٣١٢ | ٢١ ی یاســـای چەک | لە٢٠١٠٢٠١٠/٤/١دادو ەر بریـــــــــاری داوەبەجیاکردنەوەوهـــەوا لْـــەکردنی دۆســـیەکە بۆدادگای تایبەتمەند بەڵام تـــــاکو٢٠١٠/١٢/٣١ش جێبەجێنەکراوە. | پۆلیســــی بـــەختیاری – سلێمانی |
| ٣٣ | ٢٠١٠/٣٣٨ | مـاددەی٢٢لـەیا سای ٦پەرلەمان | لــــەـ٢٠١٠/٥/٥دادوەر بڕیاری داوە بەوەرگرتنی پاشکۆی ووتەی شـایەت بەڵام تاکو ٢٠١٠/١٢/٣١. | پۆلیســــی بـــەختیاری – سلێمانی |
| ٣٤ | ٢٠١٠/٣٩٣ | ٤٣٢ یاســـای سزادان | لــــــــەـ٢٠١٠/٥/٢٥ تــاکو٢٠١٠/١٢/٣١ هـــیچ ڕێوشۆێنێکی یاسای تیادا ئەنجام نەدراوە. | پۆلیســــی بـــەختیاری – سلێمانی |
| ٣٥ | ٢٠١٠/٢٦٣ | ٢٣/ی یاســـای هاتووچۆ | لــــــــەـ٢٠١٠/٥/٣٠ تــاکو٢٠١٠/١٢/٣١ هـــیچ ڕێوشۆێنێکی یاسای تیادا ئەنجام نەدراوە. | پۆلیســــی بـــەختیاری – سلێمانی |

## سێهەم : جێبەجێنەکردنی بڕیاری دادگاکانی لێکۆڵینەوە لەلایەن دامودەزگا حکومی و پارتە سیاسی و کۆمپانیا ئەهلیەکان و کەمتەرخەمی لە جێبەجێکردنی بڕیارە قەزاییەکان:-

لەماوەی ساڵی ٢٠١٠ توانرا لە ڕێگای تیمەکانی چاودێری پرۆژەکەوە، ٥٣ پەنجاوسیٚ حاڵەتی پێشێلکاری دەستنیشان بکرێت بە جێبەجێنەکردنی بڕیاری دادگاکانی لێکۆڵینەوە لەلایەن دامودەزگا حکومی و پارتە سیاسی و کۆمپانیا ئەهلیەکان و کەمتەرخەمی لە جێبەجێنەکردنی بڕیارە قەزاییەکان لە کاتی گونجاو و یاسساییدا،ئەمەش بۆتە هۆی دواکەوتنی یەکلاییکردنەوەی دۆسیەی کێشەکان و لەق بوونی متمانەی هاوڵاتیان بە بڕیارە قەزاییەکان کە لە دادگاکانی لێکۆڵینەوە دەرچوون، هەندێک لەو حاڵەتانەی کە دەستنیشان کراون بەم شێوەیەی خوارەوە بوون:-

١. لەسەر یەکێک لە دۆسیەکانی نووسینگەی تاوانی کوشتن لە هەولێر کە تایبەتە بە کوژراو (گ ، م ، م)دەستنیشانی ئەوە کراوە کە دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر چەندین جار داوای کردوە لە ئاسایشی پارێزگای هەولێر کە دەستنیشانی ئەو مەفرەزەیەی ئاسایشی پیرمام یان بۆ بکات کەلە شەوی ٢٣-١٢-٢٠٠٨ کاتژمێر ١٠:١٥ی شەو خەفەربوون تاکو ڕێوشوێنی یاسایی پێویست لە دژیان بگرێتە بەر، بەڵام بە نووسراوی ژمارە ٩٣ لە ٢٩-٣-٢٠٠٩ کەلەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر ئاراستەی دادگای لێکۆڵینەوەی سەلاحەدین کراوەو تیایدا **هاتووە (ناتوانین دەستنیانی کارمەندەکانتان بۆ بکەین لەبەر دروست بوونی کێشەی کۆمەڵایەتی، ئەگەر پێویست بێت نوێنەری یاسایی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئامادەدەبێت بۆ تەواوکردنی کاری یاسایی).**

٢. لە فۆرمێکی تردا دەستنیشانی ئەوە کراوە سەبارەت بە وەرگرتنی ڕەزامەندی مەرجەع بۆ ئەو پۆلیس و پێشمەرگانەی کەلەلایەن دادگاکانەوە داواکراون و تاوانێکیان ئەنجام داوەو پلەکانیان ئەفسەرە، بەپێی بڕیاری ژمارە (١٠٤٢)لە ١٩٧٩/٨/١١ ئەگەر هاتوو تاوانەکە (جنایە مشهودە) نەبێت، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت کە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان کار بەم

بڕیاره ناكات و كێشەو گرفتی بۆ دادگاكان دروستكردوه و مامەڵەی یاسای لەگەڵ ئەم دەقە یاساییەدا ناكات و بۆتە هۆی ئەوەی كە زۆربەی ئەو كێشانەی كە كارمەندی پۆلیس و پێشمەرگە تیایدا تۆمەتباره بەهەڵپەسێردراوی بمێنێتەوه لەناو دادگاكانداو ، بەهەر هۆكارێك بێت چاویان پۆشیوه لەوەی كە ماددەی (١٣٦-ب) له یاسای (بنەما دادگەرییە سزاییەكانی ژماره ٢٣ بۆ ساڵی ١٩٧١ی هەمواركراو) كاری پێناكرێت بەپێی یاسای ژماره (٢٣) ساڵی ٢٠٠٣ كە لە پەرلەمانی كوردستانەوه دەرچووه،سەرەرای ئەوەی كە یاسای سزاكانی سەربازی ژماره (٤٤)ی ساڵی ١٩٤١ وه یاسای (ژیل أصول المحاكمات الجزائیە العسكریە)ژماره (١٧٧)ی ساڵی ١٩٧٥ و یاسای (التبلیغات القانونیە للعسكریین) ژماره (١٠٦)ی ساڵی ١٩٧٠ هەڵوەشاونەتەوه لە حكومەتی فیدراڵی عیراقیەوه كاری پێناكرێ بەپێی هەردوو یاسای نوێ (یاسای سزا سەربازییەكان) ژماره ١٩ بۆ ساڵی ٢٠٠٧ و یاسای (بنەماكانی دادگەری سزا سەربازییەكان ژماره ٣٠ بۆساڵی ٢٠٠٧).

٣. لە كێشەی ژماره (٢٠٨/ج/٢٠٠٩) لە دادگای تاوانەكانی هەولێر دەستنیشانی ئەوه كراوه كە تۆمەتبار تیایدا كارمەندی پۆلیسە و پلەكەشی ئەفسەر نییە، بەڵام وەزارەتی ناوخۆی حكومەتی هەرێمی كوردستان فەرمانگەی یاسایی بە نووسراوی ژماره (١٤٠٧٠) لە ١٠-٦-٢٠١٠ كە ئاراستەی ئەنجومەنی دادوەری كردوەو رەزامەند نەبوونی وەزارەتەكەیانی دەربریوه بۆ دادگایكردنی تۆمەتباری كێشەكە بەپێچەوانەوەی ئەوەی خستمانە روو لە خاڵی دووەمدا.

٤. لە فۆرمێكی تردا دەستخراوەتە سەر كێشەی ژماره (٢٠١٠/٢٦٣) لە بنكەی پۆلیس تەیراوەی شاری هەولێر، كەبەپێی ماددەی ٤١٣ لە یاسای سزادانی عێراقی دادوەری دادگای لێكۆڵینەوەی هەولێر بڕیاری دەستگیركردنی تۆمەتباری كێشەكەی داوه كە عەقیدی ئاسایشە بەناوی (ع.ك)نووسراو كراوه بۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بەمەبەستی دەستگیركردنی بەڵام وەڵامیان بۆبنكەی پۆلیسی تەیراوه ئەوه بووه كە تۆمەتباری ناوبراو سەفەری كردوه كە هاتوه رەوانەی دەكەن، لەكاتێكدا نووسراوەكە لە ٢٠١٠/٧/٤ ئاراستەكراوه و هەتاوەكو بەرواری رەصدكردنەكە لە كۆتایی مانگی دوانزە تۆمەتباری ناوبراو ئامادە نەكراوه و دەستگیرنەكراوه.

٥. له فۆرمێکی تردا ئاماژه دراوه به کێشەی ژماره (٢٠٠٩/٦) بەپێی ماددەی ٤٠٦ له ی.س.ع له نوسینگەی کوشتنی هەولێر، که تیایدا بۆ وەرگرتنی زانیاری لە ڕێگای کۆمپانیای (کۆرەک تیلیکۆم) بە نووسراوێک لە سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی هەولێر له (٢٠١٠/١/٥) ئاراستەی کۆمپانیای ناوبراو کراوه، بەڵام تاوەکو ٢٠١٠/١٠/٢ بەهیچ شێوەیەک وەڵامی دادگایان نەداوەتەوه پاش تێپەڕبوونی زیاتر له ده مانگ لەو بڕیاری دادگای ناوبراو و ترسناکی تاوانەکە!!!

٦. لەسەر دۆسیەیەکی بنکەی پۆلیسی ئەزمڕ له سلێمانی که له بەرواری ١٩-١١-٢٠٠٦ تۆمارکراوه لە دژی دوو دکتۆر بەناوەکانی (ج.ع) و (أ.ع.م) بەهۆی ئەنجامدانی نەشتەرگەری بۆ هاووڵاتیەک و دواتر وەفات کردنی، دەستنیشانی ئەوەکراوه که دادوەری دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی بڕیاری داوه لە ١٩-١٢-٢٠٠٦ به ئاگادارکردنی وەزارەتی تەندروستی که لیژنەیەکی لێکۆڵینەوه پێکبهێنێت بۆ دیاری کردنی هۆکاری مردنی هاووڵاتی (ق.ک.ر) و هۆشنەهاتنەوەی و هۆکارەکەی دەگەڕێتەوه بۆ پزیشکی (بێهۆشکردن)یان هۆکاری تر، پاشان دادوەری لێکۆڵینەوه لە ١١-١١-٢٠٠٧ و ٢٩-١١-٢٠٠٧ داوای لە نەخۆشخانەی ئاشتی ئەهلی و نەخۆشخانەی فێرکاری سلێمانی کردووه کە (گبلە)ی نەخۆشی کۆچکردوو ڕەوانەی دادگا بکەن، بەڵام سەرەرایی ناردنی زیاتر له حەوت نووسراو بۆ فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی لەبەروارەکانی ٢٦-١٢-٢٠٠٦ و ٢٧-٣-٢٠٠٧ و ١٩-٨-٢٠٠٧ و ٢٠-١١-٢٠٠٧ و ٢٨-٣-٢٠٠٧ و ٩-٣-٢٠٠٨ و٩-٢-٢٠١٠ بەمەبەستی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگا لە کێشەکەدا بەڵام تاکو (٢٣-٨-٢٠١٠)ش هیچ وەڵامێکی دادگا نەدراوەتەوه پاش تێپەڕبوونی زیاتر له ٤ ساڵ بەسەر بڕیارەکەدا!!.

٧. لەسەر کێشەیەکی دادگای لێکۆڵینەوەی ئاسایشی شارەزوور بە ژمارە (٢٠١٠/١٤٤٦) بەپێی ماددەی (٤٠٦لەی.س.ع) لێکۆڵینەوه تیادا ئەنجامدراوه لە دژی تۆمەتبار (ر.أ.ر)دەستنیشانی ئەوه کراوه که دادگای ناوبراو لە (٢١-١٢-٢٠٠٩)وه داوای له کۆمپانیای (ئاسیاسێل) کردووه بۆ مەبەستی پێدانی زانیاری لەسەر ئەو ژمارانەی پەیوەندیان کردوه بە تاوان لێکراوەوه لە کێشەکەدا، بەڵام تاوەکو

٢٠١٠/٣/٢٩ وەڵامی دادگاکان نادەنەوە سەرەرای ترسناکی تاوانەکە و بریارەکـەی دادگاش .

٨. لە فۆرمێکی تردا دەستخراوەتە سەر کێشەیەکی بنکەی پۆلیسی بـەختیاری کە لە ١٩-٢-٢٠٠٨ سکاڵا تۆمارکراوە لە دژی بەرپرسێکی حزبی (ی.ن.ک) بـەناوی (ش.ع.ع) بەپێی ماددەی ٤١٣ لە ی.س.ع لێکۆڵینەوەی تیایدا ئـەنجام دراوە، دادوەری دادگای لێکۆڵینەوە لە ٢٣-٤-٢٠٠٨ بڕیاری داوە کە پێشینەی تۆمـەتبار وەربگرێـت (سوابق إجرامی)، سەرەرای ناردنی نووسراوی دادگا بە ژمـارە (١٩١٨) لـە ٨-١٠-٢٠٠٩ و(٢١٥٣) لـە ٩-١١-٢٠٠٩ بـۆ کۆمیتـەی سـەروەری بەمەبەسـتی نـاردنی تۆمەتباری ناوبراو بۆ وەرگرتنی پەنجەمۆری و لکانـدنی پێشـینەی بەدۆسـیەکەوە، بەڵام ئەم بڕیارە جێبەجێ نەکراوە و تۆمەتبار بەهیچ شێوەیەک ئامادەنەبووە!.

٩. لەسەر دۆسـیەیەکی نووسـینگەی کوشـتنی هـەولێر بـە ژمـارە (٢٠٠٩/٦) کەبـەپێی مـاددەی ٤٠٦ لـە ی.س.ع لێکۆڵینـەوە تیایـدا ئـەنجام دەدرێـت لـە دژی تۆمەتباران (ف.خ.ع) و (ف.خ.ع) و (ج.ف.خ)کە پێشمەرگەی فەرمانـدەیی (سـەفین)ن، دەستنیشـانی ئـەوەکراوە کەلـە مـانگی شەشـی سـاڵی (٢٠٠٩)وە بریـاری دەسـتگیرکردنی تۆمـەتبارانی سـەرەوە لەلایـەن دادوەری دادگـای لێکۆڵینـەوەی هەولێرەوە دەرچووە، سەرەرای ناردنی نووسراوی دادگای ناوبراو بـۆ وەزارەتـی پێشمەرگە بە ژمارەکانی (٥٥٣٨) لـە ١٠-٩-٢٠٠٩ وە ٨٩/ت/٢٠١٠ لـە ١٨-٢-٢٠١٠ بەمەبەسـتی ئامادەکردنیـان لەبـەردەم دادگـا بـەڵام تـاکو (٢١-١٠-٢٠١٠)ش ئامادەنەکراون و دەوامی ئاسایی خۆیان دەکەن لە وەزارەتی پێشمەرگە!!!

١٠. لەسەر دۆسیەیەکی بنکەی پۆلیسـی نەهێشـتنی تـاوانی ناوەنـد لـە شـاری هەولێر کە لێکۆڵینـەوە تیایدا ئەنجامـدراوە بـەپێی ژمـارەی (٢٨٩و٢٩٨) لەیاسـای سزادانی عێراقی لـە دژی تۆمـەتبار (ە.ع.ر)، دەستنیشـانی ئـەوەکراوە کـە دادگـای لێکۆڵینەوەی هەولێر دوو نوسراوی ئاراستەی هەریـەک لـە فەرمانگـەی دادنوسـی هەولێر و بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر کردوە لـە ٨-١٢-٢٠٠٩ بۆمەبەسـتی ئەنجامـدانی رێـو شـوێنی لێکۆڵینـەوە، بـەڵام سـەرەرای جەختکردنـەوەی دادگـای ناوبراو لە ١-٢-٢٠١٠ بەناردنی دوو نوسراوی تـر بـە ژمارەکـانی (٤٧٦) و (٤٧٧)، تاوەکو (١٢-٤-٢٠١٠)ش وەڵامی دادگایان نەداوەتەوە!.

١١.  لـه فـۆرمێکی تـردا دەستنیشـانی ئـەوە کـراوە لەسـەر کێشـەیەکی بنکـەی پۆلیسـی تـەیراوەی شـاری هـەولێر کـە تایبەتـە بـە سـکالاکار (ر.أ.أ)، لـەدادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر بـە دوو نوسـراو ژمارەکانیـان (١١٤٩)و(٢٦٥٢)لـە ٢٠١٠/٣/٩ (٢٠١٠/٥/٢٤) ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لە هەولێر کراوە بەمەبەستی ئامادەبوونی نوێنەری یاساییان بۆ وەرگرتنی ووتەکانیان لەسەر کێشەکە، بەلاَم تاکو (٢٠١٠/٦/٢٨)ش جێبەجێ نەکراوە.

١٢.  لە فۆرمێکی تردا دەستخراوەتە سەر کێشەی ژمارە (٢٠٠٨/١٩٢) لەبنکـەی پۆلیسی بنەسلاوەی شاری هەولێر کە لێکۆڵینـەوە تیایـدا ئـەنجام دەدرێـت لـەدژی تۆمـەتباران (م.ر.أ) و (م.ع.ش) و (م.ع.أ) و (ع.ع) بـەپێی مـاددەی (٣٤١) لـە ی.س.ع، نووسـراوی (بەڕێوەبەرایـەتی پۆلیسـی قـەزای دەشـتی هـەولێر/تـاوان)بـە ژمـارە (١٨٨٥) لە ٦-٤-٢٠٠٩ پاڵپشت بـە بڕیـاری دادگـای لێکۆڵینـەوەی دەشـتی هـەولێر ئاراسـتەی دیـوانی چـاودێری دارایـی هـەرێمی کوردسـتان کـراوە بـە مەبەسـتی ئامـادەبوونی چـەند فەرمانبـەرێکیان وەک شـاهید، بـەلاَم تـاکو(٢٤-٣-٢٠١٠)ش ئامادەنەبوون ئەم بڕیارەی دادگا جێبەجێ بکەن!

١٣.  لە فۆرمێکی تردا دەستخراوەتە سەر کێشەی ژمارە (٢٠٠٨/٢٣٣)لە بنکـەی پۆلیسی بەختیاری شاری سلێمانی کەبە پێی ماددەی (٤٣٢) لـە ی.س.ع لێکۆڵینـەوە لەدژی تۆمەتبار رائد (م.ع.س) لە لیوای ٢٤ی فەرماندەیی خۆشناوەتی گیراوەتەبەر، سەرەرای ناردنی نووسراوی دادگای لێکۆڵینەوە بە ژمارە کـاتی (٢٨١٨) و (١١٠٦) و (١٧٤٦) و (٢١٧٠) لـــە بـــەروارەکانی (٢٢-١٢-٢٠٠٨) و (٣-٦-٢٠٠٩) و (١٣-٩-٢٠٠٩) و (١١-١١-٢٠٠٩) کە ئاراستەی فەرماندەی گشتی هێزی پێشـمەرگە کـراوە بـۆ ئامـادەکردنی تۆمـەتباری سـەرەوە، بـەلاَم تـاوەکو (٢٠-١٢-٢٠٠٩) ئامـادەش نەکراوە لەبەردەم دادگا!.

١٤.  لە فۆرمێکی تردا دەستخراوەتە سەرکێشەی ژمارە (٢٠٠٩/١٢٨٧) لە بنکەی پۆلیسی بەختیاری شاری سلێمانی کە بەپێی ماددەی (٤٣١) لـە ی.س.ع لێکۆڵینـەوە تیایدا ئەنجامدراوە، دادگـا داوای لـە وەزارەتـی پێشـمەرگە کـردووە کـە هـەر دوو تۆمەتبار (د.ف.م) و (ب.ف.م) ئامادەی دادگا بکرێن بە نووسراوەکانی ژمـارە (٣٥١) و (٤٨٤) و (٧٩١) لـــــە (١٦-٢-٢٠١٠) و (١٥-٣-٢٠١٠) و (٢١-٤-٢٠١٠) بـــــەلاَم تاکو(٢١-١٢-٢٠١٠)ش ئامادەنەکراون، سەرەرای ئـەوەی کـە فەرمانگـەی یاسـایی

ئەمینداری گشتی هێزی پێشمەرگە نوسراوی کردووە بۆ نووسینگەی تایبەتی وەزیری پێشمەرگە بەو مەبەستەی سەرەوە بە نووسراوی ژمارە (٢٢٢٦) لە ١٨-٥-٢٠١٠ بەڵام هیچ وەڵامیان نەبووە!.

١٥. لەسەر کێشەیەکی تری بنکەی پۆلیسی بەختیاری بە ژمارە (٢٠٠٩/١٥) کە لێکۆڵینەوە تیایدا ئەنجامدراوە بەپێی ماددەی (٢) لەیاسای خراپ بەکارهێنانی هۆکارەکانی پەیوەندی، سەرەرای داواکردنی دادگای لێکۆڵینەوە لە کۆمپانیای (کۆرەک تیلیکۆم) بە نووسراوەکانی ژمارە (١٧٦٤) و (١٨٤٣) و (٢٠٤٣) و (٢٠٨١) و (٢٤١٩)و لە (١٤-٩-٢٠٠٩ ) و (١-١٠-٢٠٠٩)و (٢٢-١-٢٠٠٩) (٢٨-١٠-٢٠٠٩) وە (٢٩-١٢-٢٠٠٩) بەناردنی زانیاری لەسەر خاوەنی ژمارەی مۆبایلی کێشەکە بەلام تاکو (٢٦-٩-٢٠١٠) هیچ وەڵامێکیان نەبووە بۆ بڕیارەکەی دادگا!.

١٦. لە فۆرمێکی تری چاودێردا دەستخراوەتە سەر کێشەی ژمارە (٢٠١٠/٦٤٣) لەبنکەی پۆلیسی سیوانی شاری سلێمانی کە بەپێی ماددەی (٢) لەیاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی لێکۆڵینەوەی تیادا ئەنجامدراوە، لە (٢١-٦-٢٠١٠) نووسراوکراوە بۆ کۆمپانیای(ئاسیاسێڵ) هەروەها لە (٣٠-٨-٢٠١٠) دووبارە دادگای لێکۆڵینەوە جەختی کردۆتەوە لەسەر داواکاریەکەی بەلام تاکو (٩-١٢-٢٠١٠)ش ئەم بڕیارەیان جێبەجێنەکردووە.

١٧. لە فۆرمێکی تردا دەستخراوەتە سەر کێشەی ژمارە (٢٠٠٨/٤٤٠)کە تایبەتە بە سکاڵاکاران (ر.ش.ع) و (ش.ع.م) لەبنکەی پۆلیسی بەختیاری شاری سلێمانی، دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی بەهەردوو نوسراوی ژمارە (٧٠٢) و (١٠٢٤) لە بەروارەکانی (١٢-٤-٢٠١٠) و (١٣-٦-٢٠١٠) داوای لە شارەوانی سلێمانی کردووە کە نوێنەریان ئامادەی دادگا بێت بۆ وەرگرتنی ووتەکانی لەسەر کێشەکە بەلام تاکو (٢٨-١٢-٢٠١٠)ش ئامادەنەبوون هەرچەندە ئەم کێشەیە بۆ ماوەی زیاتر لە سێ ساڵە لە لێکۆڵینەوەدایە!!

١٨. لەسەر دۆسیەیەکی تری لێکۆڵینەوە لەبنکەی پۆلیسی سەیوانی شاری سلێمانی بە ژمارە (٢٠١٠/٢٢٦) دەستنیشانی ئەوە کراوە کە بەپێی ماددەی (٢٣) لەیاسای هاتووچۆ لێکۆڵینەوە لەدۆسیەکەدا ئەنجامدراوە، بەلام لە (١٨-٤-٢٠١٠)ەوە دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی نووسراوی ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی

هاتووچۆی هەولێر کردوە تاکو (٢٩-١١-٢٠١٠)ش وەڵامیان نەگەیشتۆتەوە بە دادگا!

١٩. لە فۆرمێکی تردا دەستنیشانی ئەوە کراوە لەکێشەیەکی دادگای لێکۆڵینەوەی شاری هەولێر بەپێی ماددەی ٣٤٠ لە ی.س.ع کە سکاڵاکار تیایدا مافی گشتیەو تۆمەتباران چەند فەرمانبەرێکن لەچەند وەزارەتێک لەوەزارەتی دارایی (ص.ص) و (ن.م) و لەوەزارەتی گەشتوگوزار (ح.ب.ع) و (م.ع.س) و (أ.ع.ت) و لە ئەنجومەنی وەزیرانیش (ع.ی.) و (ع.م)، دادگای لێکۆڵینەوە لە ٦-٧-٢٠١٠ بڕیاری داوە کە تۆمەتباران ئامادەبکرێن لەبەردەم دادگا، بەڵام تاکو (١٧-١٠-٢٠١٠)ش ئەم بڕیارە جێبەجێنەکراوە!

٢٠. لەسەر کێشەی ژمارە (٢٠٠٩/١٠٣٠)لە بنکەی پۆلسی بەختیاری شاری سلێمانی دەستنیشانی ئەوە کراوە کە لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکەدا ئەنجام دراوە بەپێی ماددەی (٤٣١لە ی.س.ع)لە دژی شۆفێرێکی ئۆتۆمبێلی نیسان-پیکاب کە تۆمارە بە ناوی ئاسایشی گشتی سلێمانیەوەو فەرمانی دەستگیرکردنی هەیە ،سەرەرای ناردنی نووسراوی دادگا بە ژمارە (١٣٧)لە ٢٠-١-٢٠١٠ بۆ بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی لە سلێمانی بەمەبەستی ناردنی تۆمەتباری دۆسیەکە بەڵام تاکو (١٢-٧-٢٠١٠)ش ئەم بڕیارە جێبەجێنەکراوە.!!!

٢١. لەسەر کێشەیەکی دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی/چوار بە ژمارە(٢٠٠٩/٥٣٩)دەستنیشانی ئەوە کراوە کە سکاڵاکار تیایدا یەکێتی نیشتمانی کوردستانە لە دژی تۆمەتبار(ن.ب.م)بە پێی ماددەی ٢٢ لە یاسای هاتووچۆ،دادگای ناوبراو لە(١٤-٤-٢٠٠٩)وە سەرەرای ناردنی پێنج نوسراو بۆ مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک)تاکو نوێنەری یاساییان ئامادەبێت بۆ وەرگرتنی ووتەکانی بەڵام تاکو (٤-٤-٢٠١٠)ش ئەو بڕیارەیان جێبەجێنەکردووە.!!!

٢٢. لە حەوت فۆرمی تردا دەستنیشانی ئەوە کراوە کە دادگای لێکۆڵینەوە نووسراویان ئاراستەی کۆمپانیای (ئاسیا سێڵ) کردووە بۆ ناردنی زانیاری بەڵام وەڵامی دادگاکانیان نەداوەتەوە.

٢٣. هەروەها لە فۆرمێکی تردادەستخراوەتە سەر دۆسیەی ژمارە (٢٠٠٨/١٣٠٦)کە بە پێی ماددەی ٤٥٦لە ی.س.ع لێکۆڵینەوەی تیادا ئەنجام دەدرێت لە بنکەی پۆلیسی بەختیاری، دادگای لێکۆڵینەوە بە نووسراوە ژمارە (٦١٨)لە ٣١-

٣-٢٠١٠ داوای لە بانکی بازرگانی هەرێم کردوە کە وێنەیەکی پێناسـی تۆمـەتباری کێشەکەیان بۆ بنێرێت بەڵام تاوەکو (٢٥-٥-٢٠١٠)ش وەڵامیان نەدراوەتەوە.

.٢٤ هەروەها لە چوار فۆرمی تـری چـاودێریدا دەستنیشـانی ئـەوە کـراوە کـە دادگاکانی لێکۆڵینەوە نووسراویان ئاراستەی بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی سـلێمانی کردوە بەڵام هیچ وەڵامێکی ئەو نوسـراو و بڕیارانـەی دادگایـان نەداوەتـەوە تـاکو بـەرواری رصـدکردنەکانیان ×(بـۆ رێگـەگرتن لـە دووورودرێـژی راپۆرتەکـە بـەم شێوەیە تەنها بەمشۆوەیە ئاماژەی پێدەدەین).

٢٥- لە دوو فۆرمی تردا دەستنیشانی ئـەوە کـراوە کـە دادگاکـانی لێکۆڵینـەوە داوای نوێنەری یاسایی وەزارەتی ناوخۆیان کردووە کە ئامادەبێت لەبەردەم دادگـا بەڵام تاکو بەرواری رە صدکردنەکانیان ئامادەنەبوون .

## چوارەم:-

## کەمی شارەزایی یاسایی و پێشـێلکردنی سـەرەوەری یاسـا لـەلای هەندێک لەدادوەرانی لێکۆڵینەوە

لەم بەشەدا تـوانرا لـەماوەی رابـردوودا ٤٧ حاڵـەتی پێشـێلکاری لەسـەر کـەمی شارەزایی یاسایی و پێشێلکردنی سـەرەوەری یاسـا لـەلای هەنـدێک لـەدادوەرانی لێکۆڵینەوەوە تۆماربکرێت، هەندێک لەو حاڵەتانـەش کەسـەرەکیین بـەم شـێوەیەی خوارەوە بوون:-

١- لەفۆرمێکدا دەستخراوەتە سەر حاڵەتێک لەسەر کێشـەیەکی بنکـەی پۆلیسـی ئازادی شاری هەولێر، تێبینی ئەوە کراوە کەسکاڵاکار لەکێشەکەدا سەرۆکی پـارتی دیـوکراتی کوردستانەوسـکاڵای هـەبووە لەسـەرئەوەی هاوڵاتیـەک هەسـتاوە بەناوزڕانـدن و تەشـهیر پێکردنـی ، لێکۆڵینـەوە لەکێشـەکەدا بـەپێی مـاددەی (٩) لەیاسای کاری رۆژنامەوانی ژمـارە (٣٥)ی سـاڵی ٢٠٠٧ی پەرلـەمانی کوردسـتان ئەنجامدراوە، دەستنیشانی ئەوە کراوە کەپێشێلکاری مـاددەی (٣)ی یاسـای (بنـەما دادگەرییە سزاییەکان ) کراوە چـونکە لـەم جـۆرە تاوانانـەدا زیانلێکـەوتوو دەبێـت بـەپێی یاسـا خـۆی ئامادەبێـت ووتـەکانی وەربگیرێـت وەک سـکاڵاکار و دواتـر دەتوانێت پارێزەرێک بکاتە بریکاری خۆی بۆ بەدواداچونی کێشەکە ئەمە لەلایەک و

لەلایەکی تریش، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان هەستاوە بەپێدانی بریکارنامەی گشتی بەمەبەستی تۆمارکردنی سکالاکە، نەک سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرەرای ئەمانەش دەبوایە دادوەری لێکۆلینەوەی هەولێر داوای پەیرەوپرۆگرامی ناوخۆی ئەو حیزبەی بکردایە بەمەبەستی روونکردنەوەی زیاتری ئەم لایەنەی کەدەستیخراوەتەسەر .

٢-لەفۆرمێکی تردا هاتووە لەسەر کێشەیەکی دادگای لێکۆلینەوەی رانیە بەپێی مادەی ٣٩٦ لە ی.س.ع، پەراوەکە هەواڵەی دادگای تاوانەکانی دوو کراوە لەسلێمانی بەژمارە (١٦٥/ج/٢٠١٠) تۆمارکراوە، ئەوەی دەستنیشانکراوە لەم دۆسییەدا ئەوەیە کەدادوەری دادگای لێکۆلینەوەی رانیە لە ٢٠١٠/٧/١٩ دوو بریاری دژ بەیەکی دەرکردووە وەک لە خاڵی (٢ و٣)دا هاتووە چونکە لەخاڵی (٢) دا بریاری داوە بەدرێژکردنەوەی ماوەی راگرتنی تۆمەتبار و لەخاڵی سێهەمدا بریاری داوە بەئازادکردنی تۆمەتبار بەبارمتەی دارایی بەبری دوو ملیۆن دینار.!!

٣-لەسەر کێشەیەکی بنکەی پۆلیسی رۆژهەلات بۆ نەهێشتنی تاوان لەهەولێر بەژمارە (٢٠٠٧/١٣٢) کەبەپێی مادەی ٤٤٤ لە ی.س.ع لێکۆلینەوەی تێدا ئەنجامدراوە، دەستنیشانی ئەوە کراوە، دادوەری لێکۆلینەوەی هەولێر لە (٢٠١٠/٨/١٥) بریاری داوە لەبرگەی (١)دا بەرەوانەکردنی دۆسیێکە بۆ فەرمانگەی یاسایی وەزارەتی پێشمەرگە بۆ تەواوکردنی لێکۆلینەوە لەبەرئەوەی هەردوو تۆمەتبار پێشمەرگەن و ئەوانیش لەرێگەی خۆیانەوە رەوانەی دادگای هەمیشەیی سەربازی بکەن، بەبێ ئەوەی دادوەری لێکۆلینەوە رەچاوی ئەوەی کردبێت لەم بریارەیدا کەسکالاکار سەر بەوەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئەمە لەلایەک و لەلایەکی ترەوە، بەپێی نوسراوی دادگای هەمیشەیی سەربازی بەژمارە (٦٥ لە ٢٠٠٩/٨/٢) هەردوو تۆمەتباری کێشەکە بەپێی بریاری دادگای هەمیشەیی سەربازی بەژمارە (١٩٢/ج/٢٠٠٨) لە ٢٠٠٨/٩/٨ حوکمدراون و لەریزی پێشمەرگە کوردستان دەرکراون، رەوانەکردنی ئەم کێشەیە بۆ ئەو دادگایە هیچ ماناو سوودێکی نییە لەرووی یاساییەوە!!...

٤-لەسەر کێشەیەکی بنکەی پۆلیسی سەرچنار لەشاری سلێمانی دەستنیشانی ئەوە کراوە لە ٢٠١٠/١١/٩ لەموتالەعەی بەرپرسی لێکۆڵینەوەدا هاتووە کەبۆ دادوەری لێکۆڵینەوەی سلێمانی/٤ نووسیویەتی کە تۆمەتباری ئازادکراو (ک.ح.ص) داوای ئازادکردنی ماتۆڕەکەی دەکات، دیارە لەکێشەکەدا دەستی بەسەردا گیراوە، بەڵام دادوەری لێکۆڵینەوە بڕیاری داوە بە (ئازادکردنی تۆمەتبارەکە بەبارمتەی دارایی، بەبڕی ٧٥٠٠٠٠دینار).!!

٥-لەفۆرمێکی تردا لەسەر کێشەیەکی بنکەی پۆلیسی بنەسڵاوە لەشاری هەولێر بەژمارە (٢٠١٠/٤٩) کەبەپێی مادەی ٤٠٥ لە ی.س.ع لێکۆڵینەوەی تێدا ئەنجامدراوە، دەستنیشانی ئەوە کراوە کەدادوەری دادگای لێکۆڵینەوەی دەشتی هەولێر بڕیاری ئازادکردنی تۆمەتباری داوە لەبەرنەبوونی بەڵگەی تەواو لەدژی تۆمەتبارەکە، بەڵام زۆر بەئاشکرا بەکەس و کاری کوژراوەکەی وتووە کە (برادەران زۆر فشارم دەخەنە سەر بۆیە دەکرێت ئێوە بڕیارەکە تەمیز بکەنەوە)!!.

٦- لەسەر کێشەیەکی بنکەی پۆلیسی نەورۆز لەشاری دهۆک دەستنیشانی ئەوە کراوە کە ڕێوشوێنی یاسایی لەدژی تۆمەتباری کێشەکە گیراوەتە بەر بەپێی مادەی ٤٥٦ لە ی.س.ع سەرەڕای ئەوەی کەتۆمەتبارەکە بەرەگەز هاوڵاتی سویدیە و ڕەزامەندی وەزیری دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرنەگیراوە، وەک چۆن لەیاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکاندا هاتووە.

٧-لەسەر کێشەیەکی بنکەی پۆلیسی بەختیاری شاری سلێمانی بەژمارە (٢٠١٠/٨٥٤) بەپێی مادەی ٤١٣ لە ی.س.ع ڕێوشوێنی یاسایی گیراوەتەبەر، دەستنیشانی ئەوە کراوە کە لە ٢٠١٠/٨/٢٦ دادوەری لێکۆڵینەوە بڕیاری داوە بەڕاگرتنی تۆمەتبار بەبێ دیاریکردنی ڕۆژەکەی و ئەو ماوەیەی کەپێویستە ڕابگیرێت واتە بەکراوەیی هێشتوویەتیەوە.!!

٨-لەسەر کێشەیەکی تر لەکاتی ئێشکگرتنی دادوەراندا لەشاری سلێمانی، لەبەرواری ٢٠١٠/١١/٢٠، دادوەری ئێشکگر بڕیاری داوە بەدەستگیرکردنی تۆمەتبار لەکێشەکەدا بەپێی ماددەی ٤٣٠ لە ی.س.ع، بەڵام بۆ ڕۆژی دواتر دادوەری لێکۆڵینەوەی چوار لەسلێمانی بە بەبێ گوێدانە بڕیاری پێشوو و ئاماژەکردن بۆی، بڕیاری داوە بەبانگهێشتکردنی هەمان تۆمەتبار بەپێی ماددەی ٤٣٢ لە ی.س.ع.

٩-لەسەر کێشەیەکی بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوان لەسلیمانی بەژمارە (٢٠٠٩/١٥٦) دەستنیشانی ئەوە کراوە کەدادوەری لێکۆڵینەوە بڕیاری داوە بەڕاگرتنی کەفیلی یەکێک لەتۆمەتبارانی کێشەکە بەپێی ماددەی ١١٩ لەیاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکان، لەبەرواری ١٤-٩-تا ١٦-٩-٢٠١٠، پاشان هەواڵەی دادگای کەتنی سلیمانی کراوە بۆبەدەستهێنانی بڕی کەفالەتەکە، ئەم ڕێوشوێنەی کەلەدژی کەفیلی تۆمەتبارەکە گیراوەتەبەر تەواو پێچەوانەی ماددەی ١١٩ لەیاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکانە، چونکە ماددەی ئاماژەبۆکراو تەنها بۆوەرگرتنی بڕی پارەی کەفالەتەکەیە ئەگەر هاتوو کەفیل بێبەڵێنی کرد لەجێبەجێکردنی، نەک ڕاگرتنی بەو هۆیەوە.

١٠-لەفۆرمێکی تردا دەستنیشانی ئەوەکراوە لەسەر کێشەیەکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەولێر- هۆبەی لێکۆڵێنەوە لە ١٩-٧-٢٠١٠ ، تۆمەتبارانی کێشەکە بەبێ هیچ بڕیارێک لە٣٠-٦- تاکو ١٩-٧-٢٠١٠ دەستبەسەرکراوان بەبەڵگەی ئەوەی لەبڕیاری بەرواری ١٩-٧-٢٠١٠ دادوەری لێکۆڵینەوەی ئاسایشدا هاتووە لە برگەی (٣) هەمیدا (تمدد الموقوفیە لغایە یوم ١٩-٧-٢٠١٠ إعتبارا من ٣٠-٦-٢٠١٠)، سەرەڕای ئەوەی لەبرگەی(٥)مـی دۆسیەکەی هەواڵەی بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوانی هەولێر کردوە چونکە کێشەکە هیچ مۆرکێکی ئەمنی و سیاسی پێوەنیە. (ئەمجۆرە لەپێشێلکاری زۆر ترسناکە و پێویستە دەسەڵاتی دادوەری هەڵوێستەی لەسەر بکات بەمەبەستی ڕێگەگرتن لەدووبارەبوونەوەی).

١١-لەفۆرمێکی تردا لەسەر کێشەیەکی بنکەی پۆلیسی بەختیاری شاری سلیمانی بەژمارە (٢٠١٠/٥٢٤)، دەستنیشانی ئەوە کراوە دادوەری دادگای لێکۆڵینەوەی سلیمانی بڕیاری داوە بەهەواڵەکردنی پەڕاوی کێشەکە بۆدادگای لێکۆڵینەوەی/٣ کەتایبەتە بەبینینی پەڕاوی ئەو ژنانەی توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێت، لەکاتێدا هەردوولایەنی کێشەکە ئافرەتن لەم کێشەیەدا وە ماددەی یاساییەکەی ٤٣٤ لە ی.س.ع.

١٢-لەسەر کێشەیەکی بنکەی پۆلیسی ڕاپەڕین لەشاری سلیمانی، دەستنیشانی ئەوەکراوە تۆمەتبار لەکێشەکەدا لە٢٧-٥-٢٠١٠ دا دەستگیردەکرێت، بەپێی ماددەی ٤٣١ لە.ی.س.ع و لەبەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەی ئێشکگر ئامادەدەکرێت بۆ وەرگرتنی ووتەکانی، بەڵام دادوەری ئێشکگر ووتەکانی وەرناگرێت وبڕیاردەدات

لەبەردەم دادوەری ئێشکگر لە ٢٨-٥-٢٠١٠ ئامادەبیکەنەوە بۆ هەمان مەبەست، بەهەمان شێوە دادوەری ئێشکگر لە ٢٨-٥-٢٠١٠ ووتەکانی وەرناگرێت و بڕیاردەدات بەدرێژکردنەوەی ماوەی ڕاگرتنەکەی تا ٣٠-٥-٢٠١٠ پاشان دوای سێ ڕۆژ لە ڕاگرتنی ووتەکانی وەردەگیرێت، ئەمەش پێشێلکاری یاسایە و پێچەوانەی یاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکان.

١٣-لەسەر کێشەیەکی تر لەبنکەی پۆلیسی بەختیاری شاری سلیمانی بەژمارە(٢٠١٠/٤٨٧)، دەستنیشانی ئەوە کراوە کەڕێوشوێنی یاسای لەدژی تۆمەتبار گیراوەتەبەر بەپێی ماددەی ٤٣١ لە ی.س.ع،بەلاَم لە٢٨-٦-٢٠١٠ پاش ئەوەی تۆمەتبارەکە ووتەکانی وەردەگیرێت لەلایەن لێکۆڵەری دادیەوە، پەڕاوەکەی ڕەوانەی لای دادوەری لێکۆڵینەوە دەکرێت، بەلاَم دادوەری دادگاکە بەبیانووی ئەوەی کاتژمێر ١١و٣٠ دەقیقەی پێش نیوەڕۆ پەڕاوەکەی گەیشتۆتەدەست ئامادەنەبووە پەڕاوەکە ببینێت و بڕیاری لەبارەوەبدات وداوای کردوە پەڕاوەکەی ڕوانەی دادوەری ئێشکگر بکرێت بەومەبەستە، بۆیە پەڕاوەکە ڕەوانەی دادوەری ئێشکگردەکرێت و ئەوانیش لەلای خۆیانەوە ڕازی نابن ئیمزا لەسەر پەڕاوەکە بکەن چونکە پەڕاوەکە هی کاتی دەوامی فەرمی بووە، بەم شێوەیە تۆمەتبارەکە بەبێ دیاریکردنی چارەنووسی ڕەوانەی بنکەی پۆلیسەکە دەکرێتەوە!!!

١٤- لەسەر کێشەیەکی تری دادگای لێکۆڵینەوەی /٤لەسلیمانی ولەسەر دووکێشەی بنکەی پۆلیسی سەرچنار بەژمارەکانی (٢٠١٠/٥٣١) و (٢٠١٠/٥٥٢)، دەستنیشانی ئەوەکراوە کەلێکۆڵینەوە کراوە لەگەڵ تۆمەتبارانـدا بەپێی ماددەکانی (٤٣١ و٤٥٦) لە ی.س.ع. بەلاَم لەبەروارەکانی (٥-٩-٢٠١٠) و (٢٥-١٠-٢٠١٠) دادوەری دادگاکە بڕیاری داوەبە (تەواوکردنی کەم و کوڕیەکان) لەپەڕاوەکاندا بەبێ ئەوەی دەستنیشانیان بکات، سەرەڕای تەواوبوونی سەرجەم قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە.

١٥- لەسەر چەندین کێشەی تر لەدادگای لێکۆڵینەوەی سلیمانی/٤ و تایبەت بەبنکەی پۆلیسی سەرچنار، دەستنیشانی ئەوە کراوە، کەبڕیارەکانی دادوەری لێکۆڵینەوە بەدەستوخەتێکی ناشرین و ناڕۆشن نووسراون ، سەرەڕای ئەمەش لەچەندین شوێنی بڕیارەکاندا بەئاشکرا کوژاندنەوەی تیدایە بەقەڵەم جاف پێوەدیارە، کەشێوەیەکی ناجۆری داوە بەپەڕاوەکانی لێکۆڵینەوە و لەکاتی

هەواڵەکردنیاندا بۆ دادگا تایبەتمەندەکان زۆر کێشە و گرفتیان بۆ دروستدەکات، لەو دۆسێیانەی کەدەستخراوەتە سەریان دۆسیەی ژمارە (٢٠١٠/٦٧٠) و (٢٠١٠/٣٠٣).

## پێنجەم:-
## دەستخستنە ناوکاروباروڕێوشوێنەکانی لێکۆڵینەوە لەلایەن هەندێک لەئەفسەرانی لێکۆڵینەوەی پۆلیس وئاسایش

ئەفسەر و کارمەندانی پۆلیس و ئاسایش بەپێی یاسا تەنها جێبەجێکاری یاسا و بڕیارەکانی دادگاکانن، بەڵام ئەوەی دەستنیشانکراوە لەم بەشەدا ئەوە دەخاتە ڕوو کە لەو حاڵەتانەی خراونەتە ڕوو پێچەوانەی یاسا و دەسەڵاتەکانی خۆیان مامەڵەیان کردووە، حاڵەتەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە بووە:-

١- لەفۆرمێکدا هاتووە لەسەر بنکەی پۆلیسی تەیراوا لەشاری هەولێر، لەکێشەی ژمارە ٢٠١٠/٢٦٣ بەپێی مادەی ٤١٣ لە ی.س.ع، سکاڵاکار سکاڵای لەدژی دوو تۆمەتبار تۆمارکردووە کەکارمەندی ئاسایشن، دواتر دوو تۆمەتبارەکەش سکاڵایان لەدژی ئەو تۆمار کردووە، بەڵام کێشەی سکاڵاکاری یەکەم دوادەخرێت و کێشەی دووەم بەزوویی تەواو دەکرێت و هەواڵەی دادگای تایبەتمەند دەکرێت.

٢- لەفۆرمێکی تردا دەستنیشانی ئەوە کراوە لەشەوی هەڵبژاردنەوەی بەڕێز جەلال تالەبانی بە سەرۆک کۆماری عراق وە ئاهەنگێرانی خەلکی شاری سلیمانی لە لای کارەباکە هاولاٌتیەک بەسەیارەکەی کاری نابەجیْ دەکات بۆیە مەفرەزەیەکی پۆلیسی چالاکیە مەدەنیەکان مۆلەتی شۆفیرییەکەی لێدەسێنن، بەڵام کەسێک کە لەو ڕووداوە هەڵدەداتیٚ ( کە دواتر زانراوە کە یەکێک لە پاسەوانەکانی بەڕێوبەری ئاسایشی سلیمانی )یەوە زۆر لە کارمەندانی پۆلیس دەکات کە ئەو مۆڵەتە بگێرنەوە بە کەسی سەرپێچی کار ئەگەرنا خراپیان بەسەر دەهێنیٚ وە پەلاماری پۆلیسەکان دەدات بۆیە ئەوانیش دەستگیری دەکەن وە دوایی داوای لێبوردن دەکات و پاشان ئازادی دەکەن بەڵام تەلەفون بۆ مەفرەزەی ئاسایش دەکات وە مەفرەزەی ئاسایش دەگەنە شوێنەکەو وە بەزۆر دەیانەویٚ ئامر مەفرەزەی پۆلیسی چالاکیە مەدەنیەکان کە مفەوەزیکە بەناوی (م) دەستگیری بکەن وە بیبەن بەڵام

ئەفسەرێکی پۆلیسی چالاکیە مەدەنیەکان تەدەخول دەکات وە رێگری لەو کارەیان دەکات وە ئەمر بە مەفرەزەکەی چالاکیە مەدەنیەکە دەکات کە شوێنەکەیان بۆ مەفرەزەی ئاسایشەکە چۆڵبکەن .(ژمارە و شوێنی کێشەکە لامان پارێزراوە)

٣- لەفۆرمێکی تردا دەستنیشانی ئەوە کراوە لەسەرکێشەی ژمارە ٢٠١٠/١١٨٨ لەبنکەی پۆلیس بەختیاری لەشەوی ٩/٨ – ٢٠١٠/١٢ لەدوای دەستگیرکردنی کەسێک بەناوی ( ر، م، ر ) لەلایەن پۆلیسی فریاکەوتن لەسلیمانی چونکە هەستابوو بە پەلاماردانی هاولاتیانی ناوچەکە و سەرخۆش بووە وە بەرەنگاری پۆلیسی فریاکەوتن بۆتەوە و تۆمەتباری دووەم کەلەگەڵیدا بووە رایکردووە و هەردووکیان ئاسایش بوون وە پۆلیسی فریاکەوتن تۆمەتباریان بردووە بۆ پۆلیسی بەختیاری لەوکاتەدا نزیکەی سێ مەفرەزەی هێزەکانی ئاسایش هەڵدەکوتنە سەر کەرتی پۆلیسی بەختیاری وە دەیانەوی بەزۆر تۆمەتبارەکە لە دەستی پۆلیسی فریاکەوتن و پۆلیسی بەختیاری دەربهێنن بۆیە دەبێتە هۆی پەلاماردانی یەکتر و رووبەرووبونەوە، هەروەها راکێشانی میلی چەک لەیەکتری، بەلام دوای دەستتێوەردانی بەرێوبەری پۆلیس و بەرێوبەری ئاسایش سلیمانی وە فەرمان بە مەفرەزەکانی ئاسایش دەکرێت کە گوایە بێ فەرمان ئەو کارەیان کردووە وە بگەرێنەوە شوێنەکانی خۆیان وە هەردوولا ئاشت دەکرێنەوە وە تۆمەتبارەکە (ر، م، ر ) دەنێردرێت بۆ نەخۆشخانە وە لەوێوە دەرواتە، بەلام لەبەرواری ٢٠١٠/١٢/٨ تاکو نوسینی ئەم راپۆرتە ئاسایشی سلیمانی تۆمەتباری ئامادە نەکردووە وە نەیناردووە بۆ لێکۆلینەوە .

٤- لەفۆرمێکی تردا دەستنیشانی ئەوە کراوە لەسەر کێشەیەکی تری بنکەی پۆلیس بەختیاری بەژمارە ( ٢٠١٠/١٢٣)، دوو هاولاتی بەناوەکانی ( ە، س، ع) و ( د،ی، ق) کە کارمەندی ئاسایشن، سکالا تۆماردەکەن چونکە لەشەوی (٢٠١٠/١٢/١٨) لە گەرەکی بەختیاری توشی دەنگە دەنگ دەبن لەگەڵ کەسێکی نەناسراو ئەو تۆمەتبارەش تەلەفون تەقەیان لێدەکەن تاکو نوسینی ئەم راپۆرتە هیچ کام لە تۆمەتباران دەستگیر نەکراون سەرەرای ئەوەی لە بەرواری (٢٠١٠/١٢/٢٠) دادوەر لێکۆلینەوە بریار دەدات بە وەرگرتنی ووتەی ئەو ئەفسەرەی ئاسایش بە سیفەتی شاهید تاکو بزانرێت ئەو تۆمەتبارە کێ بووە پەیوەندی پێوە کردووە بەلام ئامادەنەبووە بێت شاهیدی بدات .

٥- لەفۆرمێکی تردا دەستخراوەتە سەر کێشەیەک کە دوای ئەوەی تۆمـەتبارێک بە ناوی ( ک ) لەشەقامی سەهۆڵەکەی شاری سلیمانی تەقە بەسـەر مەفرەزەیـەکی پۆلیسی هاتوچۆدا دەکات وە هەڵدێت وە دواتر خۆی تەسـلیم بـە ئاسـایش دەکـات بەڵام ئاسایش ئامادە نییە تسلیم بـە پۆلیسـی بکـات، چـونکە نـاوبراو لەسـەیارەی کەسێکدا بووە بەناوی ( ڕ ) ئەو تەقانەی کردووە کـە ئاسـایش نەیاندەویسـت ئـەو کەسەوە ئۆتومبیلەکەی تسلیم بە پۆلیس بکەن، چونکە ئەو کەسە کێشـەیەکی تـری هەبوو لەبنکەی پۆلیسی بـەختیاری لـە ( ٢٠١٠/١٢/١٨) فـەرمانی دەسـتگیرکردن و دەستبەسەرداگرتنی ئۆتومبیلەکەی هەبوو، بەڵام جێبەجێ نەکرابوو , بۆیە لـە دوای جەختکردنی ئەفسەرێکی باڵای پۆلیسی هاتووچۆ بەناچاری تۆمـەتباران تسـلیم بـە پـۆلیس دەکرێـت، لەگـەڵ ئۆتومبیلەکەیانـدا. (ژمـارە و شـوێنی کێشـەکەلامان پارێزراوە).

٦- لەفۆرمێکی تردا دەستخراوەتە سەر کێشـەیەک کەبـە پێـی ووتـەی شـاهیدی رووداو چەند کەسێک دەچنە سەر ماڵێک لـە گـەڕەکی بـەرانانی شـاری سـلیمانی لەوێ دەبێت بەشەر وە تەقەی تێدا دەکرێت و هاوڵاتیەک لە ماڵەکەدا بریندار دەبێت وە یەکێک لە تۆمـەتباران لەلایـەن خێزانـی ئـەو ماڵـەوە دەسـتگیردەکرێت وە لێـی دەدرێت دوای ئەوەی پۆلیسی فریاکەوتن ئەو تۆمەتبارە لە ژێـر دەسـتی ئـەو ماڵـە رزگـار دەکـەن کـە بـەهۆی لێدانـەوە برینـدار بـووە وە دەیگەیەنـە نەخۆشـخانە، تۆمەتبارەکە ناوی ( ر، ر، ع ) بەڵام دەستبەجێ چەند مەفرەزەیەکی ئاسایش دەگەنە نەخۆشخانە وە دەیانەوێ بە زۆر ئەو تۆمەتبارە لەنەخۆشخانە و لەدەستی پۆلیسی فریاکەوتن دەربهێنن بەو هۆیەوە دەبێت بە شـەڕ لـەنێوان پۆلیسـی فریاکـەوتن وە هێزەکانی ئاسایشی سـلیمانی لـەدوای تـدخلکردنی ئەفسـەری بـاڵا لەهـەردووڵاوە کێشەکە کۆتایی پێدەهێنرێت بەڵام نەزانرا ئایـە هۆکـاری هەوڵـدان بـۆ بردنـی ئـەو تۆمەتبارە لە لایەن هێزەکانی ئاسایشـەوە چـیبووە ؟؟. (ژمـارە و شـوێنی کێشـەکە لامان پارێزراوە)

٧- لەفۆرمێکی تردا هاتووە لەسەر کێشەیەکی بنکەی پۆلیسی بـەختیاری شـاری سلێمانی، دەستنیشانی ئەوە کراوە کەلێکۆڵینەوە لـەدژی تۆمـەتباران ئەنجامـدراوە بەپێی مادەی ٤٣٢ لە ی.س.ع، لەلایەن دادوەری لێکۆڵینـەوە لـە٢٠١٠/٨/١٧ بریـاری بانگهێشکردنی تۆمەتباری دەرکردوە، لەگـەڵ دەستبەسـەرداگرتنی ئۆتۆمبیلەکـەی،

بەڵام کەسێکی نزیکی سکاڵاکار بەپلەی نەقیب، شەوێک داوا لەمەفرەزەی پۆلیسی فریاکەوتن دەکات تۆمەتبار دەستگیر بکەن، لەکاتێکدا تۆمەتبارەکە فەرمانی دەستگیرکردنی نییە، لەبەرئەوە مەفرەزەکەش لەسەر فەرمانی ئەفسەری ئێشکگری فریاکەوتن تۆمەتبارەکە لەسەر شەقامی زانکۆی سلیمانی دەستگیر دەکەن و دەینێرن بۆ بنکەی پۆلیسی بەختیاری لەشەوی ٢٠١٠/٨/٢٢.

٨-لەفۆرمێکی تردا دەستنیشانی ئەوە کراوە لەسەر پەراوێکی لێکۆڵینەوەی بنکەی پۆلیسی بەختیاری شاری سلێمانی، بەپێی ماددەی ٤٤٦ لە ی.س.ع، سکاڵاکار بەرەگەز چینییە و ئافرەتە لەبەرواری ٢٠١٠/١١/٢ ئامادەی کەرتی ناوبراو دەبێت بۆ تۆمارکردنی سکاڵاکەی، بەڵام لەسەر فەرمانی بەرپرسی بنکەکە دەڵێت با کاتژمێر ٧ی شەو ئامادە بێت لەخەفارەتدا ئەوراقی بۆ دەکینەوە، بەپێی یاسا دەبوایە دەستبەجێ ئەم کارە بکرایە و پەڕاوەکەی بنێرن بۆ بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوان!.

٩-لەسەر کێشەیەکی تری بنکەی پۆلیسی بەختیاری شاری سلێمانی، دەستنیشانی ئەوە کراوە کەکێشەیەک بەژمارە ٢٠٠٩/١٣٨٨ تۆمارکراوە بەپێی مادەی ٢٣ لەیاسای هاتوچۆ لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوە، بەڵام پێش ئەوەی دادوەری لێکۆڵینەوە بڕیاری گەڕاندنەوەی ئۆتۆمبێلەکەی تۆمەتبار دەربکات، بەفەرمانی بەڕێوەبەری کەرتەکە ئۆتۆمبێلەکە بەتۆمەتبار تەسلیم کراوەتەوە.

١٠-لەسەر کێشەی ژمارە (٢٠١٠/٩٣٠)، لە بنکەی پۆلیسی بەختیاری شاری سلێمانی، کەبەپێی ماددەی (٣١/٤٠٦) لە ی.س.ع لێکۆڵینەوەی تیادا ئەنجامدراوە، دەستنیشانی ئەوە کراوە لەبەرواری ٢٠١٠/٩/٢٠ دادوەری لێکۆڵینەوە تۆمەتباری ئازاد کردووە بەبارمتەی یەک ملیۆن دینار، بەڵام سەرەڕای ئەوەی ئەو تۆمەتبارە کەبارمتەکەی ئامادەنەکردووە، پۆلیس لێکۆڵینەوە لەکێشەکەدا تۆمەتبارەکەی ئازاد کردووە، بەبێ ئەوەی دادوەری لێکۆڵینەوەی لێئاگادار بکرێتەوە.!!

١١- لەهەشت فۆرمی تردا دەستنیشانی ئەوە کراوە لەسەر هەشت کێشەی بنکەی پۆلیسی بەختیاری شاری سلێمانی کەلێکۆڵینەوە تیایاندا بەپێی مادەی ٢١ لەیاسای هاتوچۆ ئەنجامدراوە، واتە (لێخوڕینی ئوتومبێل بە بێمۆڵەتی شۆفێری) سەرجەم ئەم پەڕاوانەی بەپێچەوانەی تایبەتمەندی شوێنیی، وەک لەمادەی ٥٣ لەیاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکاندا هاتووە، لێکۆڵینەوەیان تێدا کراوە، چونکە

شوێنی دەستگیرکردنی تۆمەتباران (تاسلوجە، کانی پانکە، سەرچنار، کانی کوردە، خەبات، دەربەندیخان) بووە، هیچ پەیوەندییەکی بە بنکەی پۆلیسی بەختیاری شاری سلێمانیەوە نییە و نازانرێت هۆکاری ناردنیان چییە بۆ ئەم بنکەیە؟!.

**شەشەم:-**

## پێشێلکردنی مافی تۆمەتباران بۆ بەرگریکردن لەخۆیان پێچەوانەی بنەمای (مافی بەرگریکردنی ڕەوا).

١- لەچەندەها فۆرمی دەستنیشانکردنی پێشێلکاریەکاندا هاتووە کەسەرجەم دادگاکانی لێکۆڵینەوە لەهەرێمی کوردستاندا و لەقۆناغی لێکۆڵینەوەدا لەچەند حاڵەتی کەمدا نەبێت کار بەیاسای ژمارە(٢٢) ساڵی ٢٠٠٣ (یاسای راگرتنی کارکردن بەهەندێک ماددەی یاسای بنەما دادگەریە سزایەکان) ناکرێت، کەلەپەرلەمانی کوردستان دەرچووە، سەبارەت بە(دابینکردنی پارێزەر بۆ تۆمەتبار ئەگەرهاتوو لەتوانایدا نەبوو پارێزەر بگرێت پێش ئەوەی پرسیاری لێبکرێت و ووتەکانی وەربگیرێت (ئیستجواب )بکرێت.سەرەرای دەرچوونی ئەم یاسایە و بنەمای( مافی بەرگری ڕەوا) کەلەماددەی ١٩ ی دەستووری عێراقیدا ئاماژەی پێکردوە ، تاکو ئێستاش هەنگاوی جیدی و پراکتیکی نەنراوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی هاتوونەتە پێش جێبەجێکردنی ئەم یاسایە .

٢- لەسەر دادگای لێکۆڵینەوەی ئاسایشی هەولێر دەستنیشانی ئەوەکراوە کەئەم دادگایە لەمپەری زۆری دروستکردوە بۆ ئەو پارێزەرانەی بەمەبەستی ئەنجامدانی ڕێوشوێنی یاسایی بۆبەرگریکردن لەبریگرتەکانیان سەردانی ئەو دادگایە دەکەن، لەوانە کارنەکردن بەو بریکارنامانەی کە لەلایەن دادنووسەکانەوە پەسەند دەکرێت و تەنها کار بەو بریکارنامە تایبەتانە دەکرێت کە لەبەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەی ئاسایشەوە پەسەند دەکرێت، ئەمەش پێچەوانەی یاسا کارپێکراوەکانە لەوبوارەدا.

٣- لەفۆرمێکی تردا هاتووە بەهەمان شێوە لەسەر دادگای لێکۆڵینەوەی ئاسایشی هەولێر، دەستنیشانی ئەوە کراوە کەبەبیانووی جیاجیا ڕێگەنادرێت پارێزەران بەئاسانی بریگرتەکانیان ببینن لەوانە (درەنگی وەخت و دەرچوونی

کارمەندان بۆدەرەوەی دائیرە و تەواونەبوونی لێکۆڵینەو)ەوە، ئەمانەش هەمووی پێچەوانەی یاسا و بنەمای (مافی بەرگری ڕەوا)یە کە لەماددەی ١٩ ی دەستووری عێراقیدا ئاماژەی پێکردوە لەبڕگەی(٤)دا.

## حەوتەم:-

## بەکارهێنانی توندوتیژی و ئەشکەنجەدان لەدژی تۆمەتباران و دەستگیرکردنی ناشەرعی هاوڵاتیان لەلایەن کارمەندان پۆلیس وئاسایش

ئەم چەند حاڵەتەی خوارەوە دەخەینە ڕوو کەتیایدا پێشێلکاری دەستوری عێراقی و یاسای سزادانی عیراقی تێداکراوە، تایبەت بەدەستگیرنەکردن وبەندنەکردنی هیچ مرۆڤێک بەبێ بڕیاری دادوەر، و ئەشکەنجەندان و ئەنجامنەدانی مامەڵەی نامرۆڤانە لەگەڵ هیچ کەسێک وەک لە ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بەو بوارانە داهاتووە، حاڵەتە دەستنیشانکراوەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوەبوون:-

١- لەفۆرمێکدا دەستنیشانی حاڵەتێکی ترسناک کراوە لەشاری خانەقین لەدژی هاوڵاتیەک بەناوی (ص.ش.إ)، کەلەلایەن ئاسایشی شاری خانەقینەوە ئەنجامدراوە، بەوەی لەبەرواری ١٨-١٠-٢٠١٠ مەفرەزەیەکی ئاسایش بەجلی مەدەنیەوە لەشەودا هەڵدەکوتنە سەرماڵی هاوڵاتی ناوبراو دەستگیریدەکەن و لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا ئەنجامدەدەن بەبێ بوونی بڕیاری قەزایی بۆ دەستگیرکردن و بەندکردنی، پاشان بۆ بەیانی ڕۆژی ١٩-١٠-٢٠١٠ ڕەوانەی ئاسایشی کەلار دەکرێت و بۆماوەی دوو هەفتە لەزیندانی تاکەکەسیدا دەهێڵرێتەوە، بەبێ هیچ بڕیارێکی دادوەر، پاشان لە ٣-١١-٢٠١٠ ڕێگە دەدەن پارێزەر بگرێت و بیکاتە بریکاری خۆی و پێی ڕادەگەیەنن کەبەپێی ماددەی ٢٤٠ لە ی.س.ع لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت، لەبەرئەوەی بەبێ بەڵگەی ڕەسمی داغڵی هەرێمی کوردستان بووە، لەکاتێکدا پاسپۆرتی پێیوە و مۆری دخولی لێدراوە کە هاتۆتە هەرێمی کوردستانەوە، ئەمە لەلایەک ولەلایەکی تریش لەو ماوەیەدا زۆری لێدەدەن و دەموچاوی بەلای چەپدا تەقیوەو شوێنی لێدان و زەبری پێوە دیاربوو، هەرچەندە

دواتر لەبەردەم دادوەری دادگای لێکۆڵینەوەی کەلار ئامادەدەکرێت بـەڵام لـەبارەی لێدان وئەشکەنجەدانی هـیچ ناڵێـت هەرچـەندە بەئاشـکرا پێـوەی دیـاربووە، بـەڵام دادوەر پێی دەڵێت (تۆپێشتر ئەندامی.......ئیسلامی بوویـت ئـەوەش تاوانـە)!!، بـەڵام ئەم هاوڵاتیە بۆماوەی ٣٥ سی وپێنج ڕۆژ دەهێڵرێتەوە لەزیندانـدا هەرچـەندە ئـەو تۆمەتەی کەلەدوایدا خراوەتە پاڵی سزاکە غەرامەیە، پاشـان بـەهۆی ئاگـادارکردنی فەرمانگەی داواکاری گشتی لەسلیمانی لەلایەن ڕێکخراوەکەمانەوە وتەدەخولکردنی ئەندامێکی داواکاری گشـتی لەسـلیمانی لەبـەرواری (٢٢-١١-٢٠١٠) ئـەم هاوڵاتیـە ئازاد دەکرێت، پاش ئـەوەی داوای لێـدەکرێت کەکـەفیلێک ئامادەبکـات هەرچـەندە هاوڵاتیەکە ئازادکراوە!!!

٢- لەفۆرمێکـدا هـاتووە لەسـەر کێشـەی ژمـارە (٦٢١/ج/٢٠١٠) لـەدادگای تاوانەکانی دهـۆک، دەستنیشـانی ئـەوە کـراوە لـەکاتی لێکۆڵینـەوەدا ئەشـکەنجەی تۆمەتبار دراوە بەناوی (م.ر.م)،سەرەڕای ئەوەی پارێزەری تۆمەتبارەکە داواکـاری پێشکەشـی دادوەری لێکۆلینـەوە کـردووە بـۆ کردنـەوەی کێشـەیەکی سـەربەخۆ لـەدژی بەرپرسـی لێکۆڵینـەوەی پـۆلیس، بـەڵام دادگـای لێکۆلینـەوەی دهـۆک داواکارییەکەی ڕەتکردۆتەوە وە جێگەی ئاماژەپێدانە کە دادگای تاوانەکانی دهـۆک تۆمەتبارەکـەی ئـازادکردووە، لەبـەر نـەبوونی بەڵگـەی تـەواو لـەدژی بـۆ تاوانبارکردنی.

٣- لـەفۆرمێکی تـردا هـاتووە لەسـەر کێشـەیەکی نوسـینگەی ڕۆژهـەڵاتی نەهێشتنی تاوان لەسلێمانی، کە لێکۆڵینەوەی تیادا ئەنجامدراوە لـەدژی تۆمـەتبارانی کێشەکە بەپێی ماددەی ٤٤٣ لەیاسای سزادانی عێراقی، دەستنیشـانی ئـەوە کـراوە لەبەرواری ١٨-١-٢٠١٠ و لەسەر پێشنیاری ئەندامی داواکاری گشـتی بڕیـاردراوە بەناردنی یەکێک لـە تۆمـەتبارانی ڕاگیـراو بـۆ پشـکنینی پزیشـکی چـونکە شـوێنی ئەشکەنجە و لێدان دیاربووە لەسەر لاشەی، لەهەمان بەرواردا نوسـراو ئاراسـتەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی کراوە لەلایەن بەرێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوان لە سلێمانی بەژمارە (٤٨١١)، بـەڵام نەخۆشـخانەی نـاوبراو بەنوسـراوی ڕەسـمی وەڵامی نەهێشتنی تاوانیان نەداوەتەوە، بـەڵکو لەسـەر پارچـە کاغـەزێک بـەمۆر و ئیمـزای دکتـۆر (ب.م.ح) وەڵامـی داوەتـەوە کـە نـاتوانن ڕاپـۆرتێکی پزیشـکی بـۆ ڕێکبخەن لەبەرئەوەی برینداریـیەکانی ٢٤ کاتـژمێری بەسـەردا ڕۆیشـتووە ، ئـەم

پارچە کاغەزە هاوپێچی دۆسیەی لێکۆڵینەوە کراوە، دواتر هیچ ڕێوشوێنێکی تر نەگیراوەتە بەر بۆ لێکۆڵینەوە لەم پێشێلکاریە.!!

٤- لەفۆرمێکی تردا هاتووە لەسەر پێشێلکاریەکی بنکەی پۆلیسی پیرەمەگروون لە ٢٠١٠/٤/٧ دەستنیشانی ئەوە کراوە کە هاوڵاتیەک بەناوی (ب.م.ف) بەبێ بڕیای دادوەر دەستگیرکراوە (بەندکراوە) بەپێچەوانەی یاسا، چونکە بەهیچ شێوەیەک بڕیاری قەزایی نییە بۆ دەستگیرکردنی و بەندکردنی، جێگەی ئاماژەپێدانە کە جێگری داواکاری گشتی لەپیرەمەگروون داوای جوڵاندنی سکاڵای سزایی کردووە لە ئەنجامدەری ئەم پێشێلکاریە و دادوەری دادگای لێکۆڵینەوەی پیرەمەگرونیش بەپێی ماددەی ٣٢٢ لەیاسای سزادانی عێراقی لێکۆڵینەوەی ئەنجامداوە لەگەڵ ئەنجامدەرانی ئەم پێشێلکاریە.

٥- لەسەر بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی شارەزوور لەشاری هەڵەبجە، دەستنیشانی ئەوەکراوە کەهاولاتیەک بەناوی (ج.م.ف) لەمانگی (٤)ی ساڵی ٢٠١٠ بەبێ هیچ بڕیارێکی قەزای دەستگیردەکرێت و بۆماوەی چەند ڕۆژێک بەنددەکرێت و دواتر بەکەفالەتی کەسێک ئازاددەکرێت بەبێ ئەوەی بڕیاری دادوەر هەبێت لەوبارەیەوە، ئەمەش پێشێلکاریەکی ترسناکە و پێویستە لایەنە پەیوەندارەکان هەڵویستەی لەسەربکەن و ڕێگری بکەن لەدووبارەنەبوونەوەی و لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەنجامدەرانی بکرێت بەمەبەستی سزادانیان بەپێ ی یاسا.

## هەشتەم:
## چەند حاڵەتێکی پێشێلکاری جۆراوجۆر

لەم بەشەدا چەند حاڵەتێکی جۆراوجۆر دەخەینە روو کەنەدەکرا لەژێر خاڵەکانی تردا پۆلێنیان بکەین، حاڵەتەکانیش بەم شێوەیەی لای خوارەوە بوون:-

١- لەفۆرمێکدا هاتووە لەسەر سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنی ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و ئەندامانی ئەنجومەنی ناوەندی (ی.ن.ک) کە لەهۆڵی تەلاری هونەری شاری سلێمانی لەبەرواری ٢٠١٠/٦/١٠ تاکو ٢٠١٠/٦/١٤ لەکاتژمێر ٧ی سەرلەبەیانییوە بەڕێوەچووە دەستنیشانی ئەوە کراوە کە (٢١)بیست و یەک دادوەری سەر بەدادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی

سەرپەرشتی ئەم هەڵبژاردنەی کردووە، سەرپەرشتیکردنی ئەم ژمارە زۆرەی دادوەران لەهیچ هەڵبژاردنێکی گشتیدا نەبینراوە، نەک هەڵبژاردنی پارتێکی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا، پرسیارەکە لێرەدایە، بۆ ئەم ژمارە زۆرەی دادوەران سەرپەرشتی هەڵبژاردنێکی لەو جۆرە بکەن.!

٢- لەسەر نوسراوێکی وەزارەتی پێشمەرگە (ئەمینداری گشتی) بەژمارە (٢١٦٠) لەرۆژی ٢٠١٠/٥/١٢ بەئیمزای وەزیری پێشمەرگە کە ئاراستەی دادگای لێکۆڵینەوەی سەیدسادق کراوە و تێیدا هاتووە (نوسراوتان ژمارە (١٤) لە ی٢٠١٠/١/٣ سەبارەت بەو چەک و تەقەمەنیانەی لەلیستی هاوپێچدا دیاریکراوە، موڵکی وەزارەتی پێشمەرگەن و تاپۆکانیش وەک دیاری بۆ وەزارەتی پێشمەرگە کراون، ئەوەی دەستنیشان کراوە لەسەر ئەم حاڵەتە ئەوەیە کەسێک تۆمەتبارە لەم کێشەیەدا بەپێی مادەی ٢١ لەیاسای چەکهەڵگرتن لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا ئەنجامدراوە، چونکە ئەم چەک و تەقەمەنیانەی پێگیراوە:-

(موزەلی کوبی ٣٩٨ یەک دانە)، (یەکلاقی شەعبی ٨٤٤٦ یەکدانە)، (موزەلی ژمارە ٣٨٣٢١٠)، (یەکلاقی لیبی ٥٥٣٢ یەک دانە)، (موزەلی کوبی ١٩٨٨، یەکدانە)، (دەمانچەی میکارۆف ٢٢٨٢٥ یەک دانە)، ( دەمانچەی میکارۆف ١٤٢٠ یەک دانە)، (تاپۆی تورکی KALE یەک دانە)، (تاپۆی تورکی FLAS یەک دانە) و (یەک سندوق فیشەکی کلاشینکۆف ٧٥٠ دانە)

ئەوەی جێگەی تێبینییە لەم سەردەمەدا وەزارەتی پێشمەرگە بەم شێوەیە چەک دەکرێت و بەرگری لەتۆمەتبار دەکات، کە پێچەوانەی یاسای چەکهەڵگرتن و بازرگانیکردن پێوەی رەفتار دەکات.

٣-لەسەر بەشی بەڵگەی تاوان لەشاری سلێمانی دەستنیشانی ئەوە کراوە لە دوای بڵاوکردنەوەی راپورتی سێهەمی پاڵپشتی دادگا تێبنی ئەوە کراوە کە ئەمسال چەند کارمەندیک و ئەفسەری نوێیان بۆ رەوانەکراوە بەمەبەستی کارکردن کە کارێکی باش بوو تا رادەیەک بەڵام بەپێی پێویست نەبوو چونکە بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان بێت پێویستە لەچونە سەر هەر ناوچەیەکی تاوان بێجگە لە لێکۆلەرەوەی دادگا پێویستە سێ ئەفسەری بەلگەی تاوان ئامادەبن کە ( یەکێکیان کاری بەدواداچوون و هەلگرتنەوەی پەنجەمۆر دەبیت وە یەکێکی تریان کاری گرتنی وێنە و هەڵگرتنەوەی بەلگەی پێویست بە رووداوەکە لەدوای وێنە گرتنی وە

کەسی سێیەم کـاری هێلکـاری کردنـی (سـکێچ)ی شـوێنی رووداوەکـە دەبێـت وە هاوکاری کردنی هاوکارەکانی لەکاتی پێویسـت)دا، بـەڵام بـەهۆی کـەمی کارمەنـد تاکو ئیستا هەر دوو کارمەندی بەڵگەی تاوان دەردەچن . بەهەمان شێوە لەراپۆرتی ساڵی پێشوماندا ئاماژەمان بەوەکرد کەماوەیەک بەهۆی نەمانی رەنگ لە پرینتەری نوسـینگەی بەڵگـەی تـاوانی سـلیمانی بـووە هـۆی لەچـاپنەدانی وێنەیـەکی زۆری دۆسیەکانی بەڵگـەی تـاوان هـەمان کێشـە ئـەم سـاڵ دووبارەبۆتـەوە لـە نزیکـی ناوەراستی مانگی حەوتی ئەمساڵدا وە تاکو ئامـادەکردنی ئـەم راپۆرتـە ( ١٥-١٢-٢٠١٠) دووبارە پرینتەرەکەیان لەکارکەوتۆتەوە سەرەرای کردنی چەندین نوسراو بەڵام تاکو ئیستا چاکنەکراوەتەوە بۆیـە سـەرجەم ئـەو رووداوانـەی لـەدوای ئـەو بەرواره روویداوە، دۆسیەی کێشەکانیان بێبوونی وێنەی ناوچەی تـاوان رەوانـەی دادگاکان کراون، وە سەبارەت بە هەندی ئامێری پێویست لەوانە ئـامێری بـەراورد کردنی فیشەک و قەوانەکەی تاکو ئێستا لەنوسینگەی سلیمانی ئامادە نـەکراون بـۆ هەر بەراورد کردنێک وە پێویستی دادگا دەبێت رەوانەی نوسینگەی بەلگەی تاوانی شاری هـەولێر بکرێـت کـە ئەمـەش بەلایـەنی کەمییـەوە بـۆ هەرکێشـەیەک نزیکـە هەفتەیەک تاکو سێ هەفتەی پێدەچێت .

٤- لەفۆرمێکی تردا دەستنیشـانی ئـەوە کـراوە کـە هێلکـاری شـوێنی رووداوی ئۆتومبێل گەرچی لەلایـەن ئەفسـەرانی پۆلیسـی هاتوچـۆوە جێبـەجێ دەکرێـت وە لایـەنی زۆرو کـەمی کەمتەرخـەم دیـاری دەکرێـت بـەڵام بـەهۆی نـەبوونی چـەند بنچینەیەک تاکو ئەفسەران لەسەری کار بکەن بەڵکو دیاریکردنەکە دەگەرێتەوە بـۆ ئەوەندە لێتێگەیشتنی ئەفسەرەکە لە رووداوەکە بێ بوونی هیچ بنەمایـەکی تایبـەت تاکو لەسـەری کـار بکرێـت بەتایبـەت کـە زۆربـەی کـات ئـەو ئەفسـەرە بەرێزانـە هەلدەستن بە ئەنجامدانی ئەو هێلکاریە سەرەتاییانە لەو کارەو بـێ بـوونی دەورەی تایبەت و زانیـاری گشـتی لەسـەر چـۆنێتی ئـەو کـارە بۆیـە رۆژانـە لـە دادگاکـان لایەنـەکانی رووداوی هاتووچـۆ نـارەزای دەردەبـرن لەئـەنجامی هێلکاریەکـە، وە دادوەرانـی لێکۆڵینـەوە بریـاری دووبـارە کردنـەوەی هێلکاریەکـە دەکـەن بـە سەرپەرشـتی لێکۆلـەرەوەی داد، وە ئامـادەبوونی ئەفسـەری دۆسـیەکان لەگـەل ئەفسەرێکی تری پۆلیسی هاتووچۆ (زۆربەی کات ئـەو ئەفسـەرەی ئامـادە دەبێـت پلەی نقیبی هەیە، وە زانیاری و ئـەزموونی زیـاتری هەیـە ) لەگـەڵ هەردوولایـەنی

کێشـەکە هێڵکاریەکـە دووبـارە دەکریتـەوە، گەرچـی هەنـدێک جـار ئـەم کـارەش داوادەکریٚ ئەگەر هاتو لە کاتی رووداوەکەدا یەکێک لە شـۆفیرەکان ئوتومبیلەکـەی جوڵاندبێت ئەفسەری هاتوچۆ ئامادە نابێت هێڵکاری بکات بـەهۆی ئەوجولاندنـەوە کە دەبێت دووبـارە بـە بریـاری دادوەر ئـەم لیژنەیـەی باسـکرا پێـک بهێنرێـت بـۆ ئەنجامدانی هێڵکاری کە ئەمەش چەند کێشەیەک دروست دەکات لەوانـە (١/بـەهۆی کەمی ئەفسەری شارەزاو بەتواناو تجروبەدار لەبواری هێڵکاری شوێنی رووداو کە لەپەنجەی دەستێک تێپەر ناکات هەروەها بوونی رووداوی زۆر دەبێتە هۆی ئەوەی کە زۆرجار زیاتر لە هەفتەیەک تا دووهەفتە بەسەر رووداوەکەدا دەروات، ئەو کاتە ئەفسەری پۆلیسی هاتوچۆ ئامادەدەبێت کە بچنەوە بـۆ سـەر شـوێنی رووداوەکـە تاکو هێڵکاریەکە بکەن ئەمەش ماوەیـەکی زۆرەو دەبێتـە هـۆی مانـەوەی پـەراوی لێکۆڵینەوەکان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ. ٢/بەهۆی هۆکاری برگە ١ بەدڵنیاییـەوە لەدوای هەفتەیەک بۆ دوو هەفتە سەرجەم بەڵگەکانی شوێنی رووداوی هاتوچـۆکە نامێنن لەوانە ( شوێنی ئیستۆپ و ماوەی خشـاندنی تایـەی ئۆتومبیـل وە هەنـدێک جار شوێنی رۆنی سەیارەکە یان ووردە شوشەی شـکاوی سـەیارەکە) کـە ئەمانـە گرنکی تایبەتی خۆی هەیە بۆ هێڵکاریەکە، وەک خێرایی لەرادە بەدەری ئۆتومبیـل و هەروەها پێچـەوانەی رۆیشـتن وە پێچـکردنەوە لەشـوێنی نـەگونجاو وە چـەندین کاری تر.

٥- لەفۆرمێکی تردا دەستخراوەتەسەر راپۆرتی پزیشـکی کۆتـایی وەک یـەکێکی تر لەپێویستیەکانی هەنـدێک لەپـەراوەکانی لێکۆلینـەوە لـەدادگاکانی لێکۆڵینـەوەدا، ئەوەی دەستنیشانکراوە بریتیە لەوەی راپۆرتی پزیشـکی کۆتـایی و بەدەسـتهێنانی ئەم راپۆرتە تارادەیەک دەبێتە هۆی بێزار بوونی سـکالاکەران و برینـداران چـونکە پێویستە لەسەر بریندار کە چاک بۆیەوە ئامادەی بنکەی پۆلیسـەکە بێـت ئـەوانیش نوسراوێکی بۆدەکەن لەگەڵ وێنەیەکی لەبەر گیراوەی راپۆرتی پزیشکی سـەرەتایی دەینێرن بۆ نەخۆشـخانەیەک، لـەدوای بینینـی پزیشـک پشـکنینی برینـدار، لـەوێوە دەینێرنەوە بۆ نەخۆشخانەی فێرکاری، ئـەوانیش لـەدوای پێـدانی فـۆرم، راپـۆرتی پزیشکی دووبارە دەینێرنەوە بۆ نەخۆشخانەی یەکەمجار لێـوەی هـاتووە، پاشـان لەویٚ دکتور لەسەر راپۆرتەکە ئەوەی پێویست بێت بۆی دەنوسـێت لەوانـە ئەگـەر برینەکەی سارێژ بووبێت یان بوونی رێژەی پەکەوتەیی ئەگـەر هـەیبێت وە دکتـور

مۆر و ئیمزای دەکات دووبارە بریندار دەنێردرێتەوە بۆ نەخۆشخانەی فێرکاری تاکو لەوێ مۆر بکریت وە ژمارەی دەرچو (صادر) بکرێت پاشان بیهێنێتەوە بۆ بنکەی پۆلیسکە، ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تر ئەگەر برینەکەی پەکەوتەیی هەبوو (عجز) دەبێت دووبارە وێنەیەک لەڕاپۆرتی پزیشکی سەرەتایی و کۆتاییەکەی بە نوسراوێک لەدوای وەرگرتنی بریاری دادوەر بریندارەکە بنێردرێت بۆ لیژنەی پزیشکی هەمیشەیی تاکو پشکنینی بۆ بکرێت وە ئەوانیش راپۆرتێکی تریی پێدەدەن و دەیگێرێتوە بۆ بنکەی پۆلیسەکەو هاوپێچی پەڕاوەکە دەکرێت .

٦-لەسەر کیشەیەکی ئاسایشی سلێمانی بەژمارە ٩٦/ ٢٠١٠ دەستنیشانی ئەوە کراوە کەبەپێی مادەی ٢١ لەیاسای چەکهەڵگرتن لێکۆڵینەوە ئەنجامدراوە، لەگەڵ تۆمەتبار لە ٢٠١٠/٥/٢، وە تێبینی ئەوە کراوە، کە تۆمەتبار ناسنامەی مۆڵەتی هەڵگرتنی چەکی هاوپێچی دۆسیێکە کراوە، دیوێکی ناسنامەکە وەزیری ناوخۆ واژۆی لەسەر کردوە و دیوەکەی تری یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ ژمارەی چەک (د/٣٠٣٨)، پاشان مۆڵەتێکی چەکهەڵگرتن لەلایەن پارێزگاری سلێمانیەوە هاوپێچ کراوە کە لە ٢٠١٠/٥/١٠ دەرچووە تاکو ٢٠١٢/٥/١٠ بۆ هەمان چەکی دەستبەسەرگیراو لەجۆری کلاشینکۆف ژمارە ٧٤٣٢٠٦، ئەمەش پێچەوانەی یاسای قەدەغەکردنی چەکهەڵگرتنە کەلەپەرلەمانی کوردستان دەرچووە، چونکە چەکی کلاشینکۆف چەکی جەنگییە و بەهیچ جۆرێک مۆڵەتی بۆ وەرناگیرێت!!.

٧-لەفۆرمێکی تردا دەستنیشانی ئەوە کراوە کە لەپێنووسی دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی دووجار نووسراو کراوە بۆ بەدەستهێنانی (صورە القید)ی تۆمەتباری کێشەی ژمارە (٢٠٠٨/١٢٨٢) لەبنکەی پۆلیسی بەختیاری، بەڵام هەردوو جارەکە ژمارەی تۆمەتبارەکەیان بەهەڵە نووسیوە و ئەمەش بووەتە هۆی دواخستنی یەکلاییبوونەوەی کێشەکەی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ.

٨-لەفۆرمێکی تردا هاتووە لەسەر کێشەیەک لەبنکەی پۆلیسی راپەرینی شاری هەولێر، کاتێک رووداوێک روویداوە، هاوڵاتییەک بەدەمانچە هەڵیکوتاوەتە سەر دوکانداریک و بڕی ١٤٠٠ دۆلاری لێسەندووە، بەمەبەستی تۆمارکردنی سکاڵا، پارێزەرێک چووە بۆ بنکەی ناوبراو لەکاتژمێر ٤ی پاشنیوەڕۆ، بەڵام کارمەندی پۆلیسی بەردەم بنکەکە نەیهێشتووە بچێتە ژورێ بەبیانوی ئەوەی ئەفسەری ئێشکگر لەوێ نییە، و کاتژمێر ٨ی شەو دەگەڕێتەوە!!.

٩-لەبەردەم پرسـگەی دادگـای هەڵەبجـە لـە ٢٠١٠/٦/٢٨ کاتـژمێر ١٠ی بـەیانی دەستنیشـانی ئـەوە کـراوە، کارمەنـدێکی ئاسایشـی هەڵەبجـە (ر.س.م) هەسـتاوە بەلێـدانی بـرای کەسـێکی راگیـراو بـەناوی (ج.م.ف) و بـەئاگاداری و بەبەرچـاوی پۆلیسەکانی دادگای هەڵەبجەوە، بەڵام هیچ رێوشوێنێکی یاسایی لەدژی نەگیراوەتە بەر سەرەڕای ئەوەی تاوانێکی بینراوە و بەپێی یاسا دەکرا دەستگیر بکرێت!!.

١٠-لەفۆرمێکی تردا هاتووە لەسەر کێشەی ژمارە ٣٥٩/ ٢٠٠٩ لەبنکەی پۆلیسـی بەختیاری، دەستنیشانی ئەوە کراوە کەسکاڵاکار تەمەنی خوار هەژدە ساڵ بووە لە ١٩٩٦/١٢/٢٢ لەدایکبووە، سەرەڕای ئەمەش خـۆی کارمەنـدی پۆلیسـە و سـکاڵای تۆمارکردووە لەدژی کەسێک بەپێی مـادەی ٢٢٩ لـە ی.س.ع، ئەمـەش پێچـەوانەی یاسایە.

١١-لەفۆرمی تردا هاتووە لەسەر کێشەیەک لەنووسینگەی پۆلیسـی رۆژهـەڵاتی شاری هەولێر کەبەپێی مادەی ٣٤٠ و ٣٤١ لە ی.س.ع لەسەر وەزارەتـی وەرزش و لاوان نووسـراوی دادگـای لێکۆڵینـەوەی هـەولێر بـەژمارە ٩٣/٥٣ لـە ٢٠١٠/٩/٢ ئاراسـتەی چـاودێری دارایـی کـراوە و بەمەبەسـتی پشـکنینی حسـابات و داهـاتی وەزارەتی ناوبراو لەماوەی ٤ ساڵی رابردووی کابینەی پێشـوودا، بـەڵام تـا رۆژی رەسدکردنەکەی وەڵام نەگەڕاوەتەوە، ئەوەش دەستنیشـانکراوە نوێنـەری یاسـایی وەزارەتی ناوبراو لەکاتی وەرگرتنی وتەکانیدا هیچ سکاڵایەی نییە.!!!

## (بەشی دووەم)

## دەستخستنەسەر حاڵەتەکانی پێشێلکاری لە دادگا سزاییەکان

لەماوەی ساڵی ٢٠١٠دا توانراوە ٢٢٠ (دووسەدو بیست) حاڵەتی پێشێلکاری ول ادان دەستنیشان و تۆماربکرێت لەسەر سەروەری یاساو مافەکانی مرۆڤ و تۆمەتباران لەدادگا سزاییەکانی (کەتن و تاوان و نەوجەوانان)، دەتوانین حاڵەتەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێن بکەین :

یەکەم- بەڕێوەبردنی دانیشتنەکانی دادگاییکردن بە پێچەوانەی یاسای بنەماکانی دادگایی کردنە سزاییەکان لەهەندێک دۆسیەدا لەبەردەم دادگاکاندا.

دووەم - درەنگ یەکلابوونەوەی داواکان وخایەندنی ماوەی دووردرێژ تا یەکلابوونەوەیان کەخوی دەبینێتەوە لەم چەند خاڵەدا:-

أ- دواخستنی دانیشتنی دادگاییکردنەکان لە دادگاکاندا بۆ ماوەی دوورو درێژ.

ب- مانەوەی داواکان دوای تەمییزکردنەوەیان بۆ ماوەیەکی زۆر لە داواکاری گشتی پێش ناردنیان بۆ دادگای تەمییزی هەرێمی کوردستان.

ج- مانەوەی داواکان بۆ ماوەیەکی زۆر دوای هەواڵەکردنیان بۆ دادگای تایبەتمەند و دیارینەکردنی ڕۆژی دادگاییکردن بۆیان .

سێیەم- دیاری نەکرنی پارێزەر بۆ تۆمەتبارەکان لەدادگاکانی کەتن و نەوجەوانان کە تۆمەتبارکراون بە ئەنجامدانی کەتن سەرەڕای دەرکردنی یاسا لەهەرێمی کوردستان بە پێویستی دانانی پارێزەر .

چوارەم- ئامادەنەکردنی تۆمەتباری ڕاگیراو لەبەردەم دادگادا لەڕۆژی دادگاییکردندا و دواکەوتنی یەکلاکردنەوەی داواکە و مانەوەی تۆمەتبار لەڕاگرتندا.

پێنجەم- پێکنەهاتنی هەندێک دادگا بەهۆی نەبوونی دادوەرەوە و دواخستنی سەرجەم داواکان لەو ماوانەدا.

شەشەم- جۆراو جۆر .

## یەکەم:-

## بەڕێوەبردنی دانیشتنەکانی دادگاییکردن بە پێچەوانەی یاسای بنەماکانی دادگاییکردنە سزاییەکان لەهەندێک دۆسیە لەبەردەم دادگاکاندا.

لەم بەشەدا چەندەها پێشێلکاری ئەخەینە ڕوو کە لەدادگا سزاییەکاندا دەستنیشانکراوە سەبارەت بە بەڕیوەچوونی دانیشتنی دادگاییکردنەکان پێچەوانەی یاسا پیادەکراوەکان وە بەم شێوەیەی خوارەوە :-

١- لە فۆرمێکدا پێشێلکاریەکی مەترسیداری یاسا دەستنیشانکراوە کە بوونی ئەم جۆرە پێشێلکارییە کاریگەرییەکی گەورەی دەبێت بۆ سەر سەروەری یاسا، ئەویش سەرۆکایەتی کردنی دادگای تاوانەکانی یەکی هەولێر لە لایەن دادوەرێک کە تایبەتمەند نەبووە و لە پێکهاتەی دادگاکەدا نەبووە و نە بەشێوەی ئەسڵی یان یەدەک ئەویش لەبڕیاری ژمارەی (١٤٦/ت/٢٠١٠) لەبەرواری ٦-٤-٢٠١٠دا دەرکەوتووە بەپێی مادەی (٢٩٨،٢٨٩)، لەبەرئەوە ئەو بڕیارە بەپووچەڵ دادەنرێت چونکە لەدادوەرێکی ناتایبەتمەندەوە دەرچووە، پێویستە دەسەڵاتی دادوەری لەسەر ئەمجۆرە پێشێلکاریانە هەڵویستە بکات و ڕێگری بکات لەدووبارەبوونەوەی.

٢- لە دۆسیەی ژمارە ١٦٨٢/ج/٢٠٠٩ کە لە دادگای کەتنی ٤ لەسلێمانی بینراوە و دادگاییکردن تیایدا ئەنجام دراوە دەستنیشانی ئەوە کراوە کەبڕیاری هەواڵەکردنی تۆمەتبارەکە دوای ئەنجامدانی چەند ڕیوشوێنێک لە نیوەی دادگایی کردنەکەدا خوێندراوەتەوە، بەپێی یاسا دەبێت لەسەرەتادا بخوێنرێتەوە، هەروەها دوای کۆتایی دادگاییکردنەکە جێگری داواکاری گشتی بە دادوەری وتووە کە ئەو سزایەی بۆ دیاری بکە، کە ئەو دیاریکردنە تەنها لە تایبەتمەندی دادوەری دادگایە و نابێت هیچ لایەنێک دەستی تێبخات.

٣- لە دۆسیەی ژمارە ٨٣/ج/٢٠١٠ لە دادگای نەوجەوانانی سلێمانی دەستنیشانی ئەوە کراوەکە دادگا تۆمەتی ئاراستەی تۆمەتبارەکە نەکردوو وتەی شایەتی بەرگری وەرگرتوە، هەروەها سەرەڕای ئەوەی شایەتەکەش ناسنامەی پێنەبوو وتەکانی وەرگیراوە و هەروەها داواکاری گشتی بەشێوەیەکی توند و بەتووڕەبوونەوە پرسیارەکانی ئاراستەی تۆمەتبارەکە کردوە .

٤- به پێی ماددەی ١٩ – نۆزدەهەم لە دەستووری کۆماری عێراق و هەروەها ماددەی ١٥٢ لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنە سزاییەکان ئەبێت دانیشتنی دادگاییکردنەکان بە شێوەی ئاشکرا بێت و پێگەی قەزاش وا دەخوازێت کەهۆڵی دادگاییکردنەکان لەئاستێکی بەرزی شارستانیدا بن، بەڵام لەدادگاکانی (تاوانی یەک و دوو وە سێ لەهەولێرو و کەتن لە هەولێر و سلیمانی) دەستنیشانی ئەوە کراوە کەدانیشتنەکانی دادگاییکردن بەو شێوەیە نییەو لەژووری بچوکدا کە تایبەتن بە دادوەران بەڕێوەئەچن کەبوار نییە بۆ خەڵکانی ئاسایی و هاوڵاتیان ئامادەبن لەکاتی دادگایی کردنەکاندا و هیچ بوارێکی شارستانی و سەردەمیانەی تێدا بەدیناکرێت لەهەموو ڕوویەکەوە، ئەمەش پێچەوانەی بنەمای ئاشکرایی دادگاییکردنەکان و پێگەی قەزایە لەناو کۆمەڵگادا، بەڵام لەدادگای سلیمانی لەسەرەتای مانگی دەی ٢٠١٠ بەدواوە وە دوای گواستنەوەی خانەی داد بۆ بینای نوێ، ئێستا دادگاییکردنەکان لەهۆڵی دادگاییکردندا بەڕیوە ئەچێت، کە بوار هەیە بۆ خەڵکانی ئاسایی و هاوڵاتیان ئامادەی دادگاییکردنەکان بن وەک چۆن لەیاسادا ئاماژەی پێکراوەو ڕوویەکی شارستانی وسەردەمیانەی تێدا بەدیدەکرێت.

٥- لە بەرواری ٢٠١٠/١/١١ دا دەستنیشانی ئەوە کراکە دادگای کەتنی ١ لەهەولێر زۆر درەنگ وە کاتژمێر ٩،٤٥ دەقیقە دەستی کرد بە دادگایی کردن لەدۆسیەکاندا ئەم حاڵەتەش زۆر کات دووبارە ئەبێتەوە بە تایبەتی کە هەندێکجار دادوەرە بەڕێزەکان لەسەرەتای دەوامدا سەردانی ئاسایی یەکتری دەکەن و کۆدەبنەوە و ئەمەش کاریگەری خراپی ئەبێت لە سەر داواکان و کەمبوونەوەی ئەو ماوەیەی کە تەرخانکراوە بۆ بینینی داواکان و ئەنجامدانی دادگاییکردنەکان و رەخساندنی دەرفەت بۆ لایەنەکان و خستنەڕووی داواکاری و گفتوگۆی بەڵگەکان بەمەبەستی بەدەستهێنانی دادپەروەری، لەگەڵ زانینی ئەو ڕاستییەی کەماوەی پێکهاتنی دادگاکان ڕۆژانە لەنێوان ٣ بۆ ٤ کاتژمێرە.

٦- لە دۆسیەی ژمارە ١٦٧/ج/٢٠٠٩ دا لەدادگای نەوجەوانانی سلێمانی دەستنیشانی ئەوە کراوە لەکاتی دادگاییکردن تیایدا لە بەرواری ٢٠١٠/٦/١٣ دا بەڕێزجیگری داواکاری گشتی بە مۆبایل قسەی کردوە و تەنانەت دادگاش ماوەیەک چاوەڕێی کرد وەتا پەیوەندیەکەی تەواو ببێت تاوەکو بەڕێزی

داواکاریـەکانی پێشـکەش بکـات ، ئەمـەش نیشـانەی کـەم بایەخدانـە بـە دادگـا و دادگاییکردنەکان .

٧- لـە بـەرواری ٢٠١٠/٢/٣ دا لـەدادگای کـەتنی ٤ لەسـلێمانی دەستنیشـانی ئـەوەکرا بـەڕێز دادوەری دادگاکـە لـە ژووری دادگـاییکردن داوایـەک کـە مـادەی یاسابییەکەی ٨ ی (جوازات السفر ) بوو دایـە دەسـتی یـەکێک لەفەرمانبـەرەکانی و پێی ووت بڕۆ لەودیوو ( واتە لە ژووری پێنووسـی دادگـا ) بڕیـاری تیـا دەربکـەو وەقـف تـەنفیزی بـۆ بکـە، هـەروەها لـەداوای ژمـارە ٢٠٣٨/ج/٢٠٠٩ لەبـەرواری ٩ /٢٠٠٩/١٢ دا لەهەمان دادگا هەمان فەرمانبـەری پێشـوو دادگـاییکردنی تیـا کـردو بڕیاری تیا دەرکرد .

٨- لـە کـاتی دادگـاییکردن لـەداوای ژمـارە ٣٢٩٠ /ج/٢٠٠٩ لـە بـەرواری ٢٠١٠/٢/٣ لەبەردەم دادگای کەتنی /٤ سلیمانی دەستنیشانی ئەوە کراوەکە مۆبایلی بەڕێز دادوەری دادگا کە دوو جار زەنگی بۆ هاتووە و هەردوو جارەکە ش وەڵامی داوەتەوەو بووە بە هۆی پچراندنی دادگاییکردنەکە .

٩- لە دۆسیەی ژمارە ٨٤٢/ج/٢٠١٠ دا و لەبەردەم دادگای کەتنی /١ لەهـەولێر لەبـەرواری ١-١١-٢٠١٠ دادگـاییکردن ئەنجامـدراوە لـەدژی تۆمـەتباری کێشـەکە بەپێی ماددەی ٤١٥ لە ی. س .ع، دەستخراوەتە سەر ئـەوەی کـە تۆمەتبارەکـە بـە دادگای ووتووە کە پێش دۆسیەی بینراو لەو دادگایەدا دۆسیەیەکی تری هـەبووە لەهەمان بنکەی پۆلیس، لەبەرئەوە داوایکردوە کە دۆسیەکە داوابکرێت بەڵام دادگـا ئەم داواکارییەی تۆمەتبارەکەی پشتگوێ خستووە و لێی نەکۆڵیوەتـەوە و بڕیـاری لە دۆسیەکەدا دەرکردووە .

١٠- لـە دۆسـیەی ژمـارە ٢٤٣٦/ج/٢٠١٠ دا لەبـەردەم دادگـای کـەتنی ٢ لـە سلێمانی لە بەرواری ٢٠١٠/١١/٢٨ دا دەستنیشانی ئەوە کراوە کەدادگا ووتەی هەر چوار تۆمەتباری دۆسیەکەی لەیەک کاتدا و بە یەکەوە و بە ئامادەبوونی هەموویان وەرگرتـووە ، هـەروەها لـە داوای ژمـارە ٢٨٦٨ /ج/٢٠٠٨ لـە هـەمان دادگـا دادگـا ووتەی هەردوو تۆمەتبارەکەی بە هـەمان شـێوە وەرگرتـوە، ئەمـەش پێچـەوانەی یاسایەو دەبێت ووتەکانیان یەک بەدوای یەک وەربگیرێت بە بێ ئەوەی ئاگایـان لـە ووتەکانی یەکتر بێت .

١١- هەروەها لە دۆسیەیەکی تردا دەستنیشانی ئەوە کراوە لەبەردەم دادگای (کەتنی هەولێر) کە دادگایی کردن تیایدا ئەنجامدراوە بە پێی ماددەی ٤٤٦ لەیاسای سزادان لە ٢٠١٠/٥/١٦ هەردوو شایەتی سەلماندن بەیەکەوە ئامادەبوون و بەیەکەوە ووتەکانیان وەرگیراوە، بەپێچەوانەی یاسا کەدەبێت ووتەی شایەت بەجیا لە یەکتر وەربگیرێت.

١٢- لە دۆسیەی ژمارە ١٦٧/ج/٢٠٠٩ لەبەردەم دادگای نەوجەوانانی سلێمانی دەستنیشانی ئەوە کراوە پاش ئامادەکردنی تۆمەتبار لەبەردەم دادگادا و پێش دەستکردن بە دادگاییکردن بەپێی ماددەی ٤٤٣ لەیاسای سزادانی عیراقی دادوەری دادگا کە بیرورای خۆی دەربڕیوە و وتویەتی کە (تۆمەتبارەکان هەموو سلێمانیان دزیوە) و ڕای خۆی دەربڕیوە ئەمەش پێچەوانەی کاری دادوەریکردن و پرەنسیپەکانی دادگاییکردنی دادپەروەرانەیە.

١٣- لە هەردوو دۆسیەی ژمارە ١٦٥٢ /ج/٢٠٠٩ و ١٦١٠/ج/٢٠٠٨ وە لەبەرواری ٢٠١٠/٣/٧ دا لەبەردەم دادگای کەتنی ٤ لەسلێمانی، دەستنیشانی ئەوە کراوە کە بە بێ ئامادەبوونی جێگری داواکاری گشتی دادگاییکردنی تیایدا ئەنجامدراوە ئەمەش پێچەوانەی یاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکانە.

١٤- لەبەرواری ١١-١١-٢٠١٠ دەستنیشانی ئەوە کراوە لەبەردەم دادگای کەتنی/٤ لە سلیمانی کە ئەم دادگایە لەماوەی سەعات و نیوێکدا پانزە دۆسیەی بینیوە و دادگاییکردن تیایدا ئەنجامدراوە، بەپێی ماددەی ٢١ لەیاسای هاتووچۆ، سەرەرای ئەمەش ڕەچاوی شکلیاتی دادگاییکردن نەکراوە، وەک ئەوەی تۆمەتباران بخرێنە شوێنی تایبەتی خۆیان، هەروەها لەکاتی خوێندنەوەی بڕیاری دادگا، دادوەر داوای لەئامادەبووانی دادگاییکردنەکان نەکرد کەهەستنە سەرپێ .

## دووەم:-

## درەنگ یەکلابوونەوەی دۆسیەی کێشەکان وخایەندنی ماوەی دوورودرێژ تا یەکلابوونەوەیان

**ئەوەی تێبینی دەکرێت لەم بەشەدا دەستخراوەتە سەری لەڕێگای چاودێرەکانەوە خایاندی ماوەی دوور و درێژ و درەنگ یەکلابوونەوەی دۆسیەی کێشەکانە لەبەردەم دادگاکاندا بەشێوەیەک بووە بە یەکێک لەو گرفتانەی کەهاولاتیان بەدەستیەوە دەناڵێنن بەهۆی خەمساردی هەندێک لەدادگاکان بۆ زوو**

یەکلایکردنەوەی ئـەو کێشـانەی کـە لەبەردەمیانـدا ئامـادەکراون بـۆ ئەنجامـدانی دادگاییکردن تیایاندا، بەبی ڕەچاوکردنی یاسا و بنەمای گەڕاندنەوەی ماف لەکاتی گونجاودا بۆ مافخوراو کە بەیەکێک لەبنەماکانی دادپـەروەری دادەنرێـت لـەبواری دادوەریکردنـدادا، وە هەنـدێک لەحاڵەتـەکان لـەم چـەند خاڵـەی خـوارەوە خـۆی دەبینێتەوە:

**ا- دواخستنی دانیشتنی دادگاییکردنەکان لە دادگاکاندا بۆ ماوەی دوورو درێژ:-**

لە چەندەها دۆسیەی سزاییدا دەستنیشانی ئەوە کراوە کەدادگاسزاییەکان لەکاتی دواخستنی دانیشـتنی دادگاییکردنەکانـدا لـەو دۆسـیانەی کـە لەبەردەمیاندایـە بـۆ ماوەی زۆر دوورو درێژ و پێچەوانەی یاسا دادگاییکردنەکان دوادەخرێن ، ئـەوەی کە لەم خشتەیەدا دێت چەند نموونەیەکی ئەو ڕاستییەیە:-

| ژ | ژمارەی داوا | ناوی دادگا | بـــەرواری دادگـــایی کردن | دادگاییکرد نی دواتر | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٥٣٥/ج/٢٠٠٩ | تاوانی/١ سلێمانی | ٢٠١٠/٣/٢٣ | ٢٠١٠/٧/٤ | |
| ٢ | ٥٣٧/ج/٢٠٠٩ | تاوانی/١ سلێمانی | ٢٠١٠/٣/٢٣ | ٢٠١٠/٧/٧ | |
| ٣ | ٦٩٢/ج/٢٠٠٨ | تاوانی/١ سلێمانی | ٢٠١٠/٨/٩ | /١/١٨ ٢٠١١ | |
| ٤ | ٢٩/ج/٢٠١٠ | تـاوانی کـەرکوک لـە سلێمانی | ٢٠١٠/٨/٢٢ | /٩/٢٠ ٢٠١٠ | تۆمەتبارە کـــــە ڕاگیراوە |
| ٥ | ١/ج/٢٠١٠ | تـاوانی کـەرکوک لـە سلێمانی | ٢٠١٠/٧/٢٧ | /٨/٢٣ ٢٠١٠ | دوو تۆمـەتبارە کە ڕاگیراو بوون |
| ٦ | ٦/ج/٢٠١٠ | تاوانی/١ هەولێر | ٢٠١٠/٩/١٩ | /١٠/٣١ ٢٠١٠ | |
| ٧ | ٢٥١/ج/٢٠١٠ | تاوانی/١ هەولێر | ٢٠١٠/٩/١٩ | /١١/١٠ ٢٠١٠ | |
| ٨ | ١٠٩/ج/٢٠١٠ | تاوانی/١ هەولێر | ٢٠١٠/٩/٧ | /١٠/١٧ ٢٠١٠ | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٩ | ٤٧/ج/٢٠١٠ | تاوانی/١ هەولێر | ٢٠١٠/٩/١٩ | /١٠/٣١ ٢٠١٠ | |
| ١٠ | ٣٠٦/ج/٢٠٠٩ | تاوانی هەولێر | /١٢/٢٨ ٢٠٠٩ | /٢/١٥ ٢٠١٠ | |
| ١١ | ٢٧١٧/ج/٢٠٠٨ | کەتنی/١ سلێمانی | ٢٠١٠/١/٢١ | ٢٠١٠/٤/٤ | |
| ١٢ | ٢١٩٤/ج/٢٠٠٩ | کەتنی/٢ سلێمانی | ٢٠١٠/٨/٢٢ | /١١/٨ ٢٠١٠ | |
| ١٣ | ١٧٨٦/ج/٢٠٠٩ | کەتنی /٢سلێمانی | ٢٠١٠/١/٥ | ٢٠١٠/٤/٤ | |
| ١٤ | ٣١٨٠/ج/٢٠٠٩ | کەتنی/٢ سلێمانی | ٢٠١٠/١/٥ | ٢٠١٠/٤/٤ | |
| ١٥ | ٣١٦١/ج/٢٠٠٩ | کەتنی /٣سلێمانی | ٢٠١٠/١/١٠ | /٢/١٤ ٢٠١٠ | |
| ١٦ | ٣٠٣٥/ج/٢٠٠٩ | کەتنی/٣ سلێمانی | ٢٠١٠/١/١٠ | /٢/١٤ ٢٠١٠ | |
| ١٧ | ١٥٢/ج/٢٠٠٩ | کەتنی/٤ سلێمانی | ٢٠١٠/١/٢٠ | ٢٠١٠/٤/٤ | |
| ١٨ | ٧٧٦/ج/٢٠٠٩ | کەتنی/٤ سلێمانی | ٢٠١٠/١/١٠ | ٢٠١٠/٢/٦ | |
| ١٩ | ٨٨/ج/٢٠٠٩ | نەجەوانانی هەولێر | ٢٠١٠/٨/١٣ | /١٠/١١ ٢٠٠٩ | |
| ٢٠ | ٧٤/ج/٢٠٠٩ | نەجەوانانی هەولێر | ٢٠١٠/٨/١٣ | /١٠/٥ ٢٠٠٩ | |
| ٢١ | ٦٦/ج/٢٠١٠ | نەوجەوانانی سلێمانی | ٢٠١٠/٤/١٣ | /٦/٢٩ ٢٠١٠ | |
| ٢٢ | ٤٠/ج/٢٠١٠ | نەوجەوانانی سلێمانی | ٣٠١٠/٤/٦ | /٦/٢٢ ٢٠١٠ | |
| ٢٣ | ٢٣/ج/٢٠١٠ | نەوجەوانانی سلێمانی | ٢٠١٠/٧/٢٧ | /١١/٧ ٢٠١٠ | |
| ٢٤ | ١٩٤/ج/٢٠١٠ | تاوانی /١هەولێر | ٢٠١٠/٩/٢٠ | /١١/١ ٢٠١٠ | |
| ٢٥ | ٣٢٠/ج/٢٠١٠ | تاوانی/١هەولێر | ٢٠١٠/٩/١٩ | /١١/١٠ ٢٠١٠ | |

..وە هەر لەو چوارچێوەیەدا دەستنیشانی ئەوە کراوە کە ژمارەیەکی زۆر لە ڕاگیراوان لە فەرمانگەی چاکسازی گەورەکانی هەولێر بۆ ماوەیەکی زۆر دوور و

درێژ لەو فەرمانگەیەدا ماونەتەوە لەچاوەڕوانی ئەنجامدانی دادگاییکردنیانن لەلایەن دادگاوە بۆماوەی نێوان (شەش ساڵ بۆ ساڵ ونیوێک)کە کێشەکانیان لە قۆناغی دادگایی کردندایە و تەنانەت کار گەیشتۆتە ئەوەی کە فەرمانگەی داواکاری گشتی لەو فەرمانگەیە بە نووسراویان ژمارە ٣٦ لە ٢٠١٠/٥/٤ ئاگاداری سەرۆکایەتی داواکاری گشتی کردوە لەهەولێر سەبارەت بە بەدواداچونی مانەوەی ئەو ڕاگیراوانەی بۆ ئەو ماوە زۆرە کە تا بەرواری نوسراوی ناوبراو لە ڕاگرتندا ماونەتەوە ،سەرەڕای ئەو کاریگەریە خراپانەی کەلەڕووی دەروونی و کۆمەلآیەتیەوە بەو تۆمەتبارانە گەیشتوە بەبێئەوەی ئەم تۆمەتبارانەوە حوکم درابن و بەپێچەوانەی بنەمای (تۆمەتبار بێتاوانە تائەو کاتەی تۆمەتەکەی بەسەرداساغدەبێتەوە) کەلە دەستور و یاسا کارپێکراوەکاندا ئاماژەی پێکراوە .

لەم خشتەیەی خوارەوە بەرواری دەستپێکردنی ڕاگرتنی ئەو تۆمەتبارانە و ناویان و ئەو دادگایەی کێشەکانیان بۆ هەواڵەکراوە و ڕوون کراوەتەوە :-

| ز | ناوی تۆمەتبار | ماددەی یاسایی ڕاگرتن | سەرەتای بەرواری ڕاگرتن | دادگای کێشە بۆ هەواڵە کراو |
|---|---|---|---|---|
| ١ | س ا س | ٤٠٦ ی س | ٢٠٠٤/٦/٨ | دادگای تاوانی هەولێر |
| ٢ | ه و ق | ٤٠٦ ی س | ٢٠٠٨/٢/١٨ | دادگای تاوانی هەولێر |
| ٣ | ع ت ع | ٤٠٦ ی س | ٢٠٠٨/٤/٢٢ | دادگای تاوانی هەولێر ١ |
| ٤ | م ج ی | ٤٠٦ ی س | ٢٠٠٨/٢/١٨ | دادگای تاوانی هەولێر |
| ٥ | ف ا س | ٤٠٦ ی س | ٢٠٠٤/٦/٨ | دادگای تاوانی هەولێر |
| ٦ | و گ ع | ٤٠٦ ی س | ٢٠٠٤/٦/٨ | دادگای تاوانی هەولێر |
| ٧ | ک و ا | ٤٠٥ ی س | ٢٠٠٩/١/٥ | دادگای تاوانی هەولێر |
| ٨ | ک ا ص | ٤٤٣ ی س | ٢٠٠٩/١٠/٢٠ | دادگای تاوانی هەولێر |

**ب-مانەوەی داواکان دوای تەمییزکردنەوەیان بۆ ماوەیەکی زۆر لەلای داواکاری گشتی پێش ناردنیان بۆ دادگای تەمییز .**

لەچەند فۆرمێکی دەستنیشانکردنی حاڵەتەکانی پێشێلکاری و پاش پرسیارکردن وبەدواداچوون ئەوە ڕوون بۆتەوە کە دۆسیەکانی دادگای نەوجەوانان پاش ڕەوانەکردنیان بۆ دادگای تەمییزی هەرێمی کوردستان بۆ پێداچوونەوەیان، ئەو دۆسیانە زۆر دوادەکەون تا دەگەڕێنەوە و بڕیاری کۆتای لەکێشەکاندا دەردەچێت، یەکێک لەهۆکارەکانیش ئەگەڕێتەوە بۆ مانەوەی ئەو داوایانە لەداواکاری گشتی وە ئەم حاڵەتەش دەرکەوت، کاتێک لەدادگای تەمییز پارێزەرێک پرسیاری کردبوو لە چەند داوایەک، کە بڕیار بوو بنێردرێت بۆ ئەو دادگایە و هۆی دواکەوتنی گەڕانەوەیان، لە وەڵامدا لەدادگای تەمییز پێیان ڕاگەیاندبوو کە ئەوان واتە دادگای تەمییز هیچ داوایەکی دادگای نەوجەوانانیان لانییە و بەڵکو داواکان لە داواکاری گشتی لەوەزارەتی داد دوادەکەون وە نموونەش لەسەر ئەم حاڵەتەش داواکانی ژمارە ٩٥/ج/٢٠٠٩ لە ٢٠٠٩/١٠/١٢ و٦٨/ج/٢٠٠٩ لە ٢٠٠٩/١٠/٢٩ لە دادگای نەجەوانانی هەولێر دادگاییکردن تیایدا ئەنجامدراوە بەپێی ماددەی ٤٠٦ لە ی س ع و بڕیاری تیادەرچووە ونێردراوە بۆ داواکاری گشتی بەلاَم تا بەرواری ٢٠١٠/٤/١ئەم داوایانەیان نەناردووە بۆ دادگای تەمییزی هەرێمی کوردستان.!!!

**ج- مانەوەی داواکان بۆ ماوەیەکی زۆر دوای هەواڵەکردنیان بۆ دادگای تایبەتمەند و دیارینەکردنی ڕۆژی دادگاییکردن بۆیان .**

١- لەفۆرمێکدا دەستنیشانی حاڵەتێک کراوە کە پەڕاوی کێشەی تۆمەتبارێک بە ناوی م ع ر بەنوسراوی دادگای لێکۆڵینەوەی کۆیە بەژمارە ١٩٥ لە بەرواری ٢٠١٠/٩/٢١ هەواڵەکراوە بۆ دادگای تاوانەکانی هەولێر بەمەبەستی دادگاییکردنی، بەلاَم تابەرواری ٢٠١٠/١١/١ سەرەڕای ئەوەی کە تۆمەتبارەکە ڕاگیراو بووە دادگایی نەکراوە و بەرواری دادگایی کردنی دیار نەبووە .

٢- مانەوەی داواکان لە چەند دادگایەکی سزایی دوای هەواڵەکردنی ئەو داوایانە بۆیان و دیاری نەکردنی بەرواری دادگاییکردن بۆیان بۆ ماوەیەکی زۆر وەک لە فۆرمێکدا دیاریکراوە، کە لە بەرواری ٢٠٠٩/١٢/٨ دا لە دادگای کەتنی سلێمانی ٤ سەداها داوا هەبووە کە بۆیان هەواڵە کراوە، بەرواری دادگاییکردنیان بۆ دیاری نەکراوە.

٣- وه له فۆرمێكی تـردا دەستنیشـانی حاڵـەتێک كـراوه لـه داوای ژمـاره ٢٧٤٨ /ج/٢٠٠٩ له هەمان دادگا سـەرەڕای ئـەوەی كـه تۆمەتبارەكـه ڕاگیـراو بـووه ئـەم داوایەیان لـه ٢٠٠٩/٩/٢٩ بـۆ هەواڵـه كـراوه وه دوای بـه دواداچـوونی پـارێزەری تۆمەتبارەكه و گەڕانێكی زۆر بەدوایدا لـه ٢٠٠٩/١٢/١٤ دا بـەرواری دادگـاییكردنی بۆ دیاری كراوه .

## سێ یەم:-

## دیارینەكرنی پارێزەر بۆ تۆمەتبارەكان لـه دادگاكـانی كـەتن بـۆ نەوجەوانان كـه تۆمـەتباركراون بـه ئەنجامـدانی كـەتن سـەرەڕای دەركردنی یاسا له هەرێمی كوردسـتان كەپێویسـته پـارێزەر دابـین بكرێت

سەرەڕای دەرچوونی یاسای ژماره ٢٢ ی ساڵی ٢٠٠٣ ی پەرلەمانی كوردستان، تێبینی ئەوه دەكرێت، كه لـه مـاددەی ٣ ی یاسـای نـاوبراو برگـەی ( ب )دا دەڵیـت (تۆمەتبار بۆی هەیه پارێزەر به وەكیلی خۆی دابنێ خـۆ ئەگـەر هـاتوو ئـەوەی لـه باردا نەبوو ئەوه لەو بارەدا پێویسته لەسەر دادگاكه پارێزەرێكی بۆ دابنێ و ئـەرك و خەرجیەكەش ناكەوێته سەر تۆمەتبارەكه) وه هەروەهاجێگیربوونی ئـەو بنەمایـه له دەستووری كۆماری عێراق له ماددەی ١٩ برگەی یانزه كـه بـه پێـی ئـەو مـادده ئەبێت دادگا پارێزەرێک دابنێت بۆ تۆمەتبارەكه، ئەگـەر پـارێزەری نـەبوو بـەرگری لێبكات، ئەبینین كه له سـەرجەم دادگاكـانی كـەتنی هـەرێمی كوردسـتاندا پـارێزەر دانانرێت بۆ ئەو تۆمەتبارانەی كه پارێزەریان نییه وه ژمارەی ئەو تۆمەتبارانەی كه له دوای دەرچوونی دەستوور و یاسای پەرلەمانی كوردستانی ناوبراو، هـەزارەها تۆمەتباره لەدادگاكانی هـەرێمی كوردسـتان ئـەو مافـەیان پێشـێل كـراوه بـه بـێ جیـاوازی ، وه لــه مــاوەی ڕابــردوودا تــوانراوه ٤٨ فــۆرمی دەستنیشــانكردنی پێشێلكاریەكان لەسەر ئەو حاڵەته پربكرێتەوه ، بۆ نمونەش لەسەر ئەم حاڵەته لـەم دۆسـیانەی خـوارەوه كەلەبـەردەم دادگـای كـەتنی دهـۆک دادگـاییكردن تیایانـدا ئەنجامــــدراوه دەخەینــــه ڕوو:-(٩٥٨/ج/٢٠١٠) و(٩٦٠/ج/٢٠١٠) و(٢٠/ج/٢٠١٠) و(٩٥٧/ج/٢٠١٠) و(١٢٤٣/ج/٢٠٠٩) و(٤٨/ج/٢٠١٠) و(٤٣/ج/٢٠١٠).

**چوارەم :-**

## ئامادەنەکردنی تۆمەتباری ڕاگیراو لە بەردەم دادگادا لە ڕۆژی دادگایی کردندا و دواکەوتنی یەکلاکردنەوەی داواکە و مانەوەی تۆمەتبار لە ڕاگرتندا.

١ – لە ماوەی ڕابردوودا توانراوە چەند حالەتێک دەستنیشان بکرێت کە تایبەت بوون بە ئامادەنەکردنی تۆمەتباری ڕاگیراو لەبەردەم دادگای تایبەتمەند لە ڕۆژی دادگاییکردندا کە بووە هۆی دواخستنی دادگایی کردنەکان بۆ کاتێکی تر کە ئەمەش پێشێلکاریەکی زەقی مافی تۆمەتبارەکەیە کە پێویست ئەکات لە کەمترین ماوەدا دادگایی بکرێت و چارەنووسی یەکلا بکرێتەوە وەک لەم خشتەیەدا ناوی دادگاکەو ئەو بەرواری دادگایی کردنە کە تۆمەتبارەکەی تیادا ئامادە نەکراوە ڕوون کراوەتەوە -:

| ژمارەی داوا | دادگا | ناوی تۆمەتبار | بەرواری دادگاییکردن | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ٨٣/ج/٢٠٠٩ | تاوانی سلێمانی ٢ | ه ر ح | ٢٠١٠/٣/١ | |
| ٨٣/ج/٢٠٠٩ | تاوانی سلێمانی ٢ | ه ر ح | ٢٠١٠/٥/١٧ | |
| ٤٣/ج/٢٠١٠ | تاوانی کەرکوک لە سلێمانی | ش م ا | ٢٠١٠/٤/٥ | لەم بەروارەدا شایەتەکان ڕاگیراو بوون و ئامادەنەکران |
| ٤٣/ج/٢٠١٠ | تاوانی کەرکوک لە سلێمانی | ش م ا | ٢٠١٠/٤/٢٨ | |
| ١٩٤/ج/٢٠٠٤ | تاوانی سلێمانی ١ | ع ر ر | ٢٠١٠/٥/ ١٨ | |

٢– له فۆرمێكی تردا دەستنیشانی حاڵەتێكی پێشێلكاری كراوە لەدۆسیەی ژمارە (١٧٠/ج/٢٠١٠ )كە لە لایەن دادگای تاوانەكانی كەركوك لەسلێمانی دادگاییكردن تیایدا ئەنجام دراوە لەدژی تۆمەتباری كێشەكە بەپێی ماددەی ٢٤ (لەیاسای مانەوەی بیانیەكان)، كەدادگاییكردنی تۆمەتباری دۆسیەكە سێ دانیشتنی یەك لەدوای یەك لەبەروارەكانی ( ٢٠١٠/٨/١ ، ٢٠١٠/٨/٢٤ ، ٢٠١٠/٩/٢٦ ) دواخراوە لەبەر ئاگادارنەكردنی شایەتەكانی كێشەكە، ،سەرەڕای ئەوەی كە تۆمەتبارەكە ڕاگیراو بووە .

## پێنجەم:-

## پێكنەهاتنی هەندێك دادگا بە هۆی نەبوونی دادوەرەوە و دواخستنی سەرجەم داواكان لەو ماوانەدا:

سەرەڕای كەمبوونەوەی حاڵەتەكە لەچاو ڕاپۆرتی سێهەممماندا ، لەماوەی ڕابردوودا تێبینی ئەوە كراوە هەندێك دادكای سزایی پێكنەهاتووە بۆ ماوەیەك هەندێك جار بۆ زیاتر لە دوو مانگی خایاندوە، كە بە هۆیەوە سەرجەم دۆسیەكانی ئەو دادگایانە دادگاییكردنیان تێدا ئەنجامنەدراوە و دواخراون بۆ بەروارێكی تر كە لە ناو دۆسیەكاندا چەندەها ڕاگیراوی تیابووە وە ئەوەی توانراوە دەستنیشان بكرێت ئەوانیش

١- دادگای نەوجەوانانی سلێمانی بەهۆی نەبوونی دادوەری تایبەت بە دادگاكە، ئەم دادگایە لە بەرواری ٢٠١٠/٢/٧ تا بەرواری ٢٠١٠/٤/١٨ پێكنەهات .

٢- دادگای تاوانەكانی سلێمانی ١ بە هۆی مۆڵەتی یەكیك لە بەرێزان دادوەرانی ئەندامانی دادگاوە لە بەرواری ٢٠١٠/٨/٢٤ تا بەرواری ٢٠١٠/٩/٢ دادگاكە پێكنەهات .

## شەشەم :-

## جۆراوجۆر

لە ماوەی ڕابردوودا چەندەها پێشێلكاری تری جۆراو جۆردەستنیشان كراوە كە نەتوانراوە لە خاڵەكانی پێشوودا جێگای بكرێتەوە لەوانە:-

١- لە کێشەی ژمارە ٣٥٤/ج/٢٠٠٩ دا لەبەردەم دادگای نەوجەوانان لە سلێمانی دەستنیشانی ئەوە کراوە پاش چەند مانگێک لە هەواڵەکردنی دۆسیەکە بۆ دادگای ناوبراو و ئەنجامدانی چەندین دانیشتنی دادگایی کردن تیایدا و وتەی سەرجەم لایەنەکانی داواکەش وەرگیرا بە تۆمەتباریشەوە دوای ئەو هەموو ڕێو شوینە، دادگا تدخلی کردووە لە بڕیاری هەواڵەکردنەکەدا لەبەرواری ٢٠١٠/٢/٢ ئەویش بە هۆی ئەوەی تۆمەتبارەکە نەنێردرابوو بۆ نوسینگەی توێژینەوەی کەسێتی، وە هەروەها ئەو ماوەیەی کە ناردنی دۆسیەی داواکە بۆ بنکەی پۆلیسی شۆرش لە قەزای چەمچەماڵ و ناردنی تۆمەتبارەکە بۆ نوسینگەی توێژینەوەی کەسێتی و بینینی لە لایەن ئەو نوسینگەیەوە دوو مانگ و نیوی پێچووە واتە لە ٢٠١٠/٤/١٨ وە تۆمەتبارەکەش بە درێژایی ئەو ماوەیە ڕاگیراوبوە!!

٢- لە دۆسیەی ژمارە ٦٩/ج/٢٠٠٦ لەبەردەم دادگای تاوانەکانی دوو لە هەولێر سەرەڕای ئەوەی تۆمەتبارەکە ڕاگیراو بووە بەپێی ماددەی ٤٠٦ لەی س ع لەئاسایشی شاری هەولێر بەڵام دوای چوار ساڵ وپاش دادگایی کردنی لە ١٨ /٢٠١٠/٥ دا تۆمەتبارەکە بە هۆی نەبوونی بەڵگەی تەواو بۆ تاوانبارکردنی ئازادکرا.

٣- لە دۆسیەی ژمارە ١٠٢٠/ک/٢٠٠٤ لە بەردەم دادگای کەتنی هەولێر تیایدا تۆمەتبارەکە ڕاگیراوە بە پێی ماددەی ٤٥٦ لە یاسای سزاکانی عێراقی کە بە پێی ئەو یاسایە سزاکەی حەبس بێت واتە زیاتر نەبێت لە ٥ ساڵ، بەڵام تۆمەتبارەکە لە ساڵی ٢٠٠٨ وە ڕاگیراوە تا ٢٠١٠/٥/٥ هەر بە ڕاگیراوی ماوەتەوە کە ماوەی یاسایی ڕاگرتن لەم حاڵەتەدا زیاترە لەماوە ڕێپێدراو کە نابێت زیاتر بێت لە چارەکی زۆرترین ماوەی سزاکە.

٤- لە دۆسیەی ژمارە ٢١٩٤ /ج/٢٠٠٩دا لە دادگای کەتنی ٢ لەسلێمانی لەبەرواری ٢٠١٠/٧/١٢ دا دوای تەواوبوونی دانیشتنی دادگاییکردنی تۆمەتبار بەپێی ماددەی ٤٣٣ لە ی س ع بەڕێز دادوەری دادگا داوای لە تۆمەتبارەکە کرد کە پزیشک بوو چارەسەرێکی بۆ دیاری بکات بۆ نەخۆشییەکەی، تۆمەتبارەکەش چارەسەری بۆ بەڕێز دادوەر نووسی .

٥- لە هەردوو دۆسیەی ژمارە ١٦٧/ج/٢٠٠٩ و ٢٠٠/ج/٢٠٠٩ لە دادگای نەجەوانانی سلێمانی کە تایبەتن بە یەک تۆمەتبار، دوای ئەوەی تۆمەتبارەکە لە

کێشەیەکی تردا بەندکردنەکەی بەسەرئەچێت بە کۆنوسێکی پۆلیسی نەوجەوانان داوادەکرێت لە بەڕێز دادوەری ئێشکگر کە چارەنووسی دیاری بکات، لەو دوو دۆسیەیەدا ، بەڕێز دادوەری ئێشکگر بڕیار ئەدات بە ڕاگرتنی تۆمەتبارەکە بەبێ ئەوەی ئەو دۆسیەیە دیاری بکات لەو دوو کێشەیە کە بڕیاری ڕاگرتنەکە ئەیگرێتەوە ئەمەش لە ئایندەدا کێشە بۆ دادگای تایبەتمەند دروست ئەکات، لە کاتی بڕیاردان لە داواکەدا و ئەژمارکردنی ماوەی ڕگرتن تیایدا .

٦- لە هەمان دوو دۆسیەی پێشوودابە ژمارە ١٦٧/ج/٢٠٠٩ و ٢٠٠/ج/٢٠٠٩ لە دادگای نەجەوانانی سلێمانی کە تایبەتن بە یەک تۆمەتبار، تۆمەتبارەکە لە ٢٠١٠/١/١٠ وە لەبەڕێوەبەرێتی گرتن و گواستنەوەی سلێمانی بەند بووە تا بەرواری ٢٠١٠/٦/٦ بە بێبوونی بڕیاری دادوەر لەو ماوەیەدا سەرەڕای بەدواداچوون لە لایەن دادگای ناوبراوەوە تا مانگی یەکی ٢٠١١ ئەم کێشەیەی بۆ یەکلا نەبۆتەوەو سەرەنجام تۆمەتبارەکە سکاڵای پێشکەشی دادگای ناوبراو کردووە بۆ ئەو مەبەستە.

٧-وە هەروەها لە فۆرمێکی تردا دەستنیشانی ئەوە کراوە کە دۆسیەی ژمارە ٢٣٧/ج/٢٠٠٩ لەبەرواری ٢٠١٠/٣/١٠ لە دادگای تاوانەکانی دووی هەولێر بڕیاری تیادەرچووە بەپێی ماددەی ١٤ لەیاسای مخدرات بەڵام تا بەرواری ٢٠١٠/٤/١٥ هەر لەو دادگایە ماوەتەوە و نەنێردراوە بۆ دادگای تەمییز .

## (بەشی سێهەم)

## دەستخستنە سەر پێشێلکارییەکانی دادگا مەدەنیەکان (بەرایی و باری کەسێیەتی و باری شارستانی)

لەماوەی ساڵی ٢٠١٠ دا دەستخراوەتە سەر ١٦٤ سەد و شەست و چوار حاڵەتی پێشێلکاری لەدادگا مەدەنیەکان (بەرایی و باری کەسێیەتی و باری شارستانی)، وە توانیمان حاڵەتەکان بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێن بکەین:

١-پێشێلکردن و پیادەنەکردنی هەندێک لەبڕگەکانی یاسای دادبینی شارستانی و یاسای داواکاری گشتی ویاساکانی تر.

٢-بەرێوەبردنی دانیشتنەکانی دادبینی بەپێچەوانەی یاسا و کەمی شارەزایی یاسایی لەلای هەندێک لە دادوەران.

٣-دواخستنی دادبینیەکان بۆ ماوەی دوور و درێژ و پێچەوانەی یاسا و دواکەوتنی یەکلاکردنەوەی داواکان.

٤-ئامادەنەبوونی نوێنەری یاسایی فەرمانگە حکومیەکان لەو داوایانەی لەسەریان تۆمارکراوە.

٥-وەلام نەدانەوە و پشتگۆ خستنی نوسراو و داواکاری و بڕیارەکانی دادگاکان لە لایەن هەندێک لەفەرمانگە حکومییەکانەوە.

٦- نایەکسانی و جیاوازی کردن لە نێوان داوا بینراوەکاندا لە لایەن هەندێک دادگاوە .

٧- جۆراوجۆر .

### یەکەم:

### پێشێلکردن و پیادەنەکردنی هەندێک لەبڕگەکانی یاسای دادبینی شارستانی و یاسای داواکاری گشتی و یاساکانی تر

١-سەرەڕای ئاماژەبۆکردن لە ڕاپۆرتی پێشوماندا بەوەی لە سەرجەم دادگاکانی باری کەسێتی و بەراییدا مادەی (٤٨) لە یاسای ( دادبینی شارستانی ) پیادەناکرێت،

که تایبەتە بە پێدانی پسووڵەی ئیمزاکراو (وصل) بە هاولاتیـان لـەکاتی وەرگرتنـی عـەریزەی داواکـە و هاوپێچـەکانی، کـە لەلایـەن یاریـدەدەری دادوەرییـەوە ئیمـزا کرابێـت و ژمـارەی داواکـە و بـەرواری تۆمـارکردن و بـەرواری دادبینـی تێـدا نوسرابێت، ئەم ماددەیەش بۆ دڵنیایی هاووڵاتیان دانراوە کە بەڵگەیە کەبەدەستیەوە کە داواکەی لێوەرگیراوەو هەروەها ئاگاداربوونی لەبەرواری دادبینی یەکەی .

٢-پیادەنەکردنی برگـەی یـەک لـە مـادەی (٥٨) لـە یاسـای دادبینـی شارسـتانی لەچـەندەها داوای بینـراو لەبـەردەم دادگـا مەدەنیەکانـدا ئـەویش بـە داوانـەکردنی دادگاکان لەلایەنەکانی داواکان بـە دیارینـەکردنی ناونیشـانێک لەسـەرەتای یەکـەم دانیشتنی دادبینیدا بە مەبەسـتی پێڕاگەیانـدنیان بـە پێـی ئـەو ناونیشـانە لـە گشـت قۆناغەکانی ئەو داوایەدا . ئەمەش لەچەند داوایەکدا دەستنیشـانی ئـەوە کـراوە کـە دادگـا لەیەکـەم دانیشـتنی دادبینـی دا داوای لـە لایەنـەکانی داواکـە نـەکردووە کـە ناونیشانێک دیـاری بکـەن بـۆ پێڕاگەیانـدن لەوانـە داوای ژمـارە (٢٩٣٧/ب/٢٠١٠) لەبەردەم دادگای بەرایی سلیمانی سێهەم وداوای ژمارە (٤٢٩/ب/٢٠١١) لەبـەردەم دادگای بەرایی سلیمانی یەکەم وداوای ژمارە ( ٨٥٥ /ب/٢٠١٠ ) لەبـەردەم دادگـای بەرایی سلێمانی چوار .

٣-لەفۆرمێکی تردا دەستخراوەتە سەرحاڵەتیکی تری پێشێلکردنی دەقـی یاسـای ماددەی ١٧٣- برگـەی ٣ لەیاسـای دادبینـی شارسـتانی ژمـارە (٨٣) سـاڵی ١٩٦٩، لەســەرجەم دادگــا مەدەنیــەکانی هــەولێر و ســلێمانی ودهــۆک، ئــەویش بــە پێرانەگەیاندنی ئەو لایەنەی داوای لەدژ تەمیز دەکرێتـەوە لـەو بریارانـەی کـە لـەو دادگایانەوە دەردەچن.

٤-لە فۆرمێکی تردا دەستنیشانی ئەو حاڵەتە کراوە کە سەرجەم داواکانی بەردەم دادگاکـانی بـاری شارسـتانی هـەولێر و سـلیمانی و دهـۆک، کـە ئـەم دادگایانـە رێوشوێنی نایاسایی دەگرنە بەر کە لەیاسای باری شارستانیدا باسی لێوەنـەکراوە وەک لە داواکانی ( گۆڕینی ناو و چاکردنی تەمەندا ) دەبینرێت، ئەویش بـە نـاردنی داواکـارە بـۆ بنکـەکانی ئاسایشـی نـاو شـارەکان و بەرێوەبەرایـەتی ئاسـایش بەمەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەنـدیان وەک مـەرجێک بـۆ بینینـی داوای داواکـار لـە لایەن ئـەو دادگایانـەوە ، هـەر وەک لـە داوای ژمـارە ٧١٨/ب/٢٠١٠ کـە لـە لایـەن دادگای باری شارستانی سـلێمانی بینراوەکـە بابـەتی داواکـە گـۆڕینی نـاو بـووە ,

دەستنیشانی ئەوە کراوە کە یەکێک لە ڕێوشوێنەکانی کە گیراوەتە بەر بریتی بووە لە ناردنی داواکار بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی لەو داوایەدا، بەمەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندییان.

٥-لە دووفۆرمی جیادا دەستنیشانی ئەوە کراوە لەسەردوو داوا بە ژمارەکانی ١٧٦٧/ب/٢٠٠٩ و ٣٤٩٨/ب/٢٠٠٨ لە ڕۆژی دادبینی ٢٠١٠/٨/٨ و ٢٠١٠/٨/١٠ لەبەردەم دادگای بەرایی سلیمانی دووەم دا کە هەردوو داواکە دادبینی تیایدا دواخراوە بەهۆی ئەوەی پشووی دادگا دەیانگرێتەوە سەرەڕای ئەوەی هەردوو داواکە لە سەر لایەنی حکومی تۆمارکراون کە بە پێی بەیانی ژمارە ٧ ی برگەی دووەم ١١ دەرچوو لەئەنجوومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠١٠ ئەو داوایانە پشووی دادگاکان نایانگرێتەوە.

٦-وە لەداوای ژمارە ٢٤٩٠ /ش/٢٠١٠ بینراو لە لایەن دادگای باری کەسێتی سلێمانی سێیەم دەستنیشانی ئەوە کراوەکە لە دادبینی ڕۆژی ٢٠١٠/٨/٢٥ دا پارێزەرێک ئامادەبووە وەک بریکاری داواکار وقبوڵکراوە کە بریکارنامەی پێنەبووە و جێگەی ژمارە و بەرواری بریکارنامەکە بە بەتاڵی جێهێڵراوە دادبینیشی تێدا ئەنجامدراوە.

٧-وەلە دوو داوادا بە ژمارەکانی ٨٩١ /ب/٢٠٠٩ و١٧٦٧/ب /٢٠١٠ دا لەبەردەم دادگای بەرایی سلێمانی یەک و دوو دەستنیشانی ئەوە کراوەکە هەردوو داواکە لەسەر لایەنێکی حکومی تۆمارکرابوون و ناوەڕۆکی داواکان داواکردنی بڕێک پارە بووە کە زیاتر بووە لەوەی کە نوێنەری یاسایی لایەنە حکومیەکان بەتەنها ڕێدرابێت و بتوانیت کە ئامادەبێت و دادبینی تیادا ببینێت بەڵام ئامادەبوونی نوێنەری یاسایی لایەنە حکومییەکە و دادبینیکردن تیایاندا بۆ چەند دانیشتنێکی دادبینی لە لایەن دادگاوە قبوڵکراوە و دواتر دادگا بڕیاری داوە کە پارێزەر لە بری لایەنە حکومیەکە ئامادە بێت کە ئەمەش سەرپێچی یاسای پارێزەرایەتییە.

٨-لە داوای ژمارە ٥٤٢/ب/٢٠٠٨ لەبەردەم دادگای (بەرایی سلێمانی دوو ) دەستنیشانی ئەوە کراوەکە داواکە داواکردنی بڕێک پارە بووە لە لایەنێکی حکومی کە ( ١ ٠٠٠ ٠٠٠ ) یەک ملیون دینار بووە سەرەڕای ئەوەی کە نوێنەری یاسایی لایەنە حکومیەکە ئەیتوانی ئامادەبێت، بەڵام دادگا بڕیاری داوە کە داوابکرێت لەو لایەنە کە پارێزەر بکات بە بریکار و ئامادە بێت لەو داوایەدا و لەسەر ئەوە ئەو

لایەنە دوو پارێزەری کردوە بە بریکار و داواکەیان بینیوە و تا داواکەش بڕیاری کۆتایی تیا دەرکراوە ئامادەی دادبینی بووە بەپێچەوانەی یاساوە.

٩-لە داوای ژمارە ٢١٤٢/ب/٢٠٠٩ لەبەردەم دادگای (بەرایی سلێمانی دوو ) دەستنیشانی ئەوە کراوە کە دادگای ناوبراو سەرپێچی ماددەی ٧٨ ی یاسای دادبینی شارستانی کردوە، بەوەی دوای ئەوەی ئەم داوایەی بۆ هەواڵە کراوە لە لایەن دادگای بەراییی شارەزورەوە، دادگا پابەند نەبووە بەو بەرواری ڕۆژی دادبینی یە لە لایەن دادگای بەرایی شارەزورەوە دیاریکرابوو بۆ دادبینی، بەڵکو دادگای بەرایی سلێمانی وادەیەکی نوێی دیاریکردووە بۆ دادبینی بەپێچەوانەی یاسا.

١٠- لە داوای ژمارە ١٦٤١ /ب/٢٠٠٩ لەبەردەم دادگای (بەرایی سلێمانی یەک )دەستنیشانی ئەوەکراوە بە سەرپێچی کردنی یاسای پارێزەرایەتی بەمەبەستی دیاری کردنی کرێی پارێزەرایەتی چونکەدادگا کرێی پارێزەرایەتی زیاتر بڕیارداوە لەڕێژەی دیاریکراو بە پێی بڕە پارەی بڕیاردراو لەداواکەدا.

١١- لە داوای ژمارە ١٩٢٨/ب/٢٠١٠ لەبەردەم دادگای ( بەرایی سلیمانی پێنج ) دەستنیشانی ئەوە کراوە کە دادگا بەبێ ئەوەی رەسمی داواکە درابێت چەند دانیشتنێکی دادبینی تێدا بینیوە دواتر تێبینی ئەو لایەنە کراوە و بڕیاری پوچەڵ کردنەوەی دراوە بەهۆی نەدانی رەسمی یاساییەوە .

١٢- لە داوایەکی تردا بە ژمارە ١٢٠٦/ش/٢٠٠٩ لە بەردەم (دادگای باری کەسێتی هەولێر)دەستنیشانی ئەوەکراوە سەرەڕای تەمییز کردنەوەی داواکە لە لایەن بریکاری داواکارەوە، بەڵام دادگا وێنەی بڕیاری داواکەی داوە بە داوالەسەرکراو و ئاماژەکراوە کە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەرگرتووە و بڕیارەکە جێبەجێ کراوە .!!

١٣- لەداوای ژمارە ١٧٧٢ /ب/٢٠٠٩ لە بەردەم دادگای (بەرایی هەولێری سێیەم) دەستنیشانی ئەوە کراوە لەڕۆژی دادبینیدا پێش ئەوەی نۆرەی بینینی داواکە بێت پارێزەرێک کە ئەیویست لەو داوایەدا وەک بریکاری لایەنێک ئامادەبێت داوای لەبەڕێز دادوەر کرد کە سەیری داواکە بکات تاوەکو ناوەڕۆکی داواکە شارەزا بێت لەکاتی دادبینیدا، بەڵام دادوەر بەرپەرچی دایەوەو ڕێی نەدا سەیری داواکە بکات.

١٤- له داواى ژماره ١٥٧ /ش/٢٠١٠ له بەردەم (دادگاى بارى کەسێتى ڕانیە ) کەتایبەت بوو بە پەسەندکردنى تەڵاقى دەرەکى، دەستنیشانى ئەوە کراوە کە دادگا لە دانیشتنى دادبینى ڕۆژى ١٧ /٥/ ٢٠١٠ بڕیاریدابوو بە دانانى سەرکار (قیم) بۆ داوالەسەرکراو لەبەرئەوەى حوکم دراوبوو بۆ ماوەى چوار ساڵ سەرەڕاى ئەوەى پارێزەرەکەى ئامادەدەبێت بەپێى بریکارنامەیەکى گشتى هەروەها دادگا داوا لەداواکار دەکات کەکەسێک دیارى بکات بۆ (قیم) بەسەر داوالەسەرکراوەوە بەبێ ئەوەى ڕەچاوى ئەوە بکات کەداواکار ڕکابەرى داوالەسەرکراوە، بەڵام دادگا لە دانیشتنى دادبینى ٥-٦-٢٠١٠ کۆنووسى دادبینى پێشترى لابردوەو لەپەڕاوەکەدا نەهێڵراوە و دادگاى بریکارى داوالەسەرکراوى قبوڵکردوە و کۆنووسەکە بەشێوەیەکى تر نووسراوە وباس لەدانانى (قیم) بەهیچ جۆرێک ناکات .!!!!

١٥- لە داوایەکى تردا بەژمارە ٣٤٩٨/ب/٢٠٠٨ لەبەردەم (دادگاى بەرایى سلێمانى دوو) دەستنیشانى ئەوە کراوە کە کۆنوسى دادبینى ڕۆژى ٢٠١٠/٨/١٠ بە تەواوى بە مەرەکەبى سپى کوژێنراوەتەوە و کۆنوسێکى تر لەسەر کۆنوسە کوژاوەکە نوسراوەتەوە بە بێ ئەوەى بزانرێت کە لە کۆنوسە کوژێنراوەکە چى نوسراوە ، ئەمەش سەرپێچى یاساى دادبینییە شارستانییەکانە .!!

١٦- لە دوو داوادا بە ژمارەکانى ٨٥٥/ب/٢٠١٠لەبەردەم (دادگاى بەرایى سلێمانى چوار) و ١٧٦٧/ب/٢٠٠٩ لەبەردەم (دادگاى بەرایى سلێمانى دوو) دەستنیشانى ئەو حاڵەتە کراوە کە سەرەڕاى ئەوەى داواکان لەسەر لایەنێکى حکومى تۆمار کراون، بەڵام دادگا هەڵنەساوە بە ئاگادارکردنەوەى داواکارى گشتى بە لائحە و بەڵگەنامەکانى داواکەى، وەک چۆن یاساى داواکارى گشتى ئەو پێراگەیاندنەى پێویست کردووە.

١٧- وە لە چەند داوایەکى تردا دەستنیشانى ئەوە کراوە کە داواکار ئیمزاى نەکردووە لەسەر لائحەى داواکە کەئاماژەى پێراگەیاندنى بکات بە بەروارى دادبینى، لەوانە داواى ژمارە (٨٣/ب/٢٠١٠ و ٢٠/ب/٢٠١٠ ) لەبەردەم دادگاى بەرایى سلێمانى دوو .

١٨- لە داواى ژمارە ١٦٦٤ /ب/٢٠١٠ بینراو لە لایەن (دادگاى بەرایى هەولێر /چوار)دەستنیشانى ئەوە کراوە دواى پێشکەشکردنى ڕاپۆرتى شارەزا کە لە لایەن یەک شارەزاوە ئامادەکرابوو بریکارى داوالەسەرکراو ناڕەزایەتى هەبووە لێى و

داوای دانانی سێ شارەزای تری کردووە بەڵام دادگا داواکەی پشتگوێ خستووەو بڕیاری بە پێی راپۆرتی شارەزای ئاماژەبۆکراو دەرکردووە .

١٩- لە داوای ژمارە ٢١١٠/ش/٢٠١٠ لە بەردەم (دادگای باری کەسێتی هەولێر/ یەک ) دەستنیشانی ئەوە کراوە کەداوەکە تایبەت بووە بە (مشاهدە) واتا بینینی منداڵ لەلایەن باوک یان دایک، بەڵام لە بڕیاری ئەو داوایەدا دادگا بڕیاری داوە بە بینینی منداڵەکە چوارجار لە مانگێکدا بە بێ ئەوەی کاتژمێری بینینەکەو سەرەتا و کۆتایی بینینەکە دیاریبکات .

## دووەم:

## بەڕێوەبردنی دانیشتنەکانی دادبینی بەپێچەوانەی یاسا و کەمی شارەزایی یاسایی لەلای هەندێک لە دادوەران

١-ئەوەی تێبینی دەکرێت لەزۆربەی دادگاکاندا کە ڕۆژانە ئەو ماوەیەی تەرخان کراوە بۆ دادبینی لە دوو یان سێ کاتژمێر تێناپەڕێت، ئەمەش کاردانەوەی نەخوازراوی ئەبێت لە سەر بەڕێوەچوونی کاری دادگاکان بە گشتی کە ئەبێتە هۆی کەڵەکەبوونی داواکان و بوونی ماوەی زۆر لە نێوان دوو دادبینی داواکاندا کە یاسا ڕێگەی پێنەداوە وە هەروەها دەستپێنەکردنی دادبینی لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا ئەویش بەهۆی چەند هۆکارێکەوە لەوانە میوانداری ناسیاو و هاوڕێیان لە لایەن دادوەرانەوە کە دەبێتە هۆی نەبینین و دواکەوتنی داواکان لە کاتژمێری دیاریکراو بۆیان لەلایەن دادگاوە ئەمەش بۆتە هۆی دروستبوونی نارەزایی لەلایەی لایەنەکانی داواکان، سەرئەنجام کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر دادپەروەی ورەخساندن و فەراهەمکردنی گفتوگۆی بەڵگەکان و زیاتر ڕۆچوون لەبابەتە یاساییەکاندا، بۆیە گرنگە دەسەڵاتی دادوەری هەڵویستە لەسەر ئەم بابەتە بکات وڕێوشوینی گونجاو بۆچارەسەرکردنی بدۆزێتەوە.

٢- لە داوایەکدا لەبەردەم دادگای (بەرایی چوار-سلیمانی) بینراوە بە ژمارە ١١٢١/ب/٢٠١٠ دەستنیشانی ئەوە کراوە کە بەڕێز دادوەری دادگا پەنای بردۆتە بەر شارەزای دادوەری بۆ دیاریکردنی بوونی پێویستی ناچارکار ( الچرورە الملجئە ) کە ئەمەش پێچەوانی یاسایە لەبەرئەوەی دیاریکردنی بوونی ئەو حاڵەتە ئەگەڕێتەوە بۆ دادوەر تا بڕیار بدات بە بوونی یان نەبوونی ئەو پێویستییە.

٣- له داوایەکی تردا لەبەردەم ( دادگای بەرایی هەولێر) به ژماره ٢٢٣/ب/٢٠١٠ بینراوه، دەستنیشانی ئەوه کراوه که دادگا له کاتی دابینیکردندا کۆتایی هێناوه به دادبینی، بەڵام نووسەری دادبینی ( کاتب الچبگ)ەکه هەستاوه به تێگەیاندنی لایەنەکانی داواکه به ناوەرۆکی بڕیارەکه که ئەمەش سەرپێچی یاسایه لەبەرئەوەی بڕیار دەرکردن له تایبەتمەندی دادوەرەو ئەویش دەزانێت چی بڕیار ئەدات له داواکەداو دەبێت هەر ئەویش لایەنەکانی داواکه لەناوەرۆکی بڕیارەکه بگەیەنێت.

٤- له داوایەکی تردا به ژماره ١٦٤١ /ب/٢٠٠٩ لەبەردەم (دادگای بەرایی یەکەمی -سلیمانی) بینراوه، دەستنیشانی ئەوه کراوه که داوالەسەرکراوێکیی داواکه ڕاگیراو بووه له بەڕێوەبەرێتی گرتن و گواستنەوەی سلێمانی، بۆ دادبینی و پێڕاگەیاندنی بڕیاری غیابی داوالەسەرکراوی ناوبراو له ڕێگای بەڕێوەبەرێتی ناوبراوەوه ئەنجام دەدرێت، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت که بەڕێوەبەرێتی ناوبراو لەلایەن دادگاوه به نوسراو ئاگادار نەکراوەتەوه که داوالەسەرکراوی ناوبراو له ڕۆژەکانی دادبینی ئامادە بکات لەبەردەمیدا، که بەهۆیەوه داواکه به غیابی بەڕێوەچووه و بڕیارەکەش پلەی کۆتایی وەرگرتووه، وەک ئەزانرێت بەڕێوەبەرێتی ناوبراو هیچ تۆمەتبارێک ئامادە ناکات تەنها به ئاگادارکردنەوەی تۆمەتبارەکه لەبەردەم دادگا، تاوەکو لەلایەن ئەو دادگایەوه ئاگادارنەکرێتەوه که ئەمەش ئەبێته هۆی لەناوچونی مافی ڕاگیراوەکه .

٥- له چوار داوای بینراو له دادگاکانی باری کەسێتی له سلێمانیدا به ژمارەکانی (١٤٠٦/ش/٢٠١٠ )و( ٨٩٦ / ش/٢٠١٠ ) و ( ١٠٨٧/ش/ ٢٠١٠ ) و (٣٢٥٩/ش/٢٠٠٩) سەرەڕای ئەوەی که بابەتی داواکان داواکردنی خەرجی بوون دەستنیشانی ئەوه کراون که ماوەی دواخستنی دادبینی تیایاندا بۆ ماوەی زۆر دواخراون وه ڕەچاوی ئەوه نەکراوه که بابەتی داواکان پێویستی به یەکلاکردنەوەی به پەلەیه که یەکەمیان ٤٩ ڕۆژ و دووەمیان ٤٨ ڕۆژ و سێ یەمیان ٣٠ ڕۆژ و چوارەمیان ٤٩ ڕۆژ دادبینی تیایاندا دواخراوه .

٦- له داوایەکەدا دادبینی تیایدا لەلایەن دادگای باری کەسێتی شارەزورەوه ئەنجامدراوه، به ژماره ١٣٩/ش ٢٠١٠ دەستنیشانی ئەوه کراوه که دادگا بڕیاری نەداوه بەدیاریکردنی شارەزای دادوەری بۆ دیاریکردنی بڕی خەرجی (اعسار)

بەڵکو وەڵامی بریکاری داواکاری داوەتەوە کە دادگا خۆی بڕی ئەوە خەرجیە دیاری ئەکات .

٧- لەفۆرمێکی تردا لەسەر داوایەک بە ژمارە ٨٥٥ /ب/ ٢٠١٠ کە لە لایەن دادگای بەرایی سلیمانی چوارەمەوە بینراوە، دەستنیشانی ئەوە کراوە، دادگا لە دانیشتنێکی دادبینیدا بڕیاری داوە بە نوسراوکردن بۆ فەرمانگەیەکی حکومی بەمەبەستی هێنانی دۆسیەی پرۆژەی بابەتی داواکە، سەرەڕای ئەوەی کە چەند جارێک دادبینی لەو داوایەدا نەبینراوە، بەڵام لە دانیشتنی دادبینی دواتردا دادگا بڕیاری داوە کە جەختبکرێتەوە لەسەر فەرمانگەکە بۆ ناردنی دۆسیەی ناوبراو، بەڵام دادگا تێبینی ئەوەی نەکردوە کە لەجاری یەکەمدا لە لایەن ئەمانەوە هیچ نوسراوێک نەکراوە بۆ فەرمانگەی ناوبراو بۆ ناردنی دۆسیەی ناوبراو، تاوەکو جەختیان لەسەر بکاتەوە ئەمەش لەلایەکەوە ئەبێتە هۆی دواکەوتنی یەکلاکردنەوەی داواکە و هەروەها دواخستنی دادبینی بۆ دووجار بۆ هەمان هۆ کە یاسا ڕێی پێنەداوە .

٨- لە فۆرمێکی تردا لەسەر داوایەک کە لەلایەن دادگای باری کەسێتی سێ- سلیمانی وە بینراوە بە ژمارە ١٦٢٥/ش/٢٠١٠ دەستنیشانی ئەوە کراوە لەدانیشتنی ڕۆژی ٢٠١٠/٦/٩ دا لەکاتی دادبینیدا، دادوەر زەنگی تەلەفونی ناوخۆی دادگای بۆ هاتووە و بەڕێز دادوەر وەڵامی پەیوەندییەکەی داوەتەوە و دادبینی لەداواکەدا لە ماوەی قسەکردنی دادوەردا پچڕاوە، دوای تەواو بوونی پەیوەندییەکە دەستکراوەتەوە بە دادبینی لەداواکەدا.

٩- لە داوایەکدا بە ژمارە ٨٧١/ش/٢٠١٠ لە دادگای باری کەسێتی هەولێر، دەستنیشانی ئەوە کراوە بەڕێز دادوەری دادگا لەدوا دانیشتنی دادبینیدا و بە ئامادەبوونی داوالەسەرکراو بڕیاریدا بە (ترک)کردنی داواکە، لە کاتێکدا کە بە پێی یاسا پێویست بوو لەسەر دادگا کە داوالەسەرکراو ئامادە بکات و پرسیاری لێبکات، ئایا داوای پوچەڵکردنەوەی داواکە ئەکات یان دەیەوێت بە داواکەدا بڕوات بە پێی ماددەی ٥٤ لە یاسای دادبینییە شارستانییەکان .

١٠- لە فۆرمێکی تردا لەسەر داوای ژمارە ١٢٠٩/ش/٢٠١٠ لەدادگای باری کەسێتی پێنج -سلیمانی دەستنیشانی ئەوە کراوە لەدانیشتنی دادبینی ٢٠١٠/٥/٣١ بەڕێز دادوەر زەنگی مۆبایلی بۆ هاتووە و ئەویش وەڵامی داوەتەوەو دادبینی لە

داواکەدا پچڕاوە و ماوەیەکی پێچووە تا پەیوەندییەکەی کۆتایی هاتووە و دواتر دەستکراوەتەوە بە دادبینی.

١١- لە داوای ژمارە ٤٨٣/ش/٢٠١٠ لە بەردەم دادگای باری کەسێتی هەولێر دەستنیشانی ئەو حاڵەتە کراوە کە بابەتی داواکە پەسەندکردنی تەلاقی دەرەکی بووە وە داوالەسەرکراو ئامادە بووە و دانی ناوە و اقراری کردوە بە داوای داواکار، بەڵام بەڕێز دادوەری دادگا سوور بووە لەسەر ئەوەی کە بەڵگەی تری داواکردوە لە داواکار بۆ سەلماندنی داواکەی.

١٢- لەحاڵەتێکی تردا لەداوای ژمارە ٢٩٣٧/ب/٢٠١٠ لە بەردەم دادگای بەرایی یەکەم- سلیمانی، دادبینی لە داواکە دواخراوە بۆ ٢٠١١/١/٢٣ لە کۆنوس و سەر فایلی داواکە دیاریکرابوو، بەڵام دواتر بەروارەکە کراوە بە ٢٠١٠/١٢/٢٣ کە لەسەر بەرگی فایلەکە بە ڕوونی دیاربوو وە لەبەرواری دواییدا ٢٠١٠/١٢/٢٣ داوالەسەرکراو ئامادەبووە و داوالەسەرکەر ئامادەنەبووەو داواکە پوچەڵکراوەتەوە

١٣- لەداوای ژمارە ١٧٤ /س/ ٢٠١٠ لەبەردەم دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی دەستنیشانی ئەوە کراوە کە دادگا لەدانیشتنێکی دادبینیدا، بێئاگابووە لەوەی پارێزەری مستأنف گشتاندنی هەبووە، بۆ دواخستنی سەرجەم داواکانی دادبینی لەدۆسیەکەدا ئەنجام داوە، لەبەرواری ٢١-١٢-٢٠١٠ بڕیاری کۆتایی لەداواکەدا دەرکردوە.

١٤ لە فۆرمێکی تردا هاتووە لە بەرواری ٢٠١٠/١١/٢٣ لەدادگای باری شارستانی سلێمانی، دەستنیشانی ئەوە کراوە لە داوایەکدا دادگا سوێندی شایەتێکی داوە بە ووتنی (چی ڕاستە ئەوە ئەڵێم )، بە بێ ئەوەی سوێندی بدات بە خوای گەورە وەک چۆن لە یاسادا هاتووە.

١٥- لەفۆرمێکی تردا دەستنیشانی ئەوەکراوە لەبەرواری ٢٠١٠/١/٢٤ لەکاتژمێر یانزە و نیو لە(دادگای بەرایی یەکی هەولێر) دادبینی ڕاگیراوە بەهۆی ئەوەی بەڕێز دادوەری دادگا لە هۆڵی دادبینیدا بەئامەدەبوونی چەند پارێزەرێک دەستی کرد بەجگەرە کێشان، سەرەڕای دەرچونی بڕیاری پەرلەمانی کوردستان بە قەدەغەکردنی جگەرەکێشان لەشوێنە گشتییەکاندا و سزادانی سەرپێچیکار دەدرێت لەکاتی ڕوودانی سەرپێچی لەو بابەتەدا .

## سێیەم : دواخستنی دادبینیەکان بۆ ماوەی دوور و درێژ و پێچەوانەی یاسا دواکەوتنی یەکلاکردنەوەی داواکان.

سەبارەت بە ڕەوشی دادگاکان لەخێرایی یەکلاکردنەوەی ئەو داوایانە لەبەردەمیدان بۆ ئەنجامدانی دادوەریکردن کە بە بەشێک لەبەدیهێنانی دادپەروەری دادەنرێت ، توانراوە چەندەها پێشێلکاری یاسایی دەستنیشان بکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

١-لەچەندەها داوادا دەستنیشانی ئەو پێشێلکاریە کراوە کە ماوەی نێوان دادبینییەکان زۆر درێژ ئەبێتەوە بە پێچەوانەی برگەی ٣ ماددەی ٦٢ لەیاسای دادبینییە شارستانییەکان کە نابێت ئەو ماوەیە لە بیست ڕۆژ تێپەڕیت وە ئەم حاڵەتە بە ئاشکرا دەردەکەوێت لەهەموو دادگاکانی هەرێمی کوردستاندا بەهۆی مۆڵەت وەرگرتنی هەندێک لەدادوەران و سەرقاڵی دادوەری بەدیل و پێکنەهاتنی دادگاکان لەبەر کەمی ژمارەی دادوەران یان هەر هۆکارێکی تر و تەرخانکردنی ماوەیەکی کەم بۆ ئەنجامدانی دادبینیەکان لەلایەن دادگاکانەوە، زۆربەی کات لەنێوان دوو بۆ سێ کاتژمێرە.

٢- لەفۆرمێکی تردا دەستنیشانی ئەوە کراوە دەسەڵاتی دادوەری لەهەرێمی کوردستاندا، وەک چۆن لەزۆر ڕووەوە وەک دەسەڵاتێکی سەربەخۆ مامەڵە ناکات لەگەڵ دەسەڵاتەکانی تری هەرێمدا، بەهەمان شێوە لەگەڵ ئەو پشوە ڕەسمیانەی کەلەلایەن حکومەتەوە لەناکاودا ڕادەگەیەنرێت، وەک فەرمانگیەکی حکومەت مامەڵەدەکات و وەک عورفێکی نەخوازراو لەسەرجەم دادگاکاندا دەکرێتە پشووی ڕەسمی، ئەمە سەرەڕای پێشێلکردنی یاساو پاشکۆیەتی حکومەت، پێشێلکردنی لایەنەکانی داواکانە بەوەی لەبەرواری دادبینییەکی دیاریکراودا سەرجەم داواکان دوادەخرێن بۆ کاتێکی تر وەک لەڕۆژانی ١٤و١٥-١١-٢٠١٠ لە ناکاو کران بەدوو ڕۆژی پشووی ڕەسمی لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

٣- لەم خشتەیەی خوارەوە چەند حاڵەتێکی دەستنیشانکراو ئەخەینە ڕوو لەم بارەیەوە:

| ژمارەی داوا | ناوی دادگا | برگەی یاسای پێشلكراو |
|---|---|---|
| ٨٥٥/ب/٢٠١٠ | بەرایی سلێمانی /چوار<br>بەرایی هەولێر/سێ | مادەی ٦٢ برگەی ٣ لەیاسای دادبینی شارستانی سەبارەت به دیاریکردنی پێویستی دواخستنی دادبینی بۆ زیاتر لەبیست رۆژ. |
| ٢٢٣/ب/٢٠١٠ | بەرایی سلێمانی / یەک | مادەی ٦٢ برگەی ٣ لەیاسای دادبینی شارستانی سەبارەت به دیاریکردنی پێویستی دواخستنی دادبینی بۆ زیاتر لەبیست رۆژ. |
| ٢٠١٤/ب/٢٠١٠ | بەرایی سلێمانی / یەک | مادەی ٦٢ برگەی ٣ لەیاسای دادبینی شارستانی سەبارەت به دیاریکردنی پێویستی دواخستنی دادبینی بۆ زیاتر لەبیست رۆژ. |
| ٢٦٩٣/ب/٢٠١٠ | بەرایی هەولێر/دوو | مادەی ٦٢ برگەی ٣ لەیاسای دادبینی شارستانی سەبارەت به دیاریکردنی پێویستی دواخستنی دادبینی بۆ زیاتر لەبیست رۆژ. |
| ٢٣٥٢/ب/٢٠١٠ | بەرایی سلێمانی /دوو<br>بەرایی سلێمانی /دوو | مادەی ٦٢ برگەی ٣ لەیاسای دادبینی شارستانی سەبارەت به دیاریکردنی پێویستی دواخستنی دادبینی بۆ زیاتر لەبیست رۆژ. |
| ٦٣٢/ب/٢٠١٠ | بەرایی سلێمانی /دوو | مادەی ٦٢ برگەی ٣ لەیاسای دادبینی شارستانی سەبارەت به دیاریکردنی پێویستی دواخستنی دادبینی بۆ زیاتر لەبیست رۆژ. |
| ٣٠١٤/ب/٢٠١٠ | بەرایی هەڵەبجە | مادەی ٦٢ برگەی ٣ لەیاسای دادبینی شارستانی سەبارەت به دیاریکردنی پێویستی دواخستنی دادبینی بۆ زیاتر لەبیست رۆژ. |
| ٩٥٦/ب/٢٠٠٩ | بەرایی هەولێر/یەک<br>بەرایی هەولێر/یەک | مادەی ٦٢برگەی ٣ لەیاسای دادبینی شارستانی سەبارەت به دیاریکردنی پێویستی دواخستنی دادبینی بۆ زیاتر لەبیست رۆژ. |
| ٣٨٩/ب/٢٠١٠ | پێداچونەوەی سلێمانی | مادەی ٦٢ برگەی ٣ لەیاسای دادبینی شارستانی سەبارەت به دیاریکردنی پێویستی دواخستنی دادبینی بۆ زیاتر لەبیست رۆژ. |
| ٤٧١/ب/٢٠٠٨ | پێداچونەوەی سلێمانی | مادەی ٦٢ برگەی ٣ لەیاسای دادبینی شارستانی سەبارەت به دیاریکردنی پێویستی دواخستنی دادبینی بۆ زیاتر لەبیست رۆژ. |
| ١٨١٢/ب/٢٠١٠ | پێداچونەوەی سلێمانی | مادەی ٦٢ برگەی ٣ لەیاسای دادبینی |

| | | |
|---|---|---|
| | پێداچونەوەی سلێمانی | شارستانی سەبارەت به دیاریکردنی پێویستی دواخستنی دادبینی بۆ زیاتر لەبیست ڕۆژ. |
| ١/س/٢٠١٠ | پێداچونەوەی سلێمانی<br>پێداچونەوەی سلێمانی | ەمادەی ٦٢ بڕگەی ٣ لەیاسای دادبینی شارستانی سەبارەت به دیاریکردنی پێویستی دواخستنی دادبینی بۆ زیاتر لەبیست ڕۆژ. |
| ١١٤/س/٢٠٠٩ | باری کەسێتی سلێمانی/یەک | مادەی ٦٢بڕگەی ٣ لەیاسای دادبینی شارستانی سەبارەت به دیاریکردنی پێویستی دواخستنی دادبینی بۆ زیاتر لەبیست ڕۆژ. |
| ٢٤/س/٢٠١٠ | باری کەسێتی سلێمانی/یەک | مادەی ٦٢بڕگەی ٣ لەیاسای دادبینی شارستانی سەبارەت به دیاریکردنی پێویستی دواخستنی دادبینی بۆ زیاتر لەبیست ڕۆژ. |
| ٧٩/س/٢٠١٠ | باری کەسێتی سلێمانی | مادەی ٦٢بڕگەی ٣ لەیاسای دادبینی شارستانی سەبارەت به دیاریکردنی پێویستی دواخستنی دادبینی بۆ زیاتر لەبیست ڕۆژ. |
| ٩١/س/٢٠٠٩ | | مادەی ٦٢بڕگەی ٣ لەیاسای دادبینی شارستانی سەبارەت به دیاریکردنی پێویستی دواخستنی دادبینی بۆ زیاتر لەبیست ڕۆژ. |
| ١٧٣/س/٢٠٠٩ | | مادەی ٦٢بڕگەی ٣ لەیاسای دادبینی شارستانی سەبارەت به دیاریکردنی پێویستی دواخستنی دادبینی بۆ زیاتر لەبیست ڕۆژ. |
| ٢٤٧٧/ش/٢٠١٠ | | مادەی ٦٢بڕگەی ٣ لەیاسای دادبینی شارستانی سەبارەت به دیاریکردنی پێویستی دواخستنی دادبینی بۆ زیاتر لەبیست ڕۆژ. |
| ١٩٠٦/ش/٢٠٠٩ | | مادەی ٦٢بڕگەی ٣ لەیاسای دادبینی شارستانی سەبارەت به دیاریکردنی پێویستی دواخستنی دادبینی بۆ زیاتر لەبیست ڕۆژ. |
| ١٧٤٦/ش/٢٠١٠ | | مادەی ٦٢بڕگەی ٣ لەیاسای دادبینی شارستانی سەبارەت به دیاریکردنی پێویستی دواخستنی دادبینی بۆ زیاتر لەبیست ڕۆژ. |
| ٩٥/ش/٢٠١٠ | باری کەسێتی سلێمانی | مادەی ٦٢بڕگەی ٣ لەیاسای دادبینی شارستانی سەبارەت به دیاریکردنی پێویستی |

| | | |
|---|---|---|
| | باری کەسێتی سلێمانی | دواخستنی دادبینی بۆ زیاتر لەبیست رۆژ. |
| ١٧١/ش/٢٠١٠ | باری کەسێتی سلێمانی | مادەی ٦٢برگەی ٣ لەیاسای دادبینی شارستانی سەبارەت بە دیاریکردنی پێویستی دواخستنی دادبینی بۆ زیاتر لەبیست رۆژ. |
| ٩٨٥/ش/٢٠١٠ | باری کەسێتی سلێمانی | مادەی ٦٢برگەی ٣ لەیاسای دادبینی شارستانی سەبارەت بە دیاریکردنی پێویستی دواخستنی دادبینی بۆ زیاتر لەبیست رۆژ. |
| ١٥٥٧/ش/٢٠٠٩ | | مادەی ٦٢برگەی ٣ لەیاسای دادبینی شارستانی سەبارەت بە دیاریکردنی پێویستی دواخستنی دادبینی بۆ زیاتر لەبیست رۆژ. |

## چوارەم:

## ئامادەنەبوونی نوێنەری یاسایی لایەنەکانی حکومەت لە داواکاندا.

لەسەر حاڵەتی ئامادەنەبوون و کەمتەرخەمی کردن لەلایەن دامودەزگا حکومییەکانەوە بۆ ئامادەبوون لەدادبینیەکاندا، ئەم حاڵەتانەی خوارەوە دەستنیشانکراون، سەرەڕای ئەوەی بوونەتە هۆی درەنگ یەکلایکردنەوەی داواکان، لەلایەن دادگاکانەوە بۆ ماوەی دوور ودرێژ و پێچەوانەی یاسا لەهەمان کاتدا هۆکارێکە بۆ بەهەدەردانی سامانی گشتی لەو داوایانەدا، چەند حاڵەتێک بەم شێوەیەی خوارەوە دەخەینە ڕوو:.

١- لەداوای ژمارە ٣١٨٤/ب/٢٠٠٨ لەدادگای بەرایی سلێمانی دەستنیشانی ئەوە کراوەکە داواکە لەسەر وەزارەتی ئیشغال و ئاوەدانکردنەوە تۆمارکرابوو، سەرەڕای ئەوەی داواکە زیاتر لە ساڵێکی پێچوە و پاشان کۆتایی هاتوە و یەکلابۆتەوە، بەڵام نوێنەری ئەو لایەنە ئامادەی دادبینییەکان نەبوو تا بڕیاری تیادەرچوو بە (غیابی).

٢- لەداوای ژمارە ٦٩٤/ب/٢٠٠٩ لەدادگای بەرایی سلێمانی دەستنیشانی ئەوە کراوە داواکە کە لەسەر وەزارەتی شارەوانییەکان تۆمارکرابوو، بۆ دیاریکردنی قەرەبووی زیانی ناوەرۆکی داواکە و بەرواری دادبینی ٢٠١٠/١١/٢٥ نوێنەری لایەنە حکومییەکە ئامادەی دادبینی یەکان نەبووە.

٣- لەداوای ژمارە ٣٤٩٨/ب/٢٠٠٨ لەدادگای بەرایی سلێمانی دەستنیشانی ئەوە کراوە داواکە لەسەر بەڕێوەبەرێتی گشتی گەشتوگوزار تۆمار کرابوو نوێنەری لایەنە حکومییەکە لەچەندەها دانیشتنی دادبینی ئامادە نەبووە .

٤- هەروەها لەداوای ژمارە ٣٢٣/ب/٢٠١٠ لەدادگای بەرایی سلێمانی دەستنیشانی ئەوە کراوە، داواکە تۆمارکرابوو لەسەر بەڕێوەبەرێتی بەرگری شارستانی سەرەڕای تێپەڕبوونی چوار دانیشتنی دادبینی تا بەرواری ٢٠١٠/٨/٢ نوێنەری یاسایی بەڕوەبەرێتی ناوبراو ئامادەی دادبینییەکان نەبووە.

## پێنجەم:

## وەڵامنەدانەوە و پشتگوێ خستنی بڕیارەکانی دادگاکان لەلایەن هەندێک لەفەرمانگە حکومییەکانەوە.

سەبارەت بە وەڵامنەدانەوەی داوا و بڕیارەکانی دادگا و جێبەجێنەکردنیان لەماوەی ڕابوردودا توانرا چەند حاڵێک دەستنیشان بکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

١-لەداوای ژمارە ١٥٧/ش/٢٠١٠ لە دادگای بەرایی ڕانیە، دوای ئەوەی دادگای ناوبراو بە نوسراوێک داوای لەبەڕێوەبەرێتی چاکسازی ژنان و منداڵان کردووە، کە داوالەسەرکراو لە داوای ناوبراودا کە لە بەڕێوەبەرێتی ناوبراو ماوەی بەندکردنی بەسەرئەبات ئامادەی بکەن لە بەرواری دادبینی داواکە، بەڵام بەڕیوەبەرێتی ناوبراو وەڵامی دادگای داوەتەوە بەنووسراویان ژمارە(٥٤٠) لە٩-٥-٢٠١٠ کە ناتوانن ئامادەی بکەن لەبەر باری ئەمنی کە ئەم بیانووەش یاسایی نییەو لەناوچوون و فەوتانی مافی داوالەسەرکراو ئەگرێتەخۆ.

٢-لە داوایەکی تردا لە بەردەم دادگای بەرایی سلێمانی بە ژمارە ٢٩١٨/ ب/ ٢٠٠٧ دەستنیشانی ئەوە کراوە کەداواکە لەسەر شارەوانی سلێمانی تۆمار کرابوو دادگا داوای سەرەتاکانی پرۆژەی بینای فەرمانگەی داوالەسەرکراوی لە فەرمانگەی خۆیان کردووە، بەڵام دوای پانزە دانیشتنی دادبینی و نۆ جار جەختکردنەوە لەسەر ئەو داوایە هێشتا ئەو سەرەتایانە ڕەوانەی دادگا نەکراوە، کە بۆتە هۆی پەکخستنی دادبینی.

٣-حاڵەتێکی تر دەستنیشان کراوە ئەویش بڕیاری دەرچوو لە داوای ژمارە ٢٩٨/ش/٢٠١٠ لەدادگای باری کەسێتی هەڵەبجە، براوە بۆ فەرمانگەی باری شارستانی هەڵەبجە بۆ جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی بڕیارەکە، کەتایبەت بووە بە(سەلماندنی نسب)، بەڵام فەرمانگەی ناوبراو ئامادەنەبووە کە بڕیاری ناوبراو جێبەجێبکات، تا داواکار ڕەزامەندی لایەنی ئاسایش بەدەستنەهێنێت، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا دەستخستنە ناو کاری دادگایە و پێشێلکردنی سەروەری یاسایە لە لایەن فەرمانگەی ناوبراوەوە .

٤- حاڵەتێکی تر دەستنیشانکراوە، لەبەردەم دادگای بەرایی سلیمانی، ناوەڕۆکی داواکە لە سەر فەرمانگەی داوالەسەرکراو لەو داوایەدا ( شارەوانی بازیان) بوو، بەڵام دوای تێپەڕبوونی نۆ دانیشتنی دادبینی و شەش جار جەختکردنەوە لەسەر داواکردنی سەرەتاکانی پرۆژەی داواکراو گەیشتە دادگا کە ئەمەش زیاتر لەنۆ مانگ و نیوی خایاند و بووە هۆی درێژەکێشانی دادبینیکردن لەداواکەدا بۆ ماوەیەکی زۆر.

٥-هەروەها لەنوسراوێکی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانیدا بە ژمارە ١٦٤٧٤ لە ٢٠١٠/٩/٢٧ دا ئاراستەی داواکاری گشتی کردووە حاڵەتێک بەدیدەکرێت کە سەرۆکایەتی ناوبراو بەهۆی جێبەجێنەکردنی بڕیارێکی دادگای بەرایی سلێمانی بەژمارە ٢٦٦/ب/١٩٧٤ لەلایەن بەڕێوەبەرێتی تۆمارکردنی خانوبەرەی سلێمانی و کەمتەرخەمی کردن لەجێبەجێکردنیدا کە ناوەڕۆکەکەی تۆمارکردنی موڵکێکە بەڕووبەری (٣٨)م٢ بە ناوی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانییەوە کە بە بڕیاری دادگای ناوبراو خۆماڵە کراوە، بەو هۆیەوە سەرۆکایەتی شارەوانی داوای لەداواکاری گشتی کردووە کە بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتە بکەن بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە، هەرچەندە دادگای بەرایی سلیمانی چەندین جار داوای لە بەڕێوەبەرێتی تۆمارکردنی خانوبەرەی سلێمانی کردوە کەئەو بڕیارە جێبەجێبکەن، بەڵام پاش تێپەڕبوونی زیاتر لەبیست و نۆ ساڵ ئەو بڕیارە جێبەجێنەکراوە!!!!

**شەشەم:**

## نایەکسانی و جیاوازیکردن لەنێوان داوا بینراوەکاندا لەلایەن هەندێک دادگاوە .

سەبارەت بە نایەکسانی و جیاوازی کردن لەبینینی هەندێک داوادا لە لایەن هەندێک دادگاوە توانراوە چەندین حاڵەت دەستنیشان بکرێت کە بوونی ئەم حاڵەتانە بەتایبەتی کاریگەری خراپی ئەبێت لەسەر ناو و سومعەی دادگا و بێزاری لای خەڵک دروست ئەکات، ئەو حاڵەتانەش بەم شێوەیەی خوارەوەیە :-

١- لە داوای ژمارە ٢٢٦٧/ش/٢٠١٠ لەبەردەم دادگای باری کەسێتی سێهەم لەهەولێردەستنیشانی ئەوە کراوە ئەم داوایە لەبەرواری ١٧-٥-٢٠١٠ تۆمارکراوە و لەهەمان بەرواردا بڕیاری تێدا دەرچووە، چونکە دادوەری ئەم دادگایە بەئاشکرا ووتبووی بە دادوەری یەکەم بڵێن ئەم داوایە هەواڵەی من بکات لەبەرئەوەی خزمی خۆمن بابۆیان حەسم دەکەم، ئەمەش پێچەوانەی کاری دادوەریکردنە.

٢-لەداوای ژمارە ١٧٧٥/ش/٢٠١٠ لەبەردەم دادگای باری کەسێتی سێ-سلیمانی دەستنیشانی ئەوە کراوە کە ئەم داوایە لەڕۆژی دادبینی ٢٠١٠/٥/٢٧ دواخرا بۆ ڕۆژی ٢٠١٠/٦/٨، لەکاتێکدا کە داواکانی تر لە هەمان دادگا دادبینی تیایدا دوائەخرا بۆ ٢٠١٠/٧/١٣ کە ئەمەش جێگەی سەرنجە.

٣-لە داوای ژمارە ٢٤٥٤/ش/٢٠١٠کە لە لایەن دادگای باری کەسێتی دووەم-سلیمانی ئەبینرا، لەڕۆژی دادبینی ٢٠١٠/٩/٨دا بەڕێز دادوەری ئەو دادگایە مۆڵەتی ئاسایی بووە و دادبینی لەهەموو داواکانی ئەو دادگایە بەو هۆیەوە دواخران، جگە لەم داوایە لەبەرئەوەی لایەنێکی ئەم داوایە خزمی دادوەرێکی دادگایە ئەم داوایە لەلایەن دادگای باری کەسێتی سێیەمەوە بینرا و لە هەمان ڕۆژدا بڕیاریشی تێدا دەرکرا.

٤-لەداوای ژمارە ٢٤٧٤/ش/٢٠١٠ لەبەردەم دادگای باری کەسێتی سلێمانی دەستنیشانی ئەوە کراوە ئەم داوایە لەبەرواری ٧/٢٩ دا تۆمارکراوە وە بەرواری ٨/١ی بۆ دیاریکراوە بۆ دادبینی واتە دوای دوو ڕۆژ، لەکاتێکدا داواکانی تر ئەو دادگایە بەرواری دوو مانگ دواتری بۆ دیاریکراوە بۆ دادبینی. کە نایەکسانیەکی ئاشکراو زەقی تیا دەردەکەوێت.

٥- له دوو فورمدا هاتووه لەسـەر دوو داوای بینینی منداڵ لەلایـەن دایـک یـان باوک لەبەردەم دادگاکانی باری کەسێتی هـەولێر و دەشـتی هـەولێر، دەستنیشـانی ئەوە کراوە لەو دوو داوایەدا جیاوازی زۆر لەدیاریکردنی ماوەی بینینی منداڵەکاندا هەیە، وەک لەداوای ژمارە (٧٧/ش/٢٠١٠) لەبەردەم دادگای دەشتی هەولێر ماوەکە دیاری کراوە بە نیو سەعات و یەک جار لەمانگێدا، ئەم ماوەیە زۆر ناواقعیـە، ئەمـە لەلایەک و لەلایەکی تر لـەداوای ژمـارە(٢١١٠/ش/٢٠١٠) لەبـەردەم دادگـای بـاری کەسـێتی یەکـەم لەهـەولێر ئـەو ماوەیـە بـەهیچ شـێوەیەک دیـاری نـەکراوە بـۆ هەرجارێک کەبینینەکەی تیادا ئەنجام دەدرێت، کەسێ جارە لەمانگێکدا.!!!

## حەوتەم : جۆراو جۆر

وە تـوانراوە چـەند حاڵـەتێکی جۆراوجـۆر دەستنیشـان بکرێـت ئـەوانیش بـەم جۆرەی خوارەوە :-

١- لەفۆرمێکـدا دەستنیشـانی ئـەوەکراوە تـاکو ئێسـتاش لەنووسـراوەکانی زۆربـەی دادگاکانـدا کەئاراسـتەی لایەنـە پەیوەنـدارەکان دەکرێـت بەشـێوەیەکی شایستە نانوسرێت سـەرەرای ئـەوەی نووسـراوەکان بەدەسـتنوس دەنووسـرێن، گرنگی بەشێوازەکەشی نادرێت، بۆ نمونە لە داوای ژمارە ٧٧٢/ش/٢٠١٠ لە دادگای باری کەسێتی یەک- سـلیمانی لـە بـەرواری ٢٠١٠/١١/٢ دا نوسـراوێک ئاراسـتەی سکرتاریەتی سەرۆک کۆمار لەبەغداد کراوە، ئەوەی تێبینی کرا کـە ئـەم نوسـراوە بە دەستنوس نوسراوە و لەنیو کاغەزدا و بـە دەسـتوخەتێکی نارێـک کەدەبووایـە ئارەسـتەکردنی نوسـراو بـۆ جێگەیـەکی لـەو جـۆرە و هـەموو شـوێنەکانی تـر بەکۆمپیوتەر بکرایە.

٢- دەستنیشانی ئەوە کـراوە لـەداوای ژمـارە ١٢٤/ش/٢٠١٠ لـەدادگای بـاری کەسێتی هەڵەبجە کاتێک بڕیاری دەرچوو لەو داوایەدا، پاشان تەمییز کراوەتـەوە و لائحـەی تەمییزکردنەوەکـە لـە ٢٠١٠/٤/٢٥ پێشـکەش بـە دادگـا کـراوە لەلایـەن داوالەسەرکراوەوە، بەڵام تا بەرواری ٢٠١٠/٦/١٣ هێشتا داواکـە ڕەوانـەی دادگـای تەمییز نەکراوە.

٤- لەفۆرمێکدا دەستنیشانی ئەوە کراوە کە زۆربەی دادگا مەدەنیەکان کار بەبڕیارێکی وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم دەکەن بەژمارە(٢٣١٠٢/١٤/٩) لە ٢٠٠٧/١١/٢٢ بۆ (رسومات)، ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەم نووسراوە ئاراستەی حکومەت کراوە بۆ کارکردن پێی، بەڵام نازانرێت هۆکاری چییە دادگاکان کار بەم بڕیارە دەکەن لەکاتێکدا ئاراستەی ئەمان نەکراوە و پیادەی دەکەن.

## (بەشی چوارەم)

## دەستخستنە سەر پێشێلکارییەکانی دادگای تەمیزی هەرێمی کوردستان

لەماوەی ساڵی ٢٠١٠ دا توانرا (٥٧) پەنجا و حەوت حاڵەت دەستنیشان بکرێت لەسەر دادگای تەمیزی هەرێمی کوردستان کە باڵاترین دەستەی دادوەری و دەسەڵاتی چاودێری و ویلایەتی بەسەر هەموو دادگاکانی تردا لەناو دەسەڵاتی دادوەری هەرێمدا هەیە، کە لایەنی خاوەن کێشەی مەدەنی و سزایی وەک دوا پەناگا بۆ چارەسەری کێشەکەیان پەنای بۆ دەبەن، ئەویش بە ئامانجی پاراستنی مافەکانیان و لانەدان لەیاسا لەلایەن هەندێک دادگای ترەوە، بەڵام ئەوەی لەم دادگایەدا تێبینی کراوە و بەدیاردەیەکی نێگەتیڤ لەقەڵەم دەدرێت، ئەویش وەڵام نەدانەوەی خێرا بۆ داوا تەمیزیەکانی پێشکەشکراو بۆ ئەم دادگایە، ئەمەش کاریگەری خراپ لەسەر متمانەی هاووڵاتیان بەدەسەڵاتی دادوەری دادەنێت، سەرەڕای ئەوەی پێشێلکارییەکی زەقی مافی تۆمەتباران و راگیراوانی تێدایە، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوەجیاوازی دەکرێت لەکەمی و زۆری پێچوونی دەرکردنی بڕیارەکانی دادگای تەمیز لەسەر کێشەکانی بەردەمی، ئەمەش جارێکی تر کاریگەری خراپی هەیە لەسەر متمانەی هاوڵاتیان بەدادگاکان لەبڕیاردانداندا لەسەر کێشەکان، حاڵەتەکانیش بەم شێوەیەی لای خوارەوە بوون:-

### دەستنیشانکردنی حاڵەتەکان:-

لەم دۆسێیانەی خوارەوە دەستنیشانی حاڵەتی درەنگ یەکلایی کردنەوەی دۆسیەکان و درەنگ ناردنەوەیان بۆ دادگاکانیان لەلایەن دادگایی تەمیزی هەرێمی کوردستانەوە دیاریکراوە لە گەڵ ئەو ماوەیەی کە دۆسیەکان ماونەتەوە لەو دادگایەدا، بەم شێوەیەی خوارەوە تاکو بەرواری رەصدکردنیان، ئەوەی جێگەی سەرنجە دۆسێی ژمارە (٣٤١/ج/٢٠٠٧)، کەدادگای تاوانەکانی دهۆک بڕیاری تێدا دەرکردووە، و دواتر ڕەوانەی دادگای تەمییز کراوە دەستنیشانی ئەوە کراوە ئەم دۆسییە نزیکەی ١١٢٠ هەزارو سەد و بیست رۆژی پێچووە تاکو بڕیاری دادگای تەمییز دەرچووە، بەڵام لەلایەکی تر دەستخراوەتە سەر دۆسیەی ژمارە

(١٠٦/س/٢٠٠٨) كەلـەدادگای تێهەڵچـوونەی ناوچـەی سـلیمانی لـە٢٢-٦-٢٠١٠ بڕیاری تێدادەرچووە و لە٢٢/٢٠١٠/٧ ڕەوانـەی دادگـای تـەمییز کـراوە و لـە٤-٨-٢٠١٠ لەلایەن دادگای تەمییزی هەرێمی کوردستان بڕیاری تیـادا دەرچـووە، واتـە دوای ١٢ دوانزە ڕۆژ لەناردنی دۆسیەکە!!، هەروەها دەستنیشـانی ئـەوەش کـراوە لەسەر دۆسیەی ژمـارە (٨٣١/ب/٢٠٠٩) لـەدادگای بـەرایی سـلیمانی بڕیـاری تێـدا دەرچووە و دواتـر لـە ٢١-١٠-٢٠٠٩ تەمییزکراوەتـەوە ڕەوانـەی دادگـای تـەمییز کراوە و لەبەرواری ١٦-١٢-٢٠٠٩ بڕیاری تیادا دەرچووە واتە دوای یەک مـانگ و بیست و پێنج ڕۆژ!!.

هەروەها لەو دۆسێیانەی کەلەخشتەکەدا هاتووە، تێبینی ئەوە دەکرێت کەماوەی مانەوەی دۆسیەکان لەدادگای تەمیزی هەرێمی کوردستان لەماوەی شەش مانگ بۆ سێ ساڵ دەبێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

| ت | ژمـارەی دۆسێیە | ناوی دادگا | مـادەی یاسایی | مـاوەی مانـەوەی دۆسـیەکان لـە دادگـای تـەمییزی هـەرێمی کوردستان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٣٤١/ج/ ٢٠٠٧ | تاوانەکانی دهۆک | ی.س.ع | ١١٢٠ هـەزار و سـەد و بیست ڕۆژ |
| ٢ | ١٣٣/ج/ ٢٠٠٨ | نەوجـەوانانی هەولێر | ٣١/٤٤٣ ی.س.ع | هەشت مانگ |
| ٣ | ٣٣٠/ج/ ٢٠٠٨ | تاوانەکانی دهۆک | ٤٠٦ ی.س.ع | دووساڵ |
| ٤ | ٣٧٧/ج/ ٢٠٠٨ | تاوانەکانی دهۆک | ................. . | دووساڵ |
| ٥ | ٤٨٧/ج/ ٢٠٠٩ | تاوانەکانی دهۆک | ٢١- یاسـای چـەک هەڵگرتن | شەش مانگ |
| ٦ | ٤٥٧/ج/ | تاوانەکانی دهۆک | ................. | یەک ساڵ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | ٢٠٠٩ | | ... | |
| ٧ | ٢٣٠/ج/ ٢٠٠٩ | تاوانەکانی دهۆک | ٢١- یاسای چەک هەڵگرتن | هەشت مانگ |
| ٨ | ٥٢٨/ج/ ٢٠٠٩ | تاوانەکانی دهۆک | ٢٩٢ لە ی.س.ع | هەشت مانگ |
| ٩ | ١٢/ج/ ٢٠٠٩ | تاوانەکانی دهۆک | ٤٠٦ لە ی.س.ع | یەک ساڵ |
| ١٠ | ٢١٦/ج/ ٢٠٠٩ | تاوانەکانی دهۆک | ٢١- یاسای چەک هەڵگرتن | یەک ساڵ |
| ١١ | ٩٥/ج/ ٢٠٠٩ | نەوجەوانانی هەولێر | | حەوت مانگ و چواردە رۆژ |
| ١٢ | ٧٦٠/ج/ ٢٠٠٩ | تاوانی یەک/ سلێمانی | | هەشت مانگ وچواردە رۆژ |
| ١٣ | ١٤/ج/ ٢٠٠٨ | تاوانی دووەم/هەولێر | | ساڵێک وپێنج مانگ |
| ١٤ | ١٣١/ج/ ٢٠٠٩ | تاوانەکانی هەولێر | | شەش مانگ |
| ١٥ | ١٥٣/ج/ ٢٠٠٩ | تاوانی هەولێر | | شەش مانگ |
| ١٦ | ٦٨/ج/ ٢٠٠٩ | نەوجەوانانی هەولێر | | حەوت مانگ |

## (بەشی پێنجەم)
## دەستخستنە سەر حاڵەتەکانی پێشێلکاریی لەفەرمانگەکانی جێبەجێکردن سلێمانی و هەولێر و دهوک

لەم بەشەدا دەستخراوەتە سەر (١٥) پانزە حاڵەتی پێشێلکاری لەلایەن فەرمانگە جیاجیاکانی حکومەتەوە لەو دۆسیانەی کەدانراون بۆجێبەجێکردن لەفەرمانگەکانی جێبەجێکردنی سلێمانی و هەولێر و دهوک ، سەرجەم دۆسیەکان بڕیاری دادگای تێدا دەرچووە و پابەندی لایەنی حکومی کراوە بە جێبەجێکردنی وابەستەبوونێکی یاسای .

حاڵەتەکانیش بەم شێوەیەی لای خوارەوە بوون: -

ئەو حاڵەتانەی دەستنیشانکراون و پێشێلکاریان بەرامبەر سەروەری یاسا تێدا تۆمارکراوە و لەلایەن هەندێک لایەنی حکومی و پارتی سیاسی وکۆمپانیاکان لەهەرێمی کوردستاندا، کە بڕیارەکانی دادگاکان جێبەجێ ناکەن یان کەمتەرخەمی لەجێبەجێکردنی بڕیارەکاندا دەکەن، هەروەها هەڵناسن بەئەنجامدانی ئەو ڕێوشوێنە پێویستیانەی کەبەپێی یاسا دیاریکراوە.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین هەموو ئەو بڕیارانەی کەبەپێی یاسا جێبەجێنەکراون بەم شێوەیە پۆلێنیان دەکەین:-

١- بەرهەڵستی کردن لە تەملیکردنی موڵک.

٢- گەڕانەوەی بڕە پارە.

٣- ماندووبوونی پارێزەرایەتی.

٤- قەرەبووکردنەوەی زیان.

٥- کرێی هاوشێوە موڵک.

٦- هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری کوژاندنەوەی موڵک.

٧- ڕێگرتن لەبەکارهێنانی موڵک.

٨- لابردنی دەستی داگیرکار لەسەر موڵک.

٩-هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی بەکرێدان.

**یەکەم: ئەمەش ناوی ئەو لایەنانەیە کە بڕیارەکانی دادگایان جێبەجێ نەکردووە، لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی جێبەجێ کردن:-**

| ژ | لایەنی پێشێلکار | ژمارەی حاڵەت | ناوی بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردن |
|---|---|---|---|
| ١ | لیوای (٣٢)ی شارەزووری فەرماندەی (ی.ن.ک) | یەک حاڵەت | جێبەجێکردنی هەڵەبجە |
| ٢ | بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر | یەک حاڵەت | جێبەجێکردنی دەشتی هەولێر |
| ٣ | بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشت وگوزار/سلیمانی | یەک حاڵەت | جێبەجێکردنی سلیمانی |
| ٤ | شارەوانی پیرەمەگرون | یەک حاڵەت | جێبەجێ کردنی سلیمانی |
| ٥ | شارەوانی ڕاپەرین | یەک حاڵەت | جێبەجێکردنی سلیمانی |
| ٦ | کۆمپانیای نۆکان-سلیمانی | یەک حاڵەت | جێبەجێ کردنی سلیمانی |
| ٧ | وەزارەتی شارەوانیەکان | دوو حاڵەت | جێبەجێ کردنی دهۆک |
| ٨ | بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای شارەزوور | یەک حاڵەت | جێبەجێ کردنی هەڵەبجە |
| ٩ | شارەوانی هەڵەبجە | یەک حاڵەت | جێبەجێکردنی هەڵەبجە |
| ١٠ | شارەوانی سلیمانی | دوو حاڵەت | جێبەجێکردنی سلێمانی |
| ١١ | تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی بازیان | یەک حاڵەت | جێبەجێکردنی سلێمانی |

ئەمەش ژمارەی ئەو مەلەفانەیە کە پێشێلکاریەکانی تێدا تۆمارکراوە:

| ژ | ژمارەی دۆسییە | شار |
|---|---|---|
| ١ | ٥/ت/٢٠١٠ | هەڵەبجە |
| ٢ | ٢٠٠٨/٥٣٧ | سلیمانی |
| ٣ | ٢٠٠٨/٥٤٨ | سلیمانی |
| ٤ | ٢٠٠٨/٥٩٨ | سلیمانی |
| ٥ | ٢٠٠٨/٥٢٩ | سلیمانی |
| ٦ | ٢٠٠٨/٤٠١ | سلیمانی |
| ٧ | ٧٢/ج/٢٠١٠ | هەولێر |
| ٨ | ٢٠٠٨/٩٣٠ | سلیمانی |
| ٩ | ١٥٦/ت/٢٠١٠ | دهۆک |
| ١٠ | ٢٠٠٩/٣٢١٤ | هەولێر |
| ١١ | ١٨٩/ت/٢٠١٠ | هەڵەبجە |
| ١٢ | ١٩٢/ت/٢٠١٠ | هەڵەبجە |
| ١٣ | ٢٠٠٩/١٦٢ | هەڵەبجە |
| ١٤ | ٤٩/ت/٢٠٠٩ | دهۆک |
| ١٥ | ٢٠٠٨/٣٥٠ | سلیمانی |
| ١٦ | ٢٠٠٨/٤٣١ | سلیمانی |

**چەند زانیاریەک لەسەر حاڵەتەکان دەخەینە ڕوو بەم شێوەیەی خوارەوە:-**

- لەفۆرمێکدا دەستخراوەتە سەر دۆسیەی جێبەجێکردنی ژمارە(٥/ت/٢٠١٠) لەفەرمانگەی جێبەجێکردنی شاری هەڵەبجە، دەستنیشانی ئەوە کراوە کەقەرزار پێشمەرگەیە لەلیوای (٣٢)ی شارەزووری سەر بەفەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی (ی.ن.ک ) و بڕیاری جێبەجێکاری هەڵەبجە دەرچووە، بۆ ئامادەکردنی بەزۆر، لەوەڵامی جێبەجێکاری هەڵەبجەدا لیوای ناوبراو بە نووسراویان ژمارە(٣٣٥) لە ٢٨-٣-٢٠١٠ وەڵامیان داوەتەوە بە( سەبارەت بەئامادەکردنی بەزۆری پ.م(........)ئاگادارتان ئەکەین کە ئێمە وەک لیوای ٣٢ی شارەزوور دەبێت

لەڕێگەی دادگای باڵای پێشمەرگەوە ئاگاداری هەر کێشـەیەکی یاسـای پێشـمەرگە بکرینەوە نەک بەزۆری ئێوەی یاساناس، لەبەرئەوە نوسراوتان ئاراسـتەی دادگـای باڵای پێشمەرگە بکەن وڕێز لەیاساکانی سەبازی بگرن.....بۆ ئاگاریتان...ئێمە لیـوای ٣٢ی شارەزوورین نەک لیوای(٢٣).

•لەفۆرمێکی تردا دەستخراوەتە سەر دۆسیەیەکی تری جێبەجێکردن لەهەڵەبجـە بـەژمارە (١٩٢/ت/٢٠٠٩)، بەمەبەسـتی جێبـەجێکردنی بڕیـاری دادگـا بـەژمارە (٤٠٨/ب/٢٠٠٨)، کەتیایـدا پابەنـدی بەڕێوەبەرایـەتی دابەشـکردنی کارەبـای شـارەزوور و بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی کارەبـای سـلیمانی کـراوە، بەهەماهـەنگی بەپێدانی بڕی (٤٤١٢٠٧٥٠) چل و چوار ملیۆن و سەدو بیست هەزار و حەوت سەد و پەنجا دینار ، دەستنیشانی ئەوە کراوە کە بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبـای شـارەزوور بـە نوسـراویان ژمـارە (٦٢٠ ) لـە ٢٠١٠/٣/٢ دا کـە ئاراسـتەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای سلێمانی کراوە و وێنەیەکی لێدراوە بەفەرمانگـەی جێبەجێکردنی هەڵەبجە سەبارەت بە جێبەجێکردنی بریاری دادگای ئامـاژە بـۆکراو لەنوسراوەکەدا هـاتووە (بودجـەی پێویسـت نیـە لـەژمێرەی (٣٨٣٢) (تعویچـات و غرامات ) بودجەی ساڵی (٢٠٠٩)دا بریتی بووە لەبڕی (١٠٠٠٠٠٠٠) دە ملیۆن دینار ، وە ئەگەر (١٠٠٠٠٠٠٠) دە ملیـۆن دینارەکـەش خـەرج بکـەین تـەجاوزی یاسـا و ڕێنماییەکانین، وە تا ئێستا بودجەی ساڵی ٢٠١٠ نەهاتووە ..................... تـا کۆتـایی نوسراوەکە )، ئەمەش پێویستی بەهەڵویستە لەسەرکردن وچارەسەرکردنە لەلایەن حکومەتەوە.

•لـەفۆرمێکی تـردا دەستنیشـانی حاڵـەتێکی تـر کـراوە لەسـەر دۆسـیەیەکی فەرمانگـەی جێبـەجێکردنی هـەولێر بـەژمارە (٢٠٠٤/٣٢١٤)، لـەم فۆرمـەدا دەستخراوەتە سەر حاڵەتێکی زۆر جیاواز کەتایبەتە بەو هەڵـەو لادانـە یاسـاییانەی کەئەو فەرمانگەیە تێیکەوتووە لەو دۆسییەدا، لەوانە ئەنجامدانی ڕێوشوێنی (تفتیش) پشکنینی ماڵی قەرزار و دەرکردنـی بڕیـاری دەسـتگیرکردن و شـکاندنی قاصـەی پـارە، چـونکە ئەنجامـدانی ئـەم ڕێوشـوێنە یاسـاییانە لـە دەسـەڵاتی دادوەری لێکۆڵینەوەیە بەپێی یاسای ( بنەما دادگەریـە سـزاییەکان- ژمـارە ٢٣ سـاڵی ١٩٧١) نەک جێبەجێکاری دادی،!!!

## پێشنیارەکان

لـەپێناو باشـترکردنی کـاری دادگاکـان و کەمکردنـەوەی پێشـێلکارییەکان و نەهێشتنی لەمپەر و ئاستەنگییەکانی بەردەم سەربەخۆبوونی دەسـەڵاتی دادوەری، ئەم چەند پێشێنیارە دەخەینەڕوو:-

- **سەبارەت بەئەنجومەنی دادوەری**

١- هـەموارکردنی یاسـای دەسـەڵاتی دادوەری لەهـەرێمی کوردسـتاندا، بەشێوەیەک بگونجێت لەگەڵ پێگە و سەربەخۆبوونی دەسەڵاتی داوەری.

٢- سـەرۆکی ئەنجومـەنی دادوەری وەک سـەرۆکی دەسـەڵاتەکە مامەڵـەی لەگەڵدا بکرێت، هاوتای سەرۆکی هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجبـەجێکردن بێت، نەک بەپلەی وەزیر دابنرێت.

٣- بودجـەی دەسـەڵاتی دادوەری لەلایـەن دەسـەڵاتەکەوە دابنرێـت و هـەر خۆشی مـافی خـەرجکردنی هـەبێت، نـەک لەلایـەن وەزارەتـی داراییـەوە رێنمـایی چۆنیەتی خەرجکردنی دەربکرێت.

٤- کـاراکردنی راگەیانـدنی دادوەری و کردنـەوەی بەڕێوەبەرایەتییـەکانی راگەیاندن لەسەرجەم دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی هەولێر و سلێمانی و دهـۆک و گەرمیان.

٥- ئەو بڕیـار و رێنماییانـەی کەلەئەنجومـەنی وەزیرانـی حکومـەتی هـەرێمی کوردستان و هەر دەسەڵاتێکی ترەوە دەردەچێت تەنها بۆ دامودەزگاکانی حکومەتە و ئەنجومەی دادوەری پێویسـتە سـەربەخۆیی خـۆی بپارێزێـت بەپابەنـد نـەبوون پێوەی

٦- دانـانی سـەرۆک و ئەنـدامانی ئەنجومـەنی دادوەری بـەمیکانیزمێکی دیموکراتیانە بێت واتە بەهەڵبژاردن و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.

٧- پـەیمانگای دادوەری و دادگـای کـارگێری بخرێنـەوە ژێـر دەسـەڵاتی ئەنجومەنی دادوەری.

## • سەبارەت بەدەسەڵاتی جێبەجێکردن

١- وەڵامپێدانەوەی بەپەلە بۆ هەموو داواکارییەکانی دەسەڵاتی دادوەری و پێشێلنەکردنی سەروەری یاسا و سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەریی.

٢- بەهێزکردن و راهێنانی بەشی یاسایی لەناو دامودەزگاکانی حکومەتدا.

٣- بەهێزکردنی دامودەزگاکانی پۆلیس بۆ راپەڕاندن و جێبەجێکردنی بڕیاری دادگاکان.

٤- لێسەندنەوەی کاری لێکۆڵینەوە بەچەند قۆناغێک لەدەزگاکانی ئاسایش و پێسپاردنی بەدەزگاکانی پۆلیس.

٥- سپاردنی بنکەکانی گرتن و گواستنەوە لەشارەکانی هەرێمی کوردستاندا بەوەزارەتی داد.

٦- درووستکردنی بینای نوێ بۆ سەرجەم بنکەکانی پۆلیس، بەشێوەیەک کە لەگەڵ بەرپرسیارییەتییەکانی سەر شانیاندا هاوتا بێت.

## • سەبارەت بەدادگاکانی لێکۆڵینەوە

١- زیادکردنی ژمارەی دادوەرانی لێکۆڵینەوە و راهێنانیان لەسەر ئەنجامدانی کاری لێکۆڵینەوە بەسوود وەرگرتن لەتەکنەلۆژیای سەردەم.

٢- هەوڵدان بۆ بەدەستهێنان و سوود وەرگرتن لەتەکنەلۆژیای سەردەم لەکاری لێکۆڵینەوەدا.

٣- زیادکردنی ژمارەی لێکۆڵەرانی دادی و بەشداریپێکردنیان لەخولی راهێنان (تیۆری و پراکتیکی) دواتر دەستبەکاربوونیان و گرنگی زیاتریان پێبدرێت لەڕووی توانای مادیی و مەعنەوییەوە.

٤- ئەنجامدانی کاری لێکۆڵینەوە و بەرپرسکردنی لێکۆڵەرانی دادی بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەدۆسیێکاندا و هەستانی دەزگاکانی پۆلیس بەجێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادوەرانی لێکۆڵینەوە و لێکۆڵەرانی دادیی، هەروەک لەمادەی ٥١ لەیاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکاندا هاتووە.

٥- دامەزراندنی نووسینگەی بەڵگەی تاوانی پێشکەوتوو لەهەر سێ شارە سەرکییەکەی هەرێمی کوردستان و پەیوەستکردنیان بەئەنجومەنی دادوەرییەوە.

٦- جیاکردنەوەی بینای دادگاکانی لێکۆڵینەوەی ئاسایشی هەولێر لەدەزگاکانی ئاسایش.

٧- گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست لەلایەن ئەنجومەنی دادوەرییەوە بۆ دانانی کاتێکی دیاریکراو بۆ یەکلاییکردنەوەی دۆسێکان.

- **سەبارەت بەدادگا مەدنییەکان**

١- زیادکردنی ژمارەی دادوەران و راهێنانیان لەسەر بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندیگرتن لەکاری دادوەریدا.

٢- هەوڵدان بۆ بەئەلەکترۆنیکردنی کاری دادگاکان

٣- دامەزراندنی کەسانی شیاو و شارەزا بۆ بەئەنجامگەیاندنی پێراگەیاندنی یاسایی لەداوکاندا.

٤- دامەزراندنی دادوەری بەرێوەبەردنی داوا لەپێش ئەنجامدان و هەواڵەکردنی داواکان بۆ دادبینی.

٥- جیاکردنەوەی کاری دادەوەریکردن لەکاری کارگێری لەناو دادگاکاندا.

٦- گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست لەلایەن ئەنجومەنی دادوەرییەوە بۆ دانانی کاتێکی دیاریکراو بۆ یەکلاییکردنەوەی دۆسێکان.

- **سەبارەت بەدادگا سزاییەکان**

١- زیادکردنی ژمارەی دادوەران و راهێنانیان لەسەر چۆنیەتی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و تۆمەتباران لەکاتی دادگایکردندا.

٢- دادبینکردنی هۆڵی دادگایکردنی گونجاو لەناو دادگاکاندا، بەجۆرێک لەگەڵ بنەما نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ و تۆمەتباراندا بگونجێت.

٣- گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست لەلایەن ئەنجومەنی دادوەرییەوە بۆ دانانی کاتێکی دیاریکراو بۆ یەکلاییکردنەوەی دۆسێکان.